د. رەفعەت ئەلسەعید

# مێزەرە لیبرالەکان

و. حسێن عوسمان نێرگسەجاری

لەبڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی

2006

# مێژەرە لیبراڵەکان

نوسینی: د.رفعت سعید

وەرگێڕانی: حسێن عثمان نێرگزەجاڕی

# پێڕست


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | مەلا ئازادیخوازەکانی کوردستانیش - ن/ حسین عثمان نێرگسجاڕی | |
| 2 | سەرەتا / د. رفعت سعید | |
| 3 | رفاعة الطهطاوی | |
| 4 | جمال الدين الأفغاني | |
| 5 | محمد عبده | |
| 6 | عبدالرحمان الكواكبي | |
| 7 | علي عبدالرازق | |
| 8 | احمد أمين | |
| 9 | الشيخ امين الخولي | |
| 10 | چەند خاڵێکی گرنگ / د. رفعت سعید | |
| 11 | سەرچاوەکان | |

پێشکەشە بە:

﴿ مەلا کاکە حەمەی حاجی سیف اللّه ﴾و

گشت مەلا ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازەکانی کوردستان

# شەوی یەلداو چەند مەشخەڵێك

ن / حسێن عثمان نێرگسجاڕی

سەردەمی رۆشنگەریی (تنویر)و پەرەسەندنی رۆحی نیشتمانیو نەتەوایەتی لە وڵاتانی سەر بە خەلافەتی عوسمانیدا وەك میسرو عێراقو كوردستان, لە دەزگا ئاینیو رۆشنبیرانی ناو توركیاو شێخەكانی تەریقەتەوە چەكەرەی كردو سەریهەڵدا, باشترین نموونەیش: مەولانا خالدو شێخ عبیداللە نەهریو شێخانی بارزانو مەلا محمدی جەلیزادەو حاجی قادری كۆیی.

لەكاتێكدا رفاعەو جەمال الدینی ئەفغانیو عبدالرەحمان كواكبیو محمد عبدەو چەندینی تر بزووتنەوەیەكی (ریفۆرمی ئاینی) لە هەناوو بونیادی خودی ئاینی ئیسلامەوە دەستپێدەكەنو رۆڵی یەكجار كاریگەر دەگێڕن لە دامەزراندنی میسری نوێو خوێندن بەشێوەی سەردەم – ئا لەم كاتەدا بزووتنەوەی تازەگەرییو ئازادیخوازیی لە كوردستاندا لە رۆشنبیرانی ناو توركیاو حوجرەی فەقێو خانەقاكانەوە پەرەیسەند, وەك لە سەرەوە ئاماژەمپێدا.

ئەورێبەرانەی لەم كتێبەدا باسكراون, ئاڵای تازەكردنەوەو ژیاندنەوەی ئیسلامیان بەرزكردەوە, ئەفغانی بەتوندی خەباتی بۆ ئەوە دەكرد كە دەرگای ئیجتیهاد لەسەر دەقەكانی شەریعەت بكرێتەوەو لەگەڵ هەلومەرجی دونیای نوێدا خۆیان بگونجێنن.

لەم كتێبەدا (د. رفعت سعید) بەوردیی باسی بیروڕای ئەو رابەرانە دەكات, منیش لەم پێشەكییەدا تەنها ئاماژە بۆ چەند بیرو بەسەرهاتێكی ئەفغانی دەكەم كە (د.رفعت) باسی نەكردوونو پێدەچێت بەگرنگی نەزانیبێ, منیش بەنیازی ئەوەی خوێنەری كورد چەواشە نەبێت – باسی هەندێك لەو بیرو بەسەرهاتانەی ئەفغانی دەكەم.

لەبارەی شوێنی لەدایكبوونو مەزهەبی ئاینیەوە, هەندێك دەڵێن ئێرانییەو هەندێك دەڵێن ئەفغانیە, ئەوانەی بە ئێرانی دەزانن دەڵێن شیعە بووە.

لە ساڵی 1875 داو لەسەر داوای خۆی لە مەحفەلی ماسۆنی قاهیرە وەرگیراوە, لە ساڵی 1878 دا بووە بە سەرۆكی مەحفەلەكەو دژایەتی حكومەتی میسری كردووە, لە ئەنجامی ناكۆكی, ئەم مەحفەلە جێدەهێڵێتو خۆی مەحفەلێكی ماسۆنی لە قاهیرە دائەمەزرێنێت.

سەرچاوەكان باسی ئەوە دەكەن كە مەحفەلی دووەم سەر بە مەحفەلی ماسۆنی رۆژهەڵاتی فەرەنسا بووەو یەكەمیش سەر بە ئینگلیزەكان. لە ساڵی 1880 دا كتێبی (الرد علی الدهريين)ی داناوە, پاشان سەردانی ئەمریكای كردووە, لە ساڵی 1885 دا لەسەر داوای (ویلفرد سكاون بلنت)و بە مەبەستی گفتوگۆ لەگەڵ گەورە كاربەدەستانی بەریتانیا دەچێتە (لەندەن).

لە ساڵی 1886 و لەسەر داوای (ناصرالدین شا) دەچێتە ئێرانو لەوێشەوە سەردانی روسیا دەكات, پاشان دێتەوە بۆ ئێرانو ماوەیەك دەمێنێتەوە, دواجار بە فەرمانی شا لە ئێران دووردەخرێتەوە بۆ عێراقو دەچێتەوە بۆ ئەستەنبووڵو لە ساڵی 1895 دا بە نەخۆشی شێرپەنجەی پووك دەمرێت. (بڕوانە كتێبی (بیری ئوسووڵی ئیسلام / فوئاد مەجید میسری / ل 123,129).

دیارە ئەم هەموو جێگۆڕكێو چالاكییە لە دوو مەحفەلی ماسۆنیدا خۆی لە خۆیدا جێگەی تێڕامانو پرسیارە, لە مەسەلەی جیاوازی ئاینیدا ئەفغانی دەڵێت: (لە مەسەلەی یەكتاپەرستیدا جیاوازییەك لەناو ئەو سێ ئاینەدا نییە), هۆی جیاوازی سێ ئاینەكە پەیوەندی بە خودی خۆیانەوە نییە, بەڵكو تاوانی ئەوانەیە كە جڵەوی كاروباری ئاینییان بەدەستە, (ئاشكرا دیارە كە بازرگانی بە ئاینەوە دەكەن) (بڕوانە هەمان سەرچاوە / لاپەڕە 130.

من پێبزانم یەكێك لە چالاكییە بنەڕەتییەكانی ماسۆنی لەو رۆژگارەدا دژایەتیكردنی جیاوازیی ئاینیو مەزهەبیو نایەكسانی بووە, ئەفغانیش دەیویست بیسەلمێنێت كە ئاینی ئیسلامیش كراوەیەو دەشێت بگونجێت لەگەڵ هەموو بارودۆخێكی ژیانی سەردەمدا, دەشێت بەم نیازەش خزابێتە نێو دوو مەحفەلی ماسۆنی.

دانەری ئەم کتێبە (د. رفعت سعید) چەندین هەڵوێستی نامۆو دژبەیەکی ئەفغانی باسکردووە, باسی نەخشەی تیرۆرکردنی (خدێوی تۆفیق)ی میسری کردووە, کە سپاردویە بە (محمد عبده)و سەرنەکەوت, بەڵام ئاماژەی نەکردووە بۆ چەندین سەرچاوەی مێژوویی کە دەڵێن کوشتنی (ناصرالدین شا)ی ئێران بە فەرمانی ئەفغانی بووە.

ئەفغانی بە کتێبی (الرد علی الدهریین) دژی تیئۆری (داروین) وەستا کە لە ساڵی 1859 بە ئینگلیزی بڵاوکرایەوە بە ناوی (أصل الانواع), ئەفغانی لەو کتێبەدا ئیسپاتیدەکا کە کتێبەکەی داروینی نەخوێندۆتەوە, بەڵکو پشتی بە قسەی دەماودەم بەستووە, چونکە ئەفغانی ئینگلیزی نەزانیوە, وە ئەو کتێبەی داروین هەتا ئەو کاتە وەرنەگێڕدراوە بۆ سەر زمانەکانی ئاسیا, لەو کتێبەدا ئەفغانی زۆر شتی باسکردووە کە داروین نەیگوتووە, وەك (تەنها بە نموونە): (ئادەمیزاد لە پێشدا مەیموون بووە), بەڵام لەپاش چەند ساڵێك ئەفغانی لە هەڵوێستەکانی دژ بە: شۆڕشی فەرەنساو بە سۆشیالیستیو بە (داروین) پەشیماندەبێتەوە, وەك لەم کتێبەدا بە درێژی ئاماژەی پێدراوە.

مەبەستم لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە (عمائم لیبرالیة في ساحة العقل والحریة), خزمەتی میانڕەویو ئیعتداله لە ئایندا, هەرچەند من پێبزانم ئاین لە کوردستانداو (بەزۆری) بە میانڕەویو ئیعتدال (ممارەسە) کراوە, بەڵام لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەوە کەمینەیەکی بچووك لە پیاوانی ئاینی کوردستان تێکەڵی پارتە (ئاینییە سیاسییەکان)ی جیهانی عەرەب بوونو توندڕەوییان خستە بواری ئاین لە کۆمەڵگەی کوردستانداو بەرئەنجامی ئەو تێکەڵبوونەش بە خزمەتکردنی نەتەوەی عەرەبو عەرەبچێتی شکایەوە, وە گەورەترین زیانیدا لە خودی ئیسلامو لە کۆمەڵگەی کوردەواریش..

لە قورئانی پیرۆزو گوتەکانی پێغەمبەردا سەدان ئایەتو حەدیسو رووداو هەن کە هەموویان خزمەتی میانڕەوی دەکەن لە ئایندا, وەك (تەنها بە نموونە) ئەمانە*:

* (ولو شاء ربك لآمن من في الارض جمیعا, أفأنت تكره الناس حتی یكونوا مؤمنین – یونس / 99 , ئەگەر خودا کەیفی لێبا هەموو خەڵکی ئەم زەمینە تێکڕا باوەڕیان دەهێنا, ئاخۆ تۆ دەتەوێ بەزۆر ئەم خەڵکە بڕوابێنن؟).

* (فان اعرضوا فما ارسلناك علیهم حفیظا, ان علیك الا البلاغ – شوری / 48 – ئەگەر باوەڕیان نەهێنا, ئێمە تۆمان بۆئەوە نەنارد لەسەر ئەوانە پاسداربیت, تەنها ئەوەت لەسەرە مەبەستەکە رابگەیەنیت).

* ادع الی سبیل ربك بالحكمة والموعظة الحسنة, وجادلهم بالتي هي احسن – سورة النحل / 125 – بە کارزانیو ئامۆژگاری پەسەند خەڵك بەرەو رێگەی باش بانگبکەو بە چاکترین شێوە لەگەڵیانا بدوێ).

* (فذكر انما انت مذكر لست علیهم بمسیطر – سورة الغاشیة) ئایەتەکانی 21 و 22, سا تۆ ئامۆژگارییبکە, ئەتۆ هەر تەنیا پەندێری, تۆ لەسەریان نەبویە خاوەن دەسەڵات)..

من لێرەدا باسی تەنها زانایەکی ئاینی کورد ئەکەم کە لە خودی دەزگای ئاینیو بە جلوبەرگی ئاینییەوە ئاڵای ئازادیو تازەگەریی هەڵگرت, من دڵنیام چەندین مەلای وەك (مەلا کاکە حەمە) لە کوردستاندا بوونو هەیشن, خۆزگە رۆشنبیرێکی شارەزای ئەم بوارە (د. رفعت سعید) ئاسا, کتێبێکی دائەنا بەناوی (مەلا ئازادیخوازەکانی کوردستان), دیارە کتێبێکی لەمجۆرە مێژووی رۆشنگەرییو تازەگەریی لە کوردستاندا دەوڵەمەنددەکات.

---

* راڤەی ئەم ئایەتانە لە (تەفسیر)ی هەژاری موکریانی وەرگیراون – وەرگێڕ.

## (مەلا كاكە حەمەی حاجی سیف الله)

زانایەكی ئاینی كوڕە دەوڵەمەند بوو, لە سلێمانیو لە ساڵانی بیستەكانی سەدەی (20)دا واز لە نازو نیعمەتو خۆشگوزەرانی شارو بگرە خێزانیش دەهێنێت, خۆی تەرخاندەكات بۆ پرۆژەیەكی سەختو دژوار, ئەویش فراوانكردنی خوێندەواری بوو لەناو گوندو خێڵە كوردەكانداو دەڵێت: (شەرتمكرد بە هەموو هێزی خۆم بێ ئەوەی خەیاڵی لەزەتی بەشەری بێتە مێشكماو خەریكم بكات, بەقەد توانا ژیان لەم خزمەتەدا دوایی بهێنم, رووبكەمە عەشایەری دوور لە شارو شارستانیو لە ساڵی 1926دا چوومە ئەو شوێنانەی كە (ئەغلەب – بەزۆریی) لەو خزمەتە بێبەشن).

ئەم كەڵە زاناو رۆشنبیرە شۆڕشێكی لە بواری خوێندنو فێركردندا هەڵگیرساند كە لەناو كوردا بێ وێنە بوو, مەلا كاكە حەمە – وەك مامۆستا شاكر فتاح دەڵێت: لە نێوان خوێندن بە شێوەی كۆن – فەقێیەتی)و (خوێندنی نوێ)دا جۆرە سیستمێكی داهێنا كە لە ماوەی (5) ساڵدا قوتابیانی ئەو هێندەی دەرچووی ئامادەییان دەزانی.

رفاعە كە پاش (5) ساڵ لە پاریس گەڕایەوە خدێوی میسری قایلكرد قوتابخانەیەكی فێربوونی فەرەنسی بكاتەوە, خۆی بە گوندەكانی میسرداو بە حوجرەكاندا دەگەڕا بۆ هەڵبژاردنی قوتابی زیرەك, بەڵام مەلا كاكە حەمە بەبێ پشتگیریی دەوڵەت و تەنها بە پشتیوانی جوتیارانو هەندێ ئاغای ناوچەكانی كفریو داودەو كەركوكو (باقوبەرە) (لەناوچەی هۆرێنو شێخان) هەر (5) ساڵ جارێك لە ناوچەیەكدا قوتابخانەیەكی دەكردەوە بۆ منداڵانی چەند گوندێك, زیاتر لە (44) كتێبی دانابوو, یان وەریگێڕابو (كۆمەڵایەتی – بیركاری – ئەندازە – مێژوو – جوگرافیاو وەرزش) لەكاتی پشوویشدا سەیرانی پێدەكردن, لە وەرزەكانی كشتوكاڵدا خۆی لەگەڵ قوتابییەكانیدا كاریاندەكردو بۆ وەرزی زستان زەخیرەیان دەخست.

مامۆستای نەمر (مصطفی نەریمان) لە ساڵی 1947 دا سەردانی مەلا كاكە حەمە دەكات لە گوندی (چەوری) ناوچەی داودەی نزیك دووز, لە كتێبی (مامۆستای نەمر)دا مامۆستا نەریمان باسی ئەو سەردانە دەكاتو دەڵێت: (مەلا كاكە حەمە بڕیاری چوونە هەرێمێكی بدایە, لەپێشدا پیاوماقووڵەكانی ئەو ناوچەیە پارەیەكی باشیان كۆئەكردەوە, قوتابخانەیەكی (3 – 4) ژووریيان پێدروستدەكرد, كورسیو قەرەوێڵەو پێداویستی ماڵیان بەو پارەیە دەكڕی, پارەكە لەلای لیژنەیەكی خەڵكی ناوچەكە بوو مامۆستا ئەنگوستی بۆ درهەمێك نەئەبرد, خواردن, ئیشكردن – خەوتنو هەستان – وەرزشو سروود خوێندنو گەشتكردن (بە) بەرنامە بوون, جووتیارێكی گوندی (چەوری) بە مصطفی نەریمانی گوتبوو: باوەڕبكە ئەفەندی, منداڵەكانمان وا كەمەندكێشی (عاشقی) مامۆستا بوون, ئێمەیان لەبیرچۆتەوە, مانگی جارێكیش ناگەڕێنەوە بۆ سەردانمان.

مەلا كاكە حەمە دەیگووت: ﴿غایەمان تەنها خەبەربوونەوەی (خەولێخراوەكانە) لە قەومە هەژارە نەجیبەكەمانو خەیاڵی كیبرو خۆپەرستیو قازانجی شەخسی لە (مێشكدەركردن)و هەموان (خزمەتی یەك كردنە)و بە واجیب زانینەو هیچیتر﴾.

هەتا ئێستا (دوو) كتێبو چەندین وتار لە گۆڤارو رۆژنامەكاندا لەبارەی مەلا كاكە حەمەوە دەرچوون, بەرهەمو نوسراوەكانی لەلای كوڕەكانی مامۆستا جەلالە فەنی پارێزراون, خۆزگە ئامادەئەكران, وەك زەخیرەو ئاسەوارێكی كەلتوریو رۆشنگەری لە كورستاندا بڵاودەكرانەوە.

هیوادارم رۆشنبیران بكەونە پەیجۆرو سۆراخ بۆ دەوڵەمەندكردنی مێژووی خەباتی رۆشنگەرییو تازەگەریی لە كوردستاندا.

# سەرەتا

کە سەرقاڵی نووسینی کتێبی (التيارات السياسيه في مصر) بووم، دەمزانی تەوژم (تیار)ێکی کاراو گرنگ هەیە لە فەزای ژیانی میسردا کە لیبرالیزمە، لە کۆتایی کتێبەکەدا ئەمەم نووسی و بەڵێنم بەخۆم و بە خوێنەردا کە ئەم ئەرکە ئەنجامبدەم.

زۆریش لە خوێنەران و شیکاران و رەخنەگرانی ئەم کتێبە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە پێویستە لەبارەی (لیبرالیەت)یشەوە بنووسم، منیش بەڵێنی خۆم بۆ خوێنەر بەجێدێنم. نووسین لەبارەی (لیبرالیەت) ئاسان نییەو بگرە زۆریش سەختە، لیبرالیەت هەڵوێستە، بە نموونە کە سەردانی پیاوانی ئایینی دەکەیت، چەندین بۆچوون و هەڵوێست دێنە پێش، هەندێکیان هەڵوێستیان بەرامبەر مەسەلەیەك (لیبرالانە)یەو هەندێکیان وانییە، بۆ ئەوەی خوێنەریش زوڵم لە کەس نەکاو کەسیش پەراوێزو پشتگوێ نەخات، پێویستە بە وردیی بخوێنێتەوە، لەنێوان بۆچوون و هەڵوێستی لیبرالی و نالیبرالیدا بەراوردبکات، ئەم بۆچوون و خیتابەی من نەك تەنها بۆ پیاوانی ئاینییە، بەڵکو بۆ رۆشنبیران و پارتی (وەفد)یشە.

لەم (سەرەتا)یەدا کە ئەم شتانە باسدەکەم، بەو نیازەی خوێنەر هوشیارانە بتوانێت هەڵوێستی لیبرالیانەو نالیبرالیانە لە یەکدی جیابکاتەوە. لەپێشدا دەبێت مانای (لیبرالیەت) بزانین و خەڵك ئەم وشە ناعەرەبییە (عەجەمییە) بە چ مەبەستێك بەکاردەهێنن، من پێبزانم جگە لە (رفاعة طهطاوي) کەس لە زمانی عەرەبیدا هاومانای بۆ دیارینەکردووە، یەکەمجار (رفاعة)، (باوکی وەرگێڕە میسریی و عەرەب، بگرە باوکی لیبرالییەکانیش)، وشەی (ئازاد)و هەوادارانی لیبرالی بە (ئازادیخوازان – الحريين) دیاریکرد، ئەم مانایە لەڕووی زمانەوە زۆر نزیکە لەراستییەوە هەرچەند بۆ ئێمە نامۆیە ( Libre – حر – ئازاد) وشەی (حری)ش لەوەوە هاتووەو کۆدەکرێتەوە بە حوریین) وەك (مصر , مصريون).

لەوکاتەوە (وەرگێڕەکان) هەوڵی ئەوەیان نەداوە کە وشەیەکی دی بۆ (لیبرالیەت) بدۆزنەوە، لەوانەیە هۆی ئەمەیش رێزگرتن بێت لە شێخەکەیان، لەوانەیشە لەم وشە وردترو باشتریان نەدۆزیبێتەوە. ئێمە ناچارین بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگەکان، بەتایبەتی وشەی (لیبرال)و فەزای مانای پەیوەندە بە ململانێ تیژەکانی فیکر، دەکرێت لە فرە ماناو پێناسەکانی لیبرالیەت هەر کەس بۆ خۆی ماناو مەبەستێك بۆ (لیبرالیەت) هەڵبژێرێت.

فەرهەنگی ئۆکسفۆرد دەڵێت: (کەسی لیبراڵ، بەمانا زەین رۆشن و کراوە، نادەمارگیر – غير متعصب – لایەنگری ریفۆرم و دیموکراتی).

مارکسییەکان یان هەندێکیان پێناسەیەکی تریان هەیە: لیبرالیەت کە لاتینییە Liberalis بەمانا ئازادە، جۆرێکە لە فەلسەفەی سیاسی و لە سایەی سەرمایەداریدا دەرکەوتووە، رەگ و ریشە فیکرییەکانی دەگەڕێنەوە بۆ رێبازەکانی (لوك)و رۆشنفیکرە فەرەنسییەکان، بەتایبەتی لە سەدەکانی (17 – 18)دا لیبرالیەت نوێنەری بەرنامەی ئایدۆلۆژی چینی بۆرجوازی تازەپێگەیشتوو بوو، کە دژی پاشماوەکانی (دەرەبەگایەتی) تێدەکۆشان و تاڕادەیەك رۆڵێکی پێشکەوتنخوازانەیان بوو، تێدەکۆشان بۆ: پاراستنی خاوەندارێتی تایبەت (الملكية الخاصة)، بۆ کێبەرکێی ئازادانە (المنافسة الحرة)، بۆ داڕشتن و پتەوکردنی پرنسیپەکانی (دیموکراتی بۆرجوازی)، بۆ برەودان بە ژیانی دەستوری و سیستمی جەمهوری.

کە سیستمی سەرمایەداری چووە قۆناغی ئیمپریالی – لیبرالیەت بە توندی داکۆکی لەوە دەکرد کە پێویستە دەوڵەت لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا رۆڵی بەهێزو کاریگەری هەبێت، وە لیبرالیەت لایەنگرو پشتیوانی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بووە.(2)

پێناسەی سێیەم دەڵێت:

(لیبرالیەت بیردۆزێکی سیاسییەو نزیکە لە پلەی (ئایدۆلۆژیا)، باوەڕی بەمەیە کە ئازادی بناغەی پێشکەوتنە، دژی دەسەڵاتی رەهایە چ دنیایی و چ ئاینی). (3)

خوێنەر ئازادە چ پێناسەیەك هەڵدەبژێرێت، دیارە هەموو پێناسەکان دەچنەوە سەر چەندین رەگ و ریشەی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر، ئێمەیش بۆمان نییە هیچ پێناسەیەك بەسەر کەسدا بسەپێنین.

لەم سەرەتایەدا گوتمان لیبرالیەت هەڵوێستە بەرامبەر کێشەی ئازادی و عەقڵ، زۆرجاریش هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتییە، بگرە لە گشت بوارەکانی ئاین و کەلتورو سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ......لیبرالی و لیبرالیخوازان هەن و رۆڵی راستەوخۆیان هەیە.

بە نموونە: ئەگەر لیبرالیەت پشت بە توانا و گوتاری عەقڵی ببەستێ نەك بە گوتەی رابردوو، ئەمە مانای ئەوە نییە پشتبکەینە کەلتورو پێشینە، بەڵکو ئەوانەی لەگەڵ ئاوات و بەرژەوەندی ئێمەدا ئەگونجێن، ژیرانە هەڵیانبژێرین، لێرەدا نوێخوازی کە هەڵوێستێکی لیبرالیە، پشت بە هەڵوێست و ئارەزووی ئێمە دەبەستێت.

لە کەلتوری هەڵبەستی عەرەبدا، چەندین نموونە و هەڵوێست دەبینین:

بە نموونە ئەم شیعرانە:

ئێمە خەڵکانێکین رێزو شکۆمان
ناوبانگی هەیە
هەتا ئازارمان نەدەن
ئازاری هیچ کەس نادەین

لەهەمان کاتیشدا ئەم هەڵوێستەیش دەبینین:

جیهان و بوونەوەرکانی
موڵکی ئێمەن
هەرکات ئارەزوومان لێبێت
دەستی قورس دەوەشێنین توانامان هەیە
کەس نەیتوانیوە زۆرمان لێبکات
ئێمە لە زوڵم و ستەمدا دەستپێشخەرین
ئێمە ئاوی روون دەخۆینەوە
خەڵکیش با ئاوی لێڵ و قوڕاو بخۆنەوە

بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لەم دوو هەڵوێستە، خەڵك ئازادە، بگرە هەڵبژاردنی هەڵوێست نەك تەنها کارێکی ئەخلاقییە، بەڵکو هەڵوێستێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و پەیوەندیشە بە کۆمەڵگاوە، بگرە لە بواری ئابووریشدا و لە کەلتوری ئیسلامیشدا – بە نموونە – چەندین هەڵوێستی (دژبەیەك – متعارض) رەچاودەکەین، (قازی عبدالجبار)ی سەر بە (معتزلة) هۆکانی گرانی و بەرزبوونەوەی نرخ بەمجۆرە باسدەکات:

(هۆی گرانی، کەمی کاڵایە و زۆری داواکار، یان زۆریی خەڵکانی هەژارو کەمی کاڵا، گرانی و بەرزبوونەوەی لەڕادەبەدەری نرخ دەستکردی زاڵم و ستەمکارانە، ئەمەیش دەبێتە هۆی گەندەڵی بۆ زۆربەی هەژاران، گەورەی وڵات پێویستە بێتە ناو کێشەکەو نرخ بۆ کاڵاکان دیارییبکات بە جۆرێك گوزەرانیان بۆ ئاسانبکات.) (4)

بەڵام ئیمامی (باقلانی) کە (ئەشعەری)یە بۆ گرانیو هەرزانی نرخ دەڵێت:

(گرانیو هەرزانی نرخ دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستیو ئارەزوو, گشت نرخەکانیش بەدەستی خودایە, چونکە ئەو ئارەزووەکانی خولقاندووە بۆ کڕینو هۆکاری رەخساندووە بۆ قۆرخکاری (احتکار). (5)

ئەمانە دوو هەڵوێستو بگرە دوو عەقڵیەتن, هەڵبژاردنی یەکێك لەو دوو هەڵوێستەو هاوشێوەکانیان, هەڵوێستەکان لەیەك جیادەکاتەوە یاخود بەرژەوەندییەکان, با نموونەیەکی دی وەربگرین:

(أبو حامد الغزالي) خۆی دوورەپەرێز دەگرێت لە بەکارهێنانی عەقڵو هیچ رۆڵێکی پێڕەوانابینێ, گەردوون لەلای غەزالی سێ جیهانە:

جیهانی نەبڕاوە: ئەم جیهانە, نەبڕاوەیەو نەگۆڕەو جیهانی راستییەکانە (حقائق), کەسیش ناگات بەو جیهانە, تەنها بە تێگەیشتنو ژیریی سۆفیانە نەبێت, جیهانی هێزو دەسەڵات (الجبروت), ئەمەیش تەنها بە تێگەیشتنو ژیریی سۆفییانە پێیدەگەینو لێیدەگەین.

جیهانی موڵك (الملك): لەبەرچاوەو هەستیپێدەکرێت, غەزالی بەردەوامە لە جەنگی دژە عەقڵ, ئەو دژی رەشە خەڵکە (رعیة) کە نزیك نەبنەوە لە زانستو کارە عەقڵانیەکانو دەڵێت: (بە خوێندنی زانستی کەلام (فەلسەفە – و.)و نەحوو صەرف, تەمەنت بێهوودە دەڕوات, رۆڵە! من دەزانم تۆ پێویستت بە زۆر زانست نییە, من ئێستا بۆت باسدەکەم کە بە چ رێگایەك دەگەیتە حەق, باش بزانە ئەوەی بە شوێنی هەقدا دەگەڕێت پێویستی بە شێخێك هەیە پەروەردەی بکاتو رەوشتو ئەخلاقی خراپی لێفرێداتو ئەخلاقی جوان بخاتە شوێنی. (7)

ئەمەو دەیان هەڵوێستی دژ بەیەکی (متعارز) (ابوحامید الغزالی) کە روونو زانراونو باسکردنیان پێویست نیە.

نموونەیەکی تر: هەڵوێست بەرامبەر فەرمانڕەوای زاڵمو ستەمکار: لە کاتی (ابوبکر)دا چەندین گوتەو دەق هەیە کە دەبێتو فەرزە دەسەڵاتدار ملکەچی ویستو ئیرادەی گەل (رعیت) بێتو عادل بێت. بەڵام ئاین بوو بە بیانوو دەمامكو سەنگەرێك بۆ هاریکاریو پشتگیری حاکمی زاڵم، هەرچەند ئایەتی قورئانی پیرۆز دەڵیت: (من یقتل مؤمنا فجزاؤه جهنم خالدا فیها غضب الله علیه ولعنه واعد له عذابا عظیما) کەچی (ابن کثیر) دەڵێت: (قاتل بۆی هەیە تۆبە بکات... کە تۆبەی کرد خوا خراپەکانی بۆ ئەکات بە باشەو کوژراویش خودا قەرەبووی زوڵمی بۆ دەکاتەوەو زاڵمەکەی خۆی ئازاد دەکات).

دەسەڵاتدار بۆ پاساودانی زوڵمو ستەمی چەندین بیانووی ئامادەی هەیە، زوڵمو دەسەڵاتی بەردەوامەو کەس بۆی نیە سنوری بۆ دابنێت، دەسەڵاتی فەرمانڕەوا لە (بیعة)ە وە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەتە (ئەبوالحسن الماوردي) (8) دەڵێت:- (کۆمەڵی خاوەن رەئی کە بەیعەتو رەزامەندیان بۆ ئیمام چەسپاند، هیچ بوونەوەرێك (مخلوق) بۆی نیە هەڵیوەشێنێتەوە، چونکە گەل (رعیە) بە پێی ئەو بەیعەتە دەبێت ملکەچبێتو بە پێی توانا پشتگیری ئیمام بێت، نابێتو دروستنیە بە هیچ جۆرێك لە ئیمام هەڵگەڕێنەوەو گوێڕایەڵی نەبن).

بەڵام ئیمام (ابوبکر الطرطوشي) بۆ ئیمامو گەورەی زاڵم بیانوو پاساو دەهێنێتو بگرە ستەمو زوڵمکردن بۆ ئیمام بە واجبو پێویست دەزانێتو دەڵێت:- (خودای گەورە مرۆڤی لە ئەزەلدا بەبێ ئینساف دروستکردووە، ئەگەر گەورەو سوڵتانێکی زاڵو بەتوانای نەبێت کارەکانی سەقامگیرنابنو ژیانو گوزەرانی جێگیرنابن، یەکێك لە حیکمەتەکانی دەسەڵاتی سوڵتان ئەمەیە کە خودی ئەو دەسەڵاتە بەشێکە لە نیشانەکانی خودا لە دنیاداو بەڵگەیشە بۆ یەکبوونی خودا، گشت جیهان لەژێر دەسەڵاتو سوڵتانی خودایە وەك چۆن یەك وڵات بەدەست سوڵتانە).

پاشان دەڵێت:- (ئەگەر سوڵتان زاڵ بوو بەسەر گەلدا, سوودە گشتییەکان بۆ هەموو کەس دابیندەبن، خوێنی خەڵك ناڕژێت و حەیاو شەرەفی خێزانەکان پارێزراو دەبن، بازاڕەکان ئاوەدان و گەرمتردەبن و ماڵ و سامان پارێزراو تر دەبن) (9).

ئەوەی ئێمە مەبەستمانەو بە گرنگی دەزانین - ئەو هەڵوێستانەن کە دژی ئەمجۆرە هەڵوێستانەن، دژی ئەم هەڵوێستانەش زۆرن و بە درێژی مێژووی خەلافەتی ئیسلامی رۆڵیان بووە، وە لە مێژووی میسری هاوچەرخدا زۆرن ئەوانەی کە دژی ئەو هەڵوێستانە بوون، ئەوەی لەم کتێبەدا لای ئێمە گرنگە ئەو جۆرە کەسانەن، ئەم هەڵوێستە نامۆیانە شۆڕدەبنەوە بۆ دۆخی نووسین و رۆمان و هەڵبەستیش، بە نموونە:-

- خەلیفەکە گوتی (نا) ئێمەش هەر (بەڵێ)مان لەسەرە. یان دەڵێت:-
- لە رۆژگارو سەردەمی ئێوەدا ئاسەواری زوڵم تەنها لە چاوی شۆخ و پەرییەکاندا ماوە. بەڵام شاعیرێکی تر دژی زوڵمی سوڵتانەکان دەوەستێت و دەڵێت:-
- خۆیان هێسترن و بە خراپترین شێوە شێر رادەهێنن، هەرگیزیش لەمەوپێش رووی نەداوە هوشتر شێر رابهێنێت, ئەمانەو سەدان نموونەی زیندویتر...

* * *

لیبرالیەتیش بە کردنی (بەکردار) تەواو دەبێت، لەمڕۆژگارەی ئەمڕۆدا  هەموو حاکم و گەورەیەك باس لە رێزگرتنی ئیرادەی گەل و ئازادی گەل و بگرە گشت ئازادییەکانی گەل دەکەن وە بە گوتن و بەنوسین و بەکردار بانگەشەی  بۆ دەکەن، بەڵام قسە شتێکەو واقیعیش شتێکی دی.

هەروەهاش تاکەکانی کۆمەڵ، دەبینین هەندێکیان و بگرە زۆریشیان خوازیاری ئازادین بۆ خۆیان، بەڵام بە ئازادی خەڵکی تر پەستن و بگرە پێشێلشی دەکەن، (باشترین نموونە هەڵوێستی پیاوی رۆژهەڵاتە بەرامبەر ئافرەت، دەبینین لە ماف و ئازادی ئافرەت دەدوێت، بەڵام کە گەشتە خۆی هەموو مافەکانی ژن پێشێلدەکات).

لیبرالیەت وەك رۆشنگەریی، زۆر جار لە سنووری  کەسێکدا چەق دەبەستێت و رووناکی تەنها بۆ خۆی دەبێت و لیبرالیەت و رۆشنگەری لە خودی خۆیدا قەتیس دەکات، ئەمەیش (لانیکەمی ئیمانە)و بگرە ئیمانیش نیە، ئێمە رۆشنبیرێکمان پێویست نیە کە خۆی بۆ خۆی بە عەقڵی رۆشنەوە رابوێرێت و بەس، بەڵکو رۆشنفکرێکمان پێویستە کە بەکردار بچێتە کۆڕی رۆشنگەری و بۆ هۆشیارکردنەوەی گەل تێبکۆشێت.

فەرمانڕەوا هەندێك جار لیبرالیەت و ئازادی بەشبەشدەکات، ئەگەر نیشتمانی بوو خەبات بۆ ئازادی نیشتمان دەکات بەڵام ئازادی هاوڵاتی پێشێلدەکات و دەیکوژێت، یان بۆ (ئازادی ئابووری) تێدەکۆشێت بەڵام دژی ئازادی هاووڵاتیە — وەك روویدا - بەمجۆرە کارەکە ئاسان نیەو ئاسانیش نابێت، دەسکەوتنی لیبرالیەتی راستەقینە لە دەریایەکدا کە پڕە لە نرکەو شەپۆلی بێکۆتایی لە: درۆزنی سوڵتان و تێگەیشتنی داخراوو رەفزکردنی عەقڵ و پشتبەستنی بە (نقل)و دەقە کۆنەکان و گەڕانەوە بۆ رابردوو, رەتکردنەوەی خەبات بۆ پاشەرۆژ.

تێکۆشان لە دۆخێکی لەمجۆرەدا سەختەو بگرە (سەرەڕۆیی)و جەربەزەییە.. هەندێك جاریش بە شێوەی داخراوو هێما دەبێت.. هەندێکجاریش قسەیەکەو لە چرکەساتێکی لاوازیدا لێی پەشیمان دەبنەوە, بەڵام هەرچیەك بێت ئێمە بەردەوام هەوڵئەدەین و هیواداریین ئەو بەڵێنەی کە داومانە بە خۆمان و خوێنەر بیبەینەسەر.

هیوادارم چەند نموونەیەکی لیبرالی تەواو پێشکەشبکەم، ئەمەیش نەك بۆ رابواردنو چێژی گێڕانەوەو باسکردن، بەڵکو بەزۆریی بۆ بەهێزکردنی بەهاو نرخی عەقڵو پایەکانی لیبرالیەت، بۆ چوونە کۆڕی جەنگی (داکۆکیکردن لە عەقڵو لیبرالیەت)و بە هیوای بوونی بە (ئاواتێکی نزیك).

بەڵام بڕیاردانی نووسین زۆر ئاسانترە – هەرچەند دوو دڵیشین – لە کاری خودی نووسین، بۆیە کە دەستمپێکرد تێگەیشتم (مەسئولیەتێکی) یەکجار سەختەو ئەرکێکی گرنگە، بۆیە بڕیارمدا پرۆسەکە بە دوو قۆناغ بێت، یەکەم ئەم کتێبە بە ناوی (عمائم لیبرالیة فی ساحة العقل والحریة) بێت.

ئەم کتێبە هەوڵئەدات تەنها باسی لیبرالیەتو ئازادیخوازی (شێخ)ەکان بکات، جەنگو ململانیان بۆ داکۆکیکردن لە عەقڵو رۆشنگەریو ئازادیو نوێخوازی... دیارە ئەم جەنگو ململانە لە مێژووی لیبرالیەتی میسردا یەکجار سەختە، دڵنیام ئەم جەنگە سەرەتایەك بێت بۆ ئاسانکردنی لیبرالیەتی رۆشنبیرانو سیاسیە هاوچەرخەکانی میسر.

بە جێهێنانی ئەم بەڵێنە نامبەخشێت کە بەشی دووەمی بەڵێنەکەم جێبەجێ نەکەم ئەویش:– لیبرالیەتی رۆشنبیرو سیاسیەکانی هاوچەرخ)ە.

هیوادارم تەمەن بوارم بدات بەڵێنەکانم بەجێبهێنم وەگەرنا داوای لێبوردن دەکەم.

**د. رفعت السعید**

**ئازار : 2003**

**سەرچاوەکان**


1) د. رفعت السعيد – التيارات السياسية فى مصر، الماركسيون – الاخوان المسلمون – الناصريون، التجمع/ القاهرة – دار الامل: 2001
2) المعجم الفلسفي المختصر – الترجمة العربية – دار التقدم – موسكو: 1986.
3) د. مراد وهبه – المعجم الفلسفي :ط 4 :1998
4) القاضي عبدالجبار – المغني.
5) الامام الباقلانى – التمهيد.
6) ابوحامد الغزالي – الجام العوام عن علم الكلام، وعنوان الكتاب واضح فهو يرفض ان يقترب العامة من علم الكلام.
7) ابوحامد الغزالي – رسالة ايها لولد.
8) الامام ابوالحسن الماوردي – الاحكام السلطانية.
9) ابوبكر الطرطوشي – سراج الملوك – الباب السابع ص 156.

# مـــەلا ئـــازادیـخـــوازەكـــان

- رفاعة الطهطاوي
- جمال الدینی ئەفغانی
- محمد عبده
- عبدالرحمن الكواكبی
- علی عبدالرازق
- احمد امین
- امین الخولي

# رفاعة الطهطاوي

1873 – 1801

ئێمە هەمیشە دەڵێن پیتی یەکەمی لیبرالی میسر (شێخ رفاعة الطهطاوی)یە، بەڵام پێدەچێت خەڵکی تریش پێش ئەو هەبن، ئەوە کتێبی شێخ (حسين المرصفي) بە ناوی (الكلم الثمان عن الحق والعدل والحرية)، ئەوە (شێخ حسن العطار)ە کە مامۆستای رفاعة بووە – ئەدیبو شاعرو گەشتیار بوو، سەردانی تورکیاو فەلەستینی کردووە، ماوەیەك لە سوریا ژیاوە، ئامشۆو تێکەلاوی ئەفسەرو زانا فەرەنسیەکانی کردووە کە هاتوونەتە سوریاو دەرزی زمانی عەرەبی پێگوتون، خۆیشی لەوانەوە فێربووە، ئاگرو پشکۆی گەڕانو پشکنین بۆ زانستو زانیاری نوێ لە شێخ حەسەندا کڵپەی سەندبوو.

رفاعة باسیدەکات کە چۆن لەگەڵ (شێخ حسن)دا دانیشتووە، هەمیشە ئەم رستەی ئەوی لەیا دبوو:–

(دەبێت بارودۆخی وڵاتەکەمان بگۆڕێت، دەبێت ئەو زانستو زانیاریانە بهێنرێن کە لەلای ئێمە ئاسەواریان نیە).

شیخ (عياد الطهطاوي)یش بووە کە لە (بطرسبرج)ی روسیادا دەژیاو مامۆستای زمانی عەرەبی بوو لە زانکۆی ئەوێ، لەم زانکۆ دێرینەدا بەشداری گەشەکردنی زانستی (خۆرهەڵاتناسی – استشراق) کرد، کە لە روسیا گەڕایەوە کتێبی (تحفة الاذكياء باخبار بلاد روسيا)ی دانا، ئەم کتێبە وێنەی کتێبەکەی رفاعە بوو (تخليص الأبريز في تلخيص بارين).

لە (حسين المرصفي) و (حسن العطار)و (عياد الطنطاوي)وخەڵکی تریش بوو کە بانگەوازی ئازادکردنی (عەقڵی ئەزهەر) تەشەنەیکرد، زانکۆی ئەزهەر لەو رۆژگارەدا پشتی بە دەرخو لەبەرکردنو خوێندنەوە دەبەست، ئەو بانگەوازە بۆ پەیڕەوکردنو کاراختستنی عەقڵ بوو, نەك (نقڵ)و گەڕانەوە بۆ رابردوو، ئەو بانگەوازە بەیتێکی ئیمامی (سیوط)ی پوچەڵدەکرد کە لە کتێبی (جوهرة التوحيد) وەرگیرابوو:–

گشت خێرو باشە لە شوێنکەوتنی پێشیناندایەو هەموو خراپەش لە شوێنکەوتنی وەچەو نەوەی نوێدایە (رفاعە) زۆرتر گوێرایەڵی شێخ حەسەنی مامۆستای بوو کە دەیگوت:– دەبێت زانستە نوێکان بخوێنرێن کە ئاسۆی زانینو مەعریفەت رۆشنترو روناکتر دەکەن.

(رفاعە) لەو رۆژگارەدا لە مامۆستاکەی هێندەی وەرگرتبوو کە بتوانێت بەرنگاری ئەو مشتومڕو موجادەلانە ببێتەوە کە لە (ئەزهەر)دا کڵپەیان سەندبوو، ئەو مشتومڕانە زۆر جار بە گوناهبارکردنو (دانە پاڵی) کوفرو زەندەقە تەواو دەبوون، ئا لەمکاتەدا (شیخ حسن)ی مامۆستای لەلای (محمد علي پاشا), رفاعەی کاندیدیکرد کە لەگەڵ شاندێکی چوارکەسیدا وەك (بعثة) بچنە پاریس، پێشتر گرووپێکی تر بۆ خوێندنی زانستە نوێکان رەوانەی پاریس کرا بوونو لە قوتابخانەی (پۆلیتیکنیك) بەسەرپەرشتی چەند مامۆستایەکی فەرەنسی هەڵکەوتوو دەیانخوێند، شاندی شێخەکانیش بۆ ئامۆژگاریو پاراستنی قوتابییەکان بوو لە پێخزانو لادان لە ئاین.

مامۆستا فەرەنسیەکان ئەمانەبوون:– سیلفستردی ساسی، کوساندی برفال، فرانسوار جومار کە ئەندامی ئەکادیمیەی فەرەنسی بوو، لە هێرشی فەرەنسی بۆ سەر میسردا بەشداریکردبوو، ئامادەکاری کتێبی (وەسفی میسر)یش بوو.

(رفاعە)ی قوتابی شێخ حسنو خوێندکاری (ئەزهەر)، بوو بە دۆستی نزیکی (فرانسواز جومار), پێش چوونی بۆ ئەسکەندەریەو لەوێشەوە بۆ پاریس – چووە لای شێخ حەسەنی مامۆستای بۆ دوا ئامۆژگاری کە یەکێکیان تۆمارکردنی (یەکە یەکەی) یادگارو بیرەوەرییەکانی بوو، (رفاعە) یش لەسەر پاپۆڕەکە دەستیکرد بە نووسینی یادەوەرییەکانیو پاشان ناوینان:– (تخليص أبريز – ئاڵتون – في تلخيص بارين).

لە بارەی (رفاعە) وە زۆر نوسراوەو شیاوی زۆریشە، باوکی راستی بزوتنەوەی رۆشنگەریی میسری نوێیە، منیش زۆرم لە بارەوە نوسیوە بۆیە لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ ئاواتە لیبرالیەکانیو کۆسپەکانی بەردەمی دەکەم,

جەنگی (رفاعە) ئاسان نەبوو، ئەو شێخێکی (ئەزهەر)و فەرمانبەری سەرۆکێکی زاڵم‌و ستەمکار بوو – لەبارودۆخێکی لەم جۆرەدا چۆن کاربکات‌و بیروڕا لیبرالیەکانی خۆی چۆن دەربیڕێت!

ئێمە لیبراڵێکی سەرکوتکراوو خنکاومان لەبەردەمدایە کە نەیدەتوانی بە کامی دڵ خۆی بخاتە روو، شێخێکی ئەزهەری ئەوسەردەمە لە جوغزو سنوورێکی داخراودا کاریدەکرد، تەنها خەریکی کتێبە کۆنەکان‌و (حاشیة)ی ئەو کتێبانە بوو، لە ئاستی نوێخوازی‌و رۆشنگەریدا لاوازو بێدەسەڵاتبوو لە کۆت‌و بەندی رابردوو توانای دەربازبوونی نەبوو.

جگە لەوەش (رفاعە) فەرمانبەری سەرۆکێکی ترسناکی وەك (محمد علی پاشا)بوو، محمد علی نوێخوازی‌و نۆژەنی پێباشبوو بەڵام تەنها لە پیشەسازی‌و بازرگانی‌و خوێندندا، بەڵام تەنها پیتێکی رەخنەی پێقبوڵ نەبوو، باسی ئازادکردنی میسریەکان‌و مافیان لە بەرەنگاربوونەوەی زوڵم‌و ستەمدا لەلای محمد علی زۆر قەدەغە بوو.

ئەم سەرۆکە تەنها مستێکی ترسناك نەبوو، لەهەمانکاتیشدا دەستێکی بەخشندەبوو، بە درێژی ماوەی دەسەلاتی محمد علی کە سیستمی (ئیلتزام)ی هەڵوەشاند هەتا دەرکردنی (اسماعیل) – سەرۆکی میسر گەورەترین خاوەن موڵکی زەوی بوو لە میسردا، ئەو تاکە سەرچاوەی موڵك بەخشین بوو, مێژووی (موڵکداری زەوی کشتوکاڵ) لە میسردا دەریدەخات کە تاکەسەرچاوە بە دەستی سەرۆك بووە. (1)

محمد علی لەناو فەرمانبەرانی خۆیدا خەڵکی هەڵدەبژاردو زەوی پێدەبەخشین، ئەو ستافە نوێیە محمد علی رایهێنان‌و متمانەی پێدەکردن لە دەزگاکانی دەوڵەتە نوێکەیدا، لە ناو ئەو فەرمانبەرانەدا کۆمەڵێك رۆشنبیری هاوچەرخیش خەملێن‌و دەرکەوتن‌و محمد علی بە دەستێك تەخشان‌و پەخشانی دەکرد بە دەستێکیش دەیترساندن‌و دەستە مۆی دەکردن, ئەمانەی خوارەوە تەنها چەند نموونەیەکن بۆ بارودۆخی ئەو سەردەمە:–

- محمد علی پاشا دوو گوندی بەخشی بە (مصطفی بهجت پاشا) کە (2800) فەدان بوو، عەباس پاشایش (400) فەدانی تری پێبەخشی. (2)
- (حامد ابو ستیت)یش کوڕە جوتیارێکی هەژار بوو، خوێندن‌و پلەو پایەی گەیشتە پارێزگاری (جربا)و پاشان پارێزگاری (قنا)، ئەمیش خاوەنی (7000) فەدان بوو جگە لە باخێکی خورمای (100) فەدانی. (3)
- بارودۆخ بەمجۆرە بەردەوامبوو هەتا سەردەمی (اسماعیل)، (احمد عرابی) لە بیرەوەرییەکانیدا باسی دەکات کە بوو بە گەورەی وڵات بۆ گشت سەرکردە سەربازییەکانی (500) فەدان زەوی پێبەخشین، هەموو بەڕێوەبەری ناوچەکان (مدیرناحیە) (150) فەدان‌و بۆ (قایمقام)ەکانیش (250) فەدانی دابین کرد. (4)

ئەم تەخشان‌و پەخشانە بە خۆڕایی نەبوو، ئەوەتە (احمد عرابی) بێبەشکراوە لەم بەراتانە چونکە (بۆچوونەکانی رەقن‌و خۆیشی درو شەڕانیەو ئەوامر جێبەجێناکات). (5)

لەگەڵ ئەمەیشدا پلەو پایە بەس بوو بۆ ئەوەی ئەحمەد عرابی لە (کوڕە خاوەن موڵکێکی بچووکەوە) بکا بە یەکێك لە خاوەن موڵکە گەورەکان، لە باوکیەوە تەنها (8.5) فەدانی بۆ جێمابوو، لە کاتی دادگایی کردنیدا لیستێکی موڵکەکانی تسلیم بە پارێزەرەکەی کرد:–

(جەنابی میستەر (برودلی) پارێزەرمان! موڵك‌و سامانمان بەمجۆرەی خوارەوە روونەدەکەینەوە:–

- 53 فەدان لە ناوچەی (هریة رزیة).
- 76 فەدان لە (خراجیە).
- 82 فەدان لە (عشوریة).
- 168 فەدان کە موڵکی تایبەتی خۆمانە.

- 160 فەدان لە ناوچەی (اخيوة شرقية).
- 400 فەدان ناوچەی (قهيونة شرقية).
- 37 فەدان لە ناوچەی (كفر السناجر)، ئەمە زەوی ئەمیری بووە لە بەڕێوەبەرێتی الشرقيه و لە مەزاتدا کڕیومانە بە هاوبەشی (حسن پاشا ئەفلاتوون)و پارەکەمان تسليم بە فەرمانگەی دارایی کردووە. (6)

(رفاعه)یش کە بە سواری بەلەمێك هاتە قاهرەو دایکی ئاڵتوونی بۆ فرۆشت بە (2) جونیە، (700) فەدان زەوی بۆ وەرەسەکەی جێهێشت.

بەمجۆرەو بێ ماندووبوون ئەو جینە (وەراسیە)مان دۆزیەوە کە بۆچی شێخە ئەزهەریەکان لە دەلاقەیەکی تەسکی وەك کونە دەرزی خەباتی لیبراڵیان دەکرد، لەو دەرفەتە وە لیبرالیەت وەك رشێنەو تنۆك تنۆك لە کۆمەڵگادا کاردانەوەی بوو، لەمەولایش دەبینن کە ئەو جینە وەراسیە لە گشت رۆشنبیرەکانی میسردا رەنگی دایەوە

*       *       *

دەبا بچینەوە لای (رفاعه طهطاوی)، دەبینین تکە تکە لیبرالیەتی وەرگرتووە، زۆر ترینیش لە مشتومڕو بیرکردنەوەو وردبوونەوەکانی بووە لە پاریس, بەڵام رفاعە بە دڵێکی فراوان و عەقڵێکی کراوە کەنارەکانی میسری بەجێهێشت، کە لە میسر دوورکەوتەوە شەیدای زانستو فێربوون بوو بگرە ئەمە یەکێك بوو لە تایبەتمەندیە گەورەکانی، کە لە ئەسکەندەریە تێپەڕی، دەستیکرد بە نوسینی یاداشتەکانی (تخليص الابرين)و دەڵێت:- (زۆر خەفەتم خوارد کە بۆم نەکرا زیارەتی شێخ ابراهیم الدسوقی بکەم) ئەم دێڕە لە پەڕەی یەکەمی رەشنووسەکەدا هاتووە، بەڵام کە چاپکرا لابرا چونکە رفاعە کە لە پاریس گەڕایەوە کەسێکی ترو فیکرێکی ترو عەقڵێکی تری بوو.

لە چەند مانگی یەکەمی لە پاریس بەمجۆرە باسی ئەوێ دەکات:- (خەڵکی وڵاتانی ئەوروپا زۆر بەیان مەسیحین یا کافرن)، بە دەستووری فەرەنسا دەڵێت: (پۆلیسی فەرەنسا)و باسی بیرو باوەڕو بەهاکانی (قیم) نێو دەستوورەکە دەکاتو دەڵێت:-

( سەیرکەن عەقڵی کافران چۆن دەیسەلمێنێت کە عەدالەتو ویژدانو مرۆڤ دەبنە هۆی گەشەکردنو ئاوەدانی وڵاتو بەختیاری گەل).

(سلفستردی ساسی) رەشنوسی بیرەوەرییەکان دەخوێنێتەوە، لە پاش مشتومڕو راگۆڕینەوە، (رفاعە) قایڵبوو کە وشەی (کافر) لە هەموو لاپەڕەکان بگۆڕێت بە (ئەفرەنج) یان (فەرەنساوی) یان (مەسیحی). (7)

(رفاعە) میوانێك نەبوو کە بە (دەوروبەری) سەرسامبێتو هەوڵبدات چاولێکەریی و لاسایی بکاتەوە، بەڵکو بە چاوێکی رەخنەگرانە دەیڕوانیە پاریسو لەگەڵ مامۆستاکانی ئەدوا، زۆر جاریش ناکۆك بوو لەگەڵ راو بۆچوونیانو لە کتێبەکەیدا هەموو ئەو ناکۆکیانەی تۆماردەکرد، یەکێك لە فەرەنسیەکان بە توندی پێشنیاریکرد کە بەرگی میسر لاباو بەرگی فەرەنسی بپۆشێت، بەڵام ئەم قایل نابێتو دەڵێت:-

(مەدەنیەتو پێشکەوتن لە جوانی کەلوپەلدا نیە کە بە گوێرەی باوو چاولێکەری بپۆشرێت، نیشتمان پێویستی بە خۆشیو شادی راستەقینەیە نەك چاولێکەری دابونەریتێك کە سودێکی ساکارە، ئەگەر من وەدووی هەموو گوتەو بۆچوونی فەرەنسییەکان بکەوم، تەنها دەبمە گزیکارو ساختەچی). (8)

دۆستە فەرەنسیەکانی (رفاعە) بە درێژی مشتومڕیان لەگەڵ دەکردو رەخنەیان لە بارو دۆخی میسر دەگرت، بەڵام رفاعە سوور بوو لەسەر ئەوەی کە (فەڕو خۆشی جیهان ئەگەر (10) بەش بێت، (9) بەش بەر میسر دەکەوێت).(9)

فەرەنسیەکان هەوڵیان ئەدا ئەم شێخە عەسریی و کراوەیە بکەن بە دۆستی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان، هەستیاندەکرد کە (رفاعە) پاشەڕۆژێکی رۆشنی دەبێت، هەوڵیان دا کە قەناعەتی پێبکەن: (سوودو ئاواتەکانی میسر دێنەدی، ئەگەر میسر بچێتە ژێر رکیفی فەرەنسا)، بەڵام ئەم قسانەی پەرچئەدایەوەو دەیگوت ئەم بۆچوونەی ئێوە:– (گومانێکی لاوازو گوایا واباشە بۆ میسر کە فەرەنسایان وڵاتێکی وەك ئەو بیبوژێنێتەوە، بۆچوونێکی لەمجۆرە یەکجار کارەساتبارەو وێکچوونێکی (تشبیە) پووچ و لاوازەو بگرە خەڵککوژیە بە ئارەزوو).

لە هەمانکاتدا فەرەنسیەکانی لاپەسەند بوو، بگرە لە عوسمانیەکانی دەوڵەتی خەلافەی ئیسلامی پێباشتربوو، کە محمد علی پاشا – بە رواڵەتیش – بە ناوی عوسمانیەکانەوە سەرداری میسر بوو، دەیگوت:– (بێگومان فەرەنسیەکان بۆ عەرەب لە تورك نزیکترن، فەرەنسیەکان سوورن لەسەر ئازادیی و سەروەری، بەخۆنازین و فەخرکردنیان خۆشدەوێت، پەیمان و بەڵێنەکانیان دەبەنە سەر) (10)، کە (رفاعة) لە پاریس گەڕایەوە، میسری بوو بەڵام میسریەك رۆشنفیکرێکی خۆرئاوا بە دەستێکی و کلیلێکی خۆرهەڵاتیش بە دەستێکی تری.(11)

(رفاعە) شانسی باشبوو، ئەو سەرۆکەی ناردبووی بۆ پاریس (والی)یەکی (تا رادەیەکی زۆر) رۆشنبیربوو (ئاگاداربە کە رۆشنگەری ئەو تەنها و تەنها لە خزمەت نوێکردنەوەی میسردا بوو نەك ئازادی میسریەکان)، محمد علی پاشا بۆ خواستی و ئاواتەکانی (رفاعە) ئامادەو سنگکراوە بوو، دەیویست میسر ببێتە وڵاتێکی پێشکەوتوو، میسری زۆر خۆشدەویست، بە میوانە بێیانیەکانی خۆی دەگوت:– (میسر بەهەشتی خودایە لەسەر زەوی – ئەگەر یەزدان سەدجاری دی ژیانم پێبداتەوە هەموو بۆ خزمەتکردنی میسر تەرخاندەکرد).(12)

محمد علی لە بواری خوێندنداو بە شێوەی نوێ، رینیسانسایێکی گەورەی بەرپاکرد، ئەو رینسانسە بوو بە بناغەی میسری سەردەم و رۆشنبیرو خوێندەوارە ئەفەندیەکان (نەك ئەزهەریەکان). ئەمەیش ئامارێکی سادەی ئەو رۆژگارەیە لە بارەی خوێندنەوە:–

- ژمارەی خوێندکارانی پزیشکی 700
- ژمارەی خوێندکارانی پزیشکی ڤێتەرنری 350
- ژمارەی خوێندکارانی پیشەیی و هونەری 600
- ژمارەی خوێندکارانی ئەندازیاری و کانزاکان 150
- ژمارەی خوێندکارانی خوێندنگە پسپۆڕیەکان 4500 (13)

دەروازەکانی میسری خستە سەر پشت بۆ (بەعسە) یەکی فەرەنسی بە ناوی (سانسیمونین) کە (60) کەس بوون لە پیاوو ژن، بەرنامەیەکی چڕو پڕ بۆ ئەم نێردراوانە ئامادە کرا وەك:–

قوتابخانەیەکی گشتوکاڵ، چەندین پردی خەیری، چەندین نۆکەندو جۆگەی کشتوکاڵ، ئیدارەی ئەندازیاری سەربازی، تونێڵێك لە (شبرا)، نیوە پەیکەرێك بۆ والی، ئامادەکردنی ئامارێکی جوگرافی، چەندین گوتار (محازەرە) لە بارەی هونەرو ئەدەب، سازکردنی چەندین ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا...هتد.

نێردراوەکانی (بەعسە) (سانسیمونین) پسپۆڕبوون لە چەندین پیشەی هەمە جۆرو دەیانتوانی پێداویستیەکانی ئەو بەرنامەی سەرەوە ئەنجامبدەن، (10) ئەندازیار، (9) پزیشك، (3) ئەندازیاری کشتوکاڵ و

مۆزیکارو پەیکەرتاشیو وێنەگرو... ئەمانە هۆگرو عاشقی میسر بوون، بۆ خەونو خولیاکانی خۆیان بوارێکی باش رەخسابوو، (برتلمی انفاتان)ی سەرۆکی بەعسەکە دەنووسێت:-

(خۆرهەڵاتی بیابانئاسا وشەیەکە پڕە لە پرشنگو رووناکیو نهێنی، خۆرهەڵات بەمانا میسر.. میسری سیحراوی، خاکی فیرعەونو موسیو نیل)(14).

کە (رفاعە) دەگەڕێتەوە لە پاریس، والی دەیکات بە مامۆستای قوتابخانەیەکی سەربازی، کاتێك بۆی رەخسا کە سەردانی محمد علی پاشا بکات بەشێك لە کتێبی (ملطبرون)ی پێشکەشکرد کە خۆی وەریگێڕابوو، لەم سەردانەدا پاشای بۆ دووشت قایلکرد کە هەردووکیان کاریگەربوون بۆ پاشەڕۆژی میسر...

یەکەم دەرکردنی رۆژنامەیەکی هاوشێوەی (الجرنالات)ی فەرەنسی، دووەم گرنگیدان بە فێرکردنی زمانی بیانی، والی هەردوو داواکارییەکەی پەسەنکردو رفاعە خۆی کرا بە سەرنووسەری رۆژنامەی (رووداوەکانی میسر – الوقائع المصرية)و بەڕێوەبەری (قوتابخانەی زمانەکان).

ئالێرەوە گەشتی (رفاعە) دەستپێدەکات، گەشتی نووسەرێکی رۆشنگەر، بەتەنها گەشتی پیاوێکی ئایینی کراوەی سەردەم نەبوو، بەڵکو گەشتی داڕشتنو بنیاتنانی نەوەیەکی رۆشنبیری عەسریی سەردەم بوو، نەوەیەك ئەرکی داڕشتنی دەزگا ئیدارییەکانی میسرو کۆشكو قەڵای رۆشنبیریی گرتە ئەستۆ، بزوتنەوەیەکی بەرپاکرد هەتا ئێستایش وێنەی نەبووە.

(قوتابخانەی زمان) کارگەی ئەو نەوەیە بوو، (رفاعە) خۆی بە گوندەکانو بە روباری نیلدا دەگەڕا، سەردانی حوجرەکانی (کتاتيب) دەکرد، قوتابییەکانی تاقیدەکردەوە، زیرەکترینو ژیرترین کەسی هەڵدەبژاردو لەگەڵ خۆی دەیهێنان، لە سەرەتادا (50) قوتابی بوون پاشان بوون بە (100)، بەشی ناوخۆی بۆ کردنەوە، بەردەوام موناقەشەی لەگەڵدەکردن... وانەی بۆ دەگوتنەوە.. وەرگێڕاوی بۆ راستەدکردنەوە، زۆر جار لە پاش نوێژی خەوتنان بۆ ماوەی سێ تا چوار کاتژمێر وانەی پێئەدان، زۆر جاریش لە پاش نوێژی بەیانیان بەردەوام دەبوو لە وانە گوتنەوە، ئەی نەمان گوت ئەم قوتابخانە کارگەبوو کارگە..!ئەو رەنجو ماندوو بوونی (رفاعە)یە لیستێکی گەورەی رۆشنبیری سەردەمو عەسری لێپەیدابوو کە بوونە سەرەتا...

(صالح مجدی) لە کتێبی (حلبة الزمان)دا باسی چەند کەسێکی نێو ئەو لیستە دەکات:-

1- (مصطفى البياع) وەرگێڕی کتێبی (مطالع شموس السير في وقائع كرلوس الثاني عشر.)

2- (خليفه محمود): بوو بە سەرۆکی بەشی (زانستە ئەدەبیو کۆمەڵایەتییەکان)، لە نوسینگەی وەرگێڕاندا هەروەها چەندین کتێبی گرنگی مێژویی کردووە بە عەرەبی وەك (تنوير المشرق بعلم المنطق و اتحاف الملوك الالبا بتقدم الجمعيات في بلاد أوربا)و پێشەکی کتێبی (تأريخ الامبراطور شارلكان)ی مێژوونووسی ئینگلیزی (روبرتسۆن ولیم) بەناونیشانی (أتحاف ملوك الزمان بتأريخ الامبراطور شاركان) بە سێ بەرگ.

3- (عبدالله البوسعود):- بەڕێوەبەری نوسینگەی وەرگێڕان، خاوەنی رۆژنامەی (وادي النيل)، چەندین کتێبی وەرگێڕاوە لەوانە:- (تأريخ الفلاسفة اليونانيين)، (تأريخ مصر القديمة)

4- (صالح مجدي): یەکێکە لە بەناوبانگترین قوتابییەکانی رفاعە، خاوەنی کتێبی بەناوبانگی (حلبة الزمان في سيرة خادم الوطن رفاعه بگ رافع)ە، پسپۆڕ بوو لە وەرگێڕانی کتێبەکانی ماتماتیكو هونەری سەربازیو وەرگێڕانی (القوانين الفرنسية)، وەك (علي پاشا مبارەك) باسیدەکات کتێبە دانراوو (وەرگێڕدراو)وەکانی (صالح مجدی) دەگەنە (65) کتێب، بە دەستی خۆی هێندە نامیلکەو (کراس)ی نوسیوە لە حیساب نایەت.

5– سالم پاشا سالم: ئەمیش یەکێکە لە قوتابیەکانی رفاعە، چەندین کتێبی پزیشکی وەرگێڕاوە، بەناوبانگترین پزیشکی سەردەمی خۆی بووە، کتێبێکی پزیشکی وەرگێڕاوە لە (4) بەرگدا، بێجگە لە چەندین کتێبی پزیشکی.

6– محمد بگ قدری:– یەکێکە لە بەناوبانگترین کەس لە بواری (یاسادانان – تشریع)دا، خاوەنی کتێبی (مرشد الحیران الی معرفة أحوال الأنسان)و (الأحکام الشرعیة في الأحوال الشخصیة).(16)

ئەم پرۆژەی وەرگێڕانە (2000 دوو هەزار کتێبی) لێکەوتەوە، ئێستا بە ژمارە بەراوردێك بکەین لەگەل (پرۆژەی هەزارکتێب)ی ئەم رۆژگاری ئێمە کە چەندین ساڵی خایاندو پارەیەکی یەکجار زۆری بۆ دابینکراو تەواویش نەبوو.

ئالێرەدا هەڵوەستەیەك دەکەین‌و لە دوو کێشەی گرنگ رادەمێنین، چونکە ئاسەوارێکی کاراو توندیان بەجێهێشتووە لەسەر پاشەڕۆژی رۆشنبیری میسرو توانای چوونە نێو کۆڕی نەبەردی لیبرالیەت.

کێشەی یەکەم:– (رفاعە) قوتابیەکانی لە حوجرەی (کتاتیب) منداڵە گوندنشینەکان هەڵبژارد.. واتە کوڕە جوتیارو هەژار.. خوێندنیان تەواو کرد, دامەزران‌و زۆر بە خێرایی بوون بە فەرمانبەری پایەبەرزو مووچەی بەرزو بەرات‌و پاداشتی خاوەن دەسەلات، بەمجۆرە گشت رۆڵەکانی ئەم جیل‌و نەوەیە بوون بە موڵکداری (ملاك) گەورە.

باشترین نموونە بۆ رای سەرەوەمان، (ابراهیم بگ النبراوی)یە، لەسەرەتادا باوکی خستیە حوجرە فێری خەت‌و کەمێك خوێندنەوە بوو، پاشان حوجرەی جێهێشت‌و دەستیکرد بە ئاڵوێڵ، جارێك بۆ کاڵەك فرۆشی ناردیان بۆ قاهیرەو قازانجی نەکردو بگرە مایەکەیشی دەستنەکەوتەوە، بەمجۆرە لە ترسی ماڵی باوکی چووە (ئەزهەر)، لەو کاتەدا داواکرا لە (ئەزهەر) چەند گەنجێك بە ئارەزووی خۆیان کاندیدبکرێن بۆ خوێندنی پزیشکی، ئەم لەم خوێندنەدا وەرگیراو چووە قوتابخانەی (ابی زعبل)و ماوەیەك مایەوەو بەرزکرایەوە بۆ پلەی (ملازم).

پاشان بە ویستی خودای گەورە بڕیاردرا کۆمەڵێك بنێرێن بۆ فەرەنسا بۆ خوێندنی پزیشکی، ئەمیش هەڵبژێراو سەرکەوتوانە تەواوی کرد، پاش ماوەیەك بوو بەمامۆستای قوتابخانەی پزیشکی، لەبەر کارامەیی لە پیشەکەیدا، (محمد علی پاشا) کردی بە پزیشکی تایبەتی خۆی، پاشان گەشتە پلەی (أمیر ألآی)، لەم ماوەیەدا ناوی چووە ریزی بنەماڵە بەرزەکان‌و میرەکان، بەرات‌و بەخشیشی زۆر دەڕژا بەسەریاو لە پاش مردنی (1700) فەدانی زەوی بەجێهێشت. (17)

گشت ئەم قوتابیانە پۆستی گرنگیان لە ئیدارە نوێکەی (محمد علی)دا وەرگرت‌و ئەوانەی دوای ئەویش هەمان رێگایان گرتەبەر, با لێرەدا باسی هێندێکی تریش بکەین:–

- (عبدالجلیل بگ) لە پەخش‌و نوسینی فەرەنسیدا ناوبانگیدەرکردووە، بە سەر زمانی هەموو پیاوە گەورەکانەوە باسدەکرا.
- احمد بگ عبید: بریکاری ئەنجومەنی بازرگانیە لە قاهیرە، صالح مجدی باسی احمد بەگ‌و عبدالجلیل بگ دەکاو دەڵێت: رفاعە بگ ئەمانەی پێگەیاندو خستنیە قوتابخانەو لەوێ پێگەیشتن. (19)
- عثمان پاشا فوزی:– بریکاری ئیشەکانی کچی محمد علی پاشا بوو.
- عبداللە بگ السید سەرۆکی ئەنجومەنی بازرگانی بوو لە ئەسکەندەریە.
- محمد بگ قدری الاوحد هاوکاری کوڕە گەورەی محمد علی پاشا بوو. (20)

ئالێرەدا هەڵوەستەیەك دەكەین‌و رادەمێنین.. ئەم رۆشنبیرانەی كە لە هەژارترین چینی كۆمەڵەوە هاتبوون، خوێندیان – دامەزران – دەوڵەمەند بوون – هەوڵئەدەین دووپاتی بكەینەوە كە پلەو پایەی وەزیفەو دەوڵەمەندی چ كاردانەوەیەكی بووە لەسەر ئەو لیبرالیەتەی كە هەواداریبوون؟ ئەوەمان بۆ رۆشن دەبێت كە گوڵە دەستنێژەكانی رفاعە، بەشداربوون لە بنیادنانی ئیدارەی نوێدا، بەڵام نەیانتوانی بەشداریبكەن لە رسكانی كەشوهەوای لیبرالیدا، هەرچۆنێك بێت تێكڕا ژمارەی ئەوانەی كە خوێندیان‌و دەرچوون (9) هەزار كەس بوون، ئەمە ژمارەیەكی باشە، بەڵام زۆربەیان لە سایەی سەرۆكێكی دڕی كەللەرەقدا، وەزیفە كۆتوبەندیكردن.

لە سەردەمی (خدێوی عەباس)دا ئەو پرۆسەی خوێندنە، تووشی شكست‌و نسكۆهات‌و سووریش بوو لەسەر پاكتاوكردنی.

لە نامەیەكی بەناوبانگی (عباسی یەكەم)دا بۆ وەزیری پەروەردە هاتووە:- (كە گەیشتمە – منیا – لە دیوانی وەزارەت، ئەندازیاران‌و دەرچوانم تاقیكردەوە، وەزارەت بۆ خزمەتی نیشتمان‌و منداڵانی گەلی میسر دامەزراوە، دەركەوت نە زانستیان هەیەو نە خزمەتگوزاری، لە كاتێكدا ئێمە بە هیوابووین ئەوان خزمەتبكەن‌و سوودیان ببێت، كەچی ناوچەكانیان وێرانكردووە، ئەمە كارێكە دڵمان پێی ژان دەكات، بۆیە بەمافی خۆمانی دەزانین (دیوانی قوتابخانەكان – وەزارەتی پەروەرە) كە دەبوو سەرچاوەی فێركردنبێت، هەڵیوەشێنین‌و مامۆستاو ئەندازیارەكان كە ژمارەیان (15) كەسن دەریانبكەین چونكە جگە لە وێرانكردنی هەرێمەكان هیچی دی نازانن، بۆیە هەتا هەتا لە خزمەت دەرمكردن، نامەم بۆ بەڕێوەبەری هەرێمەكان نوسیوە كە مەدالیاكانیان لێوەربگرێتەوەو بیانگێڕێتەوە بۆ دیوان)(21)

بەم جۆرە گاسنێكی سەركێشی لووتبەرز، گوڵ‌و نەمامەكانی (رفاعە)ی هەڵتەكاندو پێشێلی كردن‌و تا سەردەمی (خدێوی ئیسماعیل) – میسر نەیتوانی گوڵی تازە برووێنێت، لە حوزەیرانی (1863)دا ئیسماعیل فەرمانیدا بە (ابراهیم ادهم)ی سەرپەرشتیاری ئەوقاف، (3) قوتابخانەی تازە بكاتەوە. (22)

لە ساڵی (1875)دا ژمارەی قوتابخانەكان گەیشتنە (129)، ژمارەی قوتابیانیش گەیشتنە (13839). (23)

ئەمە یەكەمجار بوو كە ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە نوێ‌و عەسریەكان زیاتربن لە قوتابیانی (ئەزهەر) كە هەمان ساڵ (11095)بوون. (24)

بەڵام نامە دزێوەكەی (خدیوی عباس)ی عەقڵ دۆگماو دواكەوتوو (بۆ هەتا هەتا دەرمكردن‌و..) لە عەقڵ‌و دەروونی چەند جیلێكدا كاریدەكرد.

* * *

بەو جۆرە درێژەمدا بە گەشتەكەم لە یەكەم باخچەی رۆشنگەریدا، كاتی ئەوەیە كە بچینەوە بۆلای (رفاعە)و هێندێك لە هزرو بۆچوونەكانی بخوێنینەوە...جارێكی دی بەرامبەر ئەم (ئەزهەرییە) رۆشنفیكرە هەڵوێستەدەكەین, چونكە بڕینی رێگەی ئازادی‌و لیبرالیەت زۆر سەخت بوو لە كاتێكدا شێخەكانی ئەزهەر راو فكریان زۆر دوا كەوتو بوون, سەرۆكی میسریش زەبرو دەستەڵاتی بەجۆرێكبوو كەس زاتی نەبوو دژایەتی بكات‌و لە فەرمانەكانی هەڵبگەڕێتەوە, لە كەش‌و هەوایەكی لەم جۆرەدا (رفاعە) پەنای دەبردە لای (تەفسیر)و لێكدانەوەی ئایینی.

لە كاتێكدا رفاعە رۆژنامەی (الوقائع المصرية)ی دەرئەكرد بە دوو زمانی عەرەبی‌و توركی (پێكەوە لە یەك ژمارەدا), محمد علی فەرمانیدا كە, بەشی توركی لای راست بێت‌و بەشی عەرەبی لای چەپ, (رفاعە) زۆر بەهێمنانە فەرمانەكەی راستكردەوە:- عەرەبی لای راست‌و توركی لای چەپ, لە پاش ماوەیەك دووزمان‌و

راپۆرتنوسان (محمد علی)یان لێپرکرد, لەم کاتەدا رفاعە پەنای بردە لای ئاینو گوتی:- عەرەبی زمانی قورئانە... بەمجۆرە محمد علی هێوربوو, هەرچەند لەپاش ماوەیەك فەرمانی دایەوە کە بگەڕێتەوە دۆخی جارانی.(25)

کە باسی (خولانەوەی زەوی) سەریهەڵدا, زۆرینەی (ئەزهەرییەکان) هاواریانکرد:- ئەوەی دەڵێت زەوی خڕەو دەسوڕێتەوە کافرە, لەم کاتەدا (رفاعە) سڵدەکاتو هەوڵئەدات دژی ئەو بۆچوونە بێت کە دەڵێت, زەوی جێگیرەو ناجوڵێتو تەختیشە. بە ناچاری رایەك باسدەکات کە (گوایا) زانایەکی بیانی (ناوی نابات) گوتویەتی:- (خولانەوەی زەویو خڕی, دژی کتێبەکانی ئاسمان نیە, لە کتێبە ئاسمانییەکاندا کە باسی ئەم شتانە کراوە بەمەبەستی ئامۆژگاریکردنی (رەشە خەڵك) بووە بەو دیاردە سروشتیانەی کە لەبەر چاون نەك بەمەبەستی وردەکاری فەلسەفە, بە نموونە:- (خودا خۆری وەستاندووە کە لە شەرعدا هاتووە: بەمەبەستی دواخستنیو گومبوونی لەچاوە, چونکە وەستانی خۆر لە کاتێکدا دەبێت زەوی بوەستێو نەخولێتەوە, خوداش بەچاو نیشانی ئەدات. کە گوایە خۆر دەجوڵێت).

یەکێك لە مامۆستاکانی رفاعە (کوساندی بریفال) گومانی لەم دەقە هەیە کە گوایا هی زانایەکی بیانیەو دەڵێت ئەمە بۆچونێکی سەد لە سەدی ئیسلامییە, دەبینین ئەو دەقەی سەرەوە کە لە رەشنووسی کتێبەکەی رفاعەدا هاتووە (تخلیص الابریز), لە کاتی چاپکردندا لابراوە.

رفاعە بە جۆرێکی دی خۆی لەم کێشەیە دەرباز دەکات کە رێگایەکی ئاینیە, چونکە تەنها لەم رێگایەوە خەڵکی ئەو رۆژگارە پەسەندیدەکەنو دەڵێت:- (لە نێوان کەڵە زانای توونسی - شێخ محمد المناعی مالکی - کە مامۆستایە لە زانکۆی زەیتونەو موفتی حەنەفی کەڵە زانا - شێخ محمد البیرم - کە دانەری چەندین کتێبە لە بوارەکانی ( عەقڵو نەقڵ)دا, هەروەها دانەری کتێبی (مێژووی عوسمانیەکان) ە, - لە نێوان ئەم دوو کەڵە زانایەدا مشتومڕو دانوستان بووە لە بارەی خڕیو تەختی زەوی.

شێخی مناعی دەڵێت:- تەختە، (شێخ البیرم) یش دەڵێت خڕە، یەکێکی تر لەو زانایانەی کە دەڵێن زەوی خڕەو راوەستاو نییە- الشیخ مختار الکنتاوی- یە لە ناوچەی - ازوات نزیك وڵاتی - تمبکتو - کە دانەری کتێبی - مختصر فی فقە مالك -ە ئەم کتێبە هاوتای کتێبەکانی (الخلیل)و(الفیة ابن المالك)ەو چەندین کتێبی تری داناوە یەکێك لەو کتێبانە کتێبی (النزهە)یە باسی چەندزانستێك دەکات وەك زانستی (هیئة - فەلەكو گەردوونناسی) لەم کتێبەدا دەڵێت زەوی خڕەو دەسوڕێتەوە, پوختەی بۆچونی ئەم زانایە دەڵێت زەوی خڕەو جوڵانو نەجوڵانی هیچ زیانێکی نیە. (26)

بەمجۆرە رفاعە دەگەڕێتو خول دەخواتو دەچێت بۆ وڵاتی (ازواتی نزیك وڵاتی تمبکتو), پێدەچێت هیچ کەس ناوی ئەو شێخەی نەبیستبێت, ئەمەش هەمووی بەمەبەستی خۆدەربازکردن بوو لە کێشەکە, دیسان باسی لیبرالیەتی رفاعە دەکەین کە دڵۆپێکە لە دەریا, سەرەتا جەنگی بنەڕەتیو سەرەکی دەست پێبکەین کە فێرکردنو خوێندنە (خوێندن دەبێت بۆ گشت خەڵك بێت چ دەوڵەمەندو چ هەژار, گشت مرۆڤێك وەك نانو ئاو پێویستی بە خوێندنە), (طە حسین)یش پاش زیاتر لە (100) ساڵ چەند رستەیەکی بەهەمان مانا دەرکردو خەڵك ئێستاو ئەوساش بە هەنگاوێکی گرنگی دیموکراتیو لیبرالیان دەزانی.

مەبەستی رفاعە لە خوێندن, خوێندنی عەسریو سەردەمە نەك حوجرەی ئەزهەری ئەو رۆژگارە کە لە کتێبی کۆنی پێشیناندا خنکابوون, پشتیان بەکتێبەکانی پێش خۆیان دەبەست نەك کاری ئەقڵو دەڵێت:- (رێگای راستو ژیریی بەدەستی سەرۆکەکانی ئەو تاقمە (مەبەستی لە شێخەکانی ئەزهەرە) کە دەبوو بێجگە لە

زانستەکانی شەرع‌و حەدیس زانستەکانی هاوچەرخیش بخەنە بەرنامەکانی خوێندن, چونکە ئەم زانستە مەدەنیانە دەروازەیەکن بۆ پێشخستنی نیشتمان, ئەم زانستە پڕ لە حیکمەتانە کە بەڕواڵەت بیانین, بەڵام زانستی ئیسلامین‌و بیانیان وەریانگێڕاون لە زمانی عەرەبیەوە بۆ زمانی خۆیان) (27).

رفاعە وشەکانی (عالم – زانا)و (شێخ – مەلا)ی لە یەکتری جیاکردۆتەوە:– (بەهەڵەدانەچن کە گوایا فەرەنسییەکان بە قەشە بڵێن زانا, چونکە قەشە تەنها زانای ئاینییە، بەڵام زانا بەو کەسانە دەڵێن کە شارەزان لە زانستە عەقڵیەکانی وەك یاساو سیاسەت‌و... زانا فەرەنسییەکان وێڕای فێربوونی تەواوی زانستێك، چەندین شتی گرنگی تر فێردەبن‌و چەندین شتی نویێ ئەدۆزنەوە کە پێشتر نەزانراون، بەمجۆرە مرۆڤانە دەڵێن (زانا) نەك بەمامۆستا). (28)

رفاعە درزدەکاتە دیواری دۆگما و دواکەوتن ئەمەش بەداکۆکیکردن لە پێویستی بۆ خوێندن بۆ ژن:–
(ئەوانەی کە دەڵێن ژنان پێویستیان بە خوێندن‌و نووسین نیەو پشت بەگوتەی چەند کتێبێکی کۆن دەبەستن، دەبێت بەگشتی ئەمە وەرنەگرن‌و هیچ بەڵگەیەك نیە بۆ ئەو بۆچوونانە.. لە زۆر وڵاتدا بە تاقیکردنەوە ئیسپاتبوو کە خوێندنی کچان سوودی لە زیانی زۆرترەو بگرە ئەسڵەن زیانی نیەو لە ئەڵمانیا خوێندنی کوڕان‌و کچان بە یاسا (تەوزیمی – الزامی)یە، گشت وڵاتانی ئەوروپا بە یەکسانی بە کوڕان‌و کچانیان دەخوێنن، ئەمانە نهێنی پێشکەوتنی وڵاتانی ئەوروپان‌و لە هەموو وڵاتانی جیهانیش بەهێزترن). (29)

رفاعە بەردەوام دەبێت لە جەنگی داکۆکیکردن لە ژن‌و زیاتر لە – (50 ساڵ) پێش قاسم امین دەڵێت:–
( ژاوە ژاوێك هەیە لە ناو خەڵكدا لە بارەی داوێنپاکی‌و خاوێنی ژن، ئەمە پەیوەندی نیە بە سفووری‌و خۆداپۆشینیان، داوێنپاکی پەیوەستە بە چۆنیەتی پەروەردەی باش‌و خراپ‌و راهێنانی ژن بە خۆشەویستی تەنها یەك کەس‌و هۆگربوون‌و پێکەوە ژیانی ژن‌و مێرد). (30)

رفاعە بەهیچ جۆرێك رێگەی جیاوازی نێوان ژن‌و پیاو نادات: (کە لە شێوازی ژن‌و پیاو رادەمێنین، لە روویەکەوە جیاوازیان نیە. بێجگە لە چەند جیاوازییەکی ساکار لە پیاوەتی‌و ژنێتیداو شتەکانیان... ژنان بێجگە لە جیاوازی رەگەزیان، چەند سیفات‌و تایبەتمەندییان هەیە کە لە پیاو جیاوازن).(31)

ژنان مافی کارکردنیان هەیە، بگرە کار بۆ ژن‌و پاراستنی لە رووی کۆمەلایەتی‌و رەوشتەوە زۆر پێویستەو دەڵێت:– (هەموو کارکردنێکی راستەوخۆی ژن لە بێکاری رزگاریاندەکات، کە بێکاربوون زمانیان سەرقاڵی پڕوپوچدەبێت‌و دڵیان خەریکی حەزو ئارەزوو، کار ژن لە شتی سووك‌و ناشایستە دەپارێزێت‌و لە باشەو داوێنپاکی نزیکتریدەکاتەوە، دەستی بێکار خێرایە بۆ شەڕو دڵی خاڵییش خێرایە بۆ گوناە). (32)

رفاعە لە ئیمان‌و باوەڕو پابەندبووندا بە قسەو گفتی خۆی، وەك زۆر لە پیاوانی خۆرهەڵات نەبوو, کە تەنها قسەیەو کرداری لەگەڵدا نیە، بگرە زۆر جار بەکردار دژی قسەکانی خۆیانن.

ئەوەتە کە رفاعە ژن دەهێنێت پەیماننامەیەکی نوسراو بە دەسخەتی خۆی ئیمزای دەکات‌و مۆری تایبەتی خۆی لێئەدات (ئایا ئەمە کارێکی دەگمەن نیە؟), ئەم پەیماننامەیە وەك دۆکۆمێنتێك لە ئەرشیفی سەردەمی (محمد علی) لە (قلعە)دا پارێزراوە:– (نووسەری ئەم پیتانە – رفاعە بدوی رافع – پابەندە, بۆ خاڵۆزای خۆی (کریمە) کچی کەڵەزانا (شێخ محمد الفرغلي الانصاري) کە:– تەنها هاوسەری بێت‌و بە هیچ جۆرێك نە ژنێکی ترو نە کەنیزەکی ببێت, داوێنپاکی (عصمة) کریمة بەستراوە بە ژنهێنانی من یان رابواردنم لەگەڵ کەنیزەکێکدا (جارية)، ئەگەر هەچ ژنێکم هێنا، کچی خاڵم تەنها بە گرێبەستی ژنی دووەم یان رابواردنم لەگەڵ کەنیزەکێك، تەڵاقی کەوتبێت، (کریمة)یش بەردەوامبێت لە پەیمان‌و عەهدی خۆشەویستی بۆ ماڵ‌و منداڵ‌و خزمەتکارو کەنیزەکی، منیش لە ماڵی خۆمدا بژیم‌و هاوسەری دی نەگرم لەگەڵ کەنیزەکیشدا رانەبوێرم، هەتا ئەو کاتەی کە خودا یەکێکمان دەباتەوە بۆلای خۆی پابەندبین بەم پەیماننامەیە), ئێمە تەنها لەبەردەم ئەم دۆکۆمینتەدا بۆمان هەیە سەری رێز بۆ رفاعە دانەوێنین.

دەچینە لای جەنگی ئازادیو ڕەفاعە دەڵێت:- (ئازادی بریتیە لە ڕێپێدانی کارێکی حەڵاڵ بەبێ کۆسپو مافێکی حەرامو رکەبەرێکی (معارض) قەدەغەکراو، مافەکانی گشت گەلانی پێشکەوتوو شارستانی بەندن بە ئازادی... هەموو کەسێك ئازادە لە کوێ نیشتەجێدەبێتو بۆ کوێدەچێت، کەس بۆینیە زۆری لێبکاتو چێی پێلێژبکات، خۆی چیدەکاتو کات چۆن بەسەردەبات کۆسپ نییە لە بەردەمیدا بێجگە لە کۆسپی شەرعیو سیاسی عادلانە، ئەمانەیش لە مافەکانی ئازادین:- نابێت مرۆڤ بە زۆر لە نیشتمانی خۆی ئاوارەبکرێتو دووربخرێتەوە، بە حوکمێکی شەرعی (قانونی - وەرگێڕ) یان سیاسی (گونجاو لەگەڵ دابو نەریتی وڵات)دا نەبێت کەس سزا نادرێت، مرۆڤ ئازادە چی لە ماڵو سامانی دەکات، تەنها بەیاسا (حجر)و قەدەغەی دەخرێتە سەر، مرۆڤ ئازادە رای تایبەتی خۆی ببێت بە مەرجێك نەبێتە هۆی شێواندنی یاساکانی وڵاتەکەی (33).

ئازادیی بەرزترین هۆی بەختیاری گەلانی وڵاتانە، ئەگەر ئازادی بە یاسای عادیلانە بچەسپێت، دەبێتە هۆی ئاسوودەییو بەختیاری لە وڵاتداو گەلانیش نیشتمانیان زۆرتر خۆشدەوێت). لە شوێنێکی تردا رفاعە دەڵێت:- (ئازادیو یەکسانی هاوڕێی یەکترن، هەردووکیان پەیوەندن بە عەدالەتو خێر، مەبەست لە (یەکسانی لە ماف)دا بریتیە لە:- ئەوەی هەقە بۆ مرۆڤێك ببێت یان لێی قەدەغە بکرێت، بۆ خەڵکی تریش بە هەمان شێوەیە، یەکسانی لە مافدا بەشێکە لە یەکسانی لە ئەركو (واجبات)دا.(34)

(رفاعە) باشدەزانێ کە سوڵتانو بەرپرسان ئازادی بەبێ خەباتو فشار نابەخشن بە گەلانو دەڵێت:- (ئەوەی سەرۆكو سوڵتانەکان زۆر لێی دەترسنو دەیانخاتە بەردەم لێپرسینەوەی دەروونیو معنوی، رایگشتیە، ئەوان زۆر شەرم لە سەرزەنشتو گلەوگازندەی خەڵك دەکەن، رای گشتی سوڵتانێکی زاڵو بەهەژموونە لەسەر دڵودەروونی شاو بە دەسەڵاتان، رایگشتی لە حوکمو بڕیارەکانیدا نەرمو بەسۆز نیە، قوربەسەر ئەو کەسەی بەرنەفرەتو ناوزڕانی نێو خەڵك دەبێت.).(35)

لە بواری هێماو ئاماژەوە، (رفاعە) چووە قۆناغی راشکاویو سەراحەتو دەڵێت:- (شای فەرەنسا وەك سەرۆکی میسر دەسەڵاتی رەهای نیە کە قسەکانی یاسا بنو رەتبوونەوەیان بۆ نەبێت، بەڵکو دەسەڵاتەکانی بە مەرجێکن کە دژی یاساکانی پەرلەمان نەبن).

رفاعە دەستوری فەرەنسی کرد بە عەرەبی، وشەیەکی یەکجار زیرەکانەی بۆ دەستوور دانا (Charte) واتە (مەرج) واتا:- گەلو دەسەڵات پێکدێن لەسەر چەند مەرجێك, بەندەکانی دەستووری فەرەنسی وەك بەشێك لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانەی (زمان) بۆ قوتابییەکانی باسدەکرد وەك ئەم چەند نموونەیە:-

ب/1:- گشت فەرەنسییەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن.

ب/3:- هەموو فەرەنسییەك بۆی هەیە هەچ پایەو پلەیەك وەربگرێت.

ب/4:- خودی هەموو تاکێك؛ بۆ خۆی سەربەخۆیەو دەبێت ئازادیی بۆ دابین بکرێت.

لە راڤەکردنی وانەکانیدا بۆ بەندەکانی دەستووری فەرنسا؛ رفاعە دەڵێت:- (کە لە بەندەکانی ئەم دەستوورە رادەمێنیت؛ بۆت رۆشندەبێت ئەو بەندە چەند بەنرخو گرنگە کە دەڵێت:- (گشت فەرەنسییەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن)، (ئەم بەندە دەسەڵاتێکی باڵای هەیە بۆ داڕشتنی عەدالەتو فریاکەوتنی زوڵملێکراو، بۆ دڵدانەوەی هەژارێك وەك دەوڵەمەندێك، ئەم بەندانەی دەستوری فەرەنسا بەڵگەیەکی روونن کە عەدل لە لای گەلی پێشکەوتوو گەیشتۆتە چ پلەو پایەیەك!). (36)

رفاعە پڕکێشیو زاتدەکات داوای سیستمی کۆماری بکات:- (ئەوانەی خوازیاری سیستمی پاشایەتین؛ قەشەکانو دەستوپێوەندەکانی ئەوانن، زۆربەی ئازادیخوازانو فەیلەسوفانو زانایانو دانایانو رەشەخەڵك خوازیاری سیستمی کۆمارین، تاقمی یەکەم پشتگیری مەلیکنو تاقمی دوومیش بۆ لاوازیی پاشایەتی تێدەکۆشنو ئیدی پێویستیان بە مەلیك نەماوە.. بەڵام چونکە جەماوەرو میللەت لە یەککاتدا ناکرێت خۆیان فەرمانڕەوایش بنو حوکمکراویش بن، بۆیە پێویستە یەکێك لە بری خۆیان هەڵبژێرن کە کاروباری وڵاتیان بۆ رێکبخات ئەمەیش پێی دەڵێن رژێمی کۆماری). یان دەڵێت: (ئازادی تاك بەشێکە لە ئازادی نیشتمان). (37)

رفاعە بە توندی داکۆکی لە:– شارستانیو مێژووی – ئێستاو دوا ڕۆژی میسردەکات، لە کاتێکدا قوتابیانی (ئەزهەر) ئامۆژگاریو ئیلهامیان لە کتێبی (حسن المحاضرة)ی (امام جلال الدین السیوطي) وەردەگرت کە دەڵێت:– (گەلی میسر چارەنووسی وا بۆ دانراوە کە هەمیشە زەبوونو ریسوابێتو ژێردەستەی خەڵکی تر بێتو لە سەدەکانی رابردوویشدا هەروا بووە.).(38)

رفاعە بە توندی هێرشی دەکردە سەر ئەمجۆرە بۆچوونانەو دەیگوت:– (گرانترین شت لەلای گەلی میسر ژێردەستی بییانیو غەریبانە). و رفاعە بۆ یەکەم جار (الامة المصرية)ی بەکارهێناوە.

شێخەکانی ئەزهەر جنێوو سووکایەتیان بە (فیرعەون)ەکان دەکردو بە هێمای کوفریان دەزانین، ئەوانو قوتابیەکانیان زۆر بە سووکی تەماشایاندەکردن، لەکاتی سەردانیان بۆ ئەو شوێنەوارانە – پۆشاکی ئاینیان دەپۆشیو دەیانگوت ئەمانە؛ یەزدان غەزەبی لێگرتوون (المساخيط) (ئەو پەیکەرە بەردینانە پیاوو ژن بوونو بەهۆی کوفریان؛ خودا غەزەبی لێگرتوونو کردوونی بە (بەرد))..

بەڵام رفاعە دەڵێت:– (میسرییە کۆنەکان لە هەموو گەلانی ئەو ڕۆژگارە لە بواری زانستدا بەهێزتر بوون، ئەسپو ماینیان لە گۆڕەپانەکانی شانازیدا, بەهێزترینی ئەو ڕۆژگارە بوون). (39), لە بواری زانستدا بگرە رفاعە پڕکێشی دەکاتو رەخنە لە سەرۆکی میسر (محمد علی پاشا) دەگرێت کە رێگایداوە (مسلة – بورجی قووچ) کە ئاسەوارێکی گرنگە بگوێزرێتەوە بۆ پاریسو دەڵێت:– (مادام میسر بەرەو مەدەنیەتو زانست رێدەکات – شیاوی ئەوەیە کە ئاسەوارە قەشەنگەکانی پێشینانی خۆی بپارێزێتو بیخاتە ڕوو).

مێژوو نووسە تازەکانی میسر دەڵێن:

(رفاعە یەکەم مێژوونوسی مسریە کە بەراستی شارەزابێت لە مێژووی میسری کۆنداو دۆزراوە (مکتشفات)ە ئارکیۆلۆجیەکان بکات بە بەڵگەو شایەت، رفاعە یەکەم مێژوونوسی میسرییە کە شانازی بە مێژووی کۆنی سەردەمی فیرعەونەکانەوە بکات، هەرگیز نەفرەتی لێنەکردوونو بگرە بە رێزەوە تەماشایکردوون. (40)

رفاعە بەردەوام خۆشەویستی میسری لە دەروونی میسرییەکاندا رواندووە کە شیاوی شانازییە:– (میسر دایکی جیهانە – چەکی کاراو بە بڕشت بووە، دایکی گشت شارستانیەکان بووە، لە بواری مەدەنیەتو پیشەسازیو (یاسادانانا) پێشەنگی هەموو گەلان بووە، گەلانی عاقڵو ژیر نکوولی لەوە ناکەن کە لە کۆندا زانستیان لێوەرگرتووە). (41)

رفاعە چەند هەڵبەستێکی کردبو بە سروود بۆ قوتابیەکانی وەك:–

ئەی هاوڕێکەم! خۆشەویستی نیشتمان
خشڵو بەرگە؛ قەشەنگیە بۆ ژیرەکان
باش بزانن خۆشەویستی نیشتمان
شانازییەو بەشێکیشە لە ئیمان
میسری خوێنی بۆ بەرزیەتی وڵاتی
بەختی دەکات ماڵو ژینی لە جیاتی

بەمجۆرە رفاعە بەردەوام بوو لە خەباتو داکۆکی لە میسرو میسرییەکان، لە ئازادیو پاشە ڕۆژیان، بەڵام ئەو (دەرفەتە) کە دەیویست لێوەی خەباتبکات؛ دۆگماو خۆپەرستی کاربەدەستان بوون بە کۆسپو دەبوو هەروایش بێت, چونکە ئەوان میسرو میسرییەکانیان بە سووكو ریسوا دەزانی.

(خدێوی عەبباس) هاتە کایە، رەنجو خەباتی رەفاعەی لە بواری خوێندندا پاکتاوکرد، قوتابخانەکانی داخستو مامۆستایانی لە کارخست، عەبباس گەڕایەوە سەر کتێبەکانی رفاعەو دەڵێت:–

(کتێبی – تخليص الابريز – پڕە لە راو بۆچوونی توندو تیژو رەشە خەڵكو جەماوەر دەورووژێنێتو فێری سەرکێشیو یاخی بوونیان دەکات کە بەرەهایی گوێڕایەڵی کاربەدەستان نەبن).

بەراستی ئەمە کارەسات بوو (بۆ) میسرو ڕۆشنبیرانو بۆ رفاعەیش، چونکە ناردیانەوە بۆ شارەکەی خۆی (توکر) لە (سوودان) وە بە ناوی (خواجە) واتە مامۆستای قوتابخانەیەکی سەرەتایی کاربکات.

**پەراوێزو سەرچاوەکان**


1- Gariel Bacr – A History of landowner ship – 1800 – 1950 – Oxford University – 1962 – P. 45.

2- Ibid – p. 48

3- Ibid – P. 46

4- **احمد عرابي – كشف الستارعن سر الاسرار – ج 1 – ص** 19

5- **المرجع السابق ص** 20

6- **المرجع السابق ص** 20

7- **لمزيد من التفاصيل راجع:- د. رفعت السعيد – تأريخ الفكر الاشتراكي في مصر – المرجع السابق– ص** 25 **ومابعدها.**

8- **رفاعة الطهطاوى – مناهج الألباب العصرية في مباهيج الأداب العصرية – ط** 2 **– ص** .22

9- **المرجع السابق ص** .22

10- **المرجع السابق ص** .22

11- **صالح بك مجدي – حلبة الزمن بمناقب خادم الوطن – رفاعة بك رافع – تحقيق د. جمال الدين الشيال –** 1958 **. ص**2

12- Sir Valentine – Chirol – The Egyptian – Problem – London – 1920 – P. 62.

13- **د. محمد فؤاد شكري – بناء دولة محمد على – ص** .93

14- **الموسوعة الاشتراكية – دار الهلال –** 1970 **– ص**264

15- **صالح بك مجدي – المرجع السابق – ص** .37

16- **لمزيد من التفاصيل عن تلاميذ رفاعة الطهطاوي ودورهم في بناء مصر الحديثة راجع:-**

**أ) صالح بك مجدي – حلبة الزمن – المرجع السابق.**

**ب) د. احمد بدوي – رفاعة رافع الطهطاوي .**

**ج) د. حسن فوزي النجار – رفاعة الطهطاوي .**

**د) على باشا مبارك – الخطط التوفيقية.**

17- **على باشا مبارك – الخطط الجيدة لمصر – القاهرة ومدنها وبلادها القديمة والشهيرة – ط** 1 **(**1305 **ه) ج** 17 **ص**.4

18- **صالح بك مجدي – حلبة الزمن – المرجعالسابق ص**.56

19- **على باشا مبارك – الخطط** 0 **المرجع السابق – ج** 13 **– ج** .57

20- **صالح بك مجدي - المرجع السابق.**

21- **محمد صبيح – مواقف حاسمة في تأريخ القومية العربية – ص** .13

22- **د. احمد عزت عبدالكريم – تأريخ التعليم في مصر – ج**2 **– ص** 398

23 **المرجع السابق ص** 819

24- **المرجع السابق ص** 819

25- **د. عبدالطيف حمزة – مقال:- ابطال الدفاع عن اللغة العربية – مجلة الثقافة – يوليو** 1965

26- **رفاعة طهطاوي – تخليص الابريز. ص**.97

27- **رفاعة طهطاوي – مناهج الألباب ص** .273

28- **رفاعة الطهطاوي – تخليص الابريز ص** .208

29- **رفاعة الطهطاوي – المرشد الامين للبنات والبنين (فصل في تشريك البنات مع الصبيان في التعليم وكسب العرفان) ص** .66

30- رفاعة تخليص الابريز ص .305
31- رفاعة المرشد الأمين – ص .35
32- رفاعة تخليص الابريز ص 1-2
33- رفاعة المرشد الامين ص .127
34- رفاعة المرشد الامين المرجع السابق.
35- رفاعة مناهج الألباب.
36- رفاعة تخليص الابريز ص .148
37- رفاعة المرجع السابق .
38. جلال الدين السيوطي – حسن المحاضرة.
39. رفاعة تخليص الابريز –ص.299
40. د. جمال الدين الشيال – التأريخ والمؤرخون في مصر في القرن 19ص.71
41. لمزيد من العبارات والحجج المماثلة راجع :- رفاعة الطهطاوي – أنوار توفيق الجليل في إخبار مصر وتوفيق بني إسماعيل.

# جمال الدين الأفغانى

﴿ 1897 – 1838 ﴾

هیچ کەس وەك (جەمال الدین ئەفغانی) تووشی شپرزەو رامانی نەکردووم، ئەو لای هەموو کەس زۆر روونو ئاشکرایەو لە هەمان کاتیشدا زۆر لێڵو نادیارە، تەنانەت ناویشی چەندین جار گۆڕاوە:- ئەفغانی – کابولی – الحسینیو چەندین ناوی تر بەپێی بارودۆخ، تەنانەت نیشتمانیش جارێك ئەفغانو جارێك هیندو جارێك وڵاتێکی دیکە، وەڵامی ئەم پرسیارانە لە لایەن تۆژەرانەوە جێگەی مشتوومڕە.

یەکێك لەو تۆژەرانەی کە شارەزایە لە مێژووی ئەفغانیو هزریدا دەڵێت:-

(من هەوڵئەدەم تەمومژی سەر ئەفغانی لاببەم بەڵام زۆر جار دەکەوینە نێو هەڵەو بۆچوونی هەمەجۆر ، هۆی ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ پاساوو (تأویل)ی هەڵبەستراوو بی بناغە، منیش لەو باوەڕەدام کە هیچکام لەو پاساوو (تأویل)ە گشتیانە راستنین). (1)

هەڵوێستە فکرییەکانی هەندێکجار لە دژێکەوە بۆ دژێکی تر باز ئەدەن، لە کتێبی (الرد علی الدهریین)دا هێرشێکی زۆر سەختو بگرە نازانستانەو شێواو دەکاتە سەر فیکری مادی، ئەم هێرشە (د. عاطف العراقي) ناچار دەکات بڵێت:- (ئەفغانی خۆی دەخاتە مشتومڕو موجادەلەیەکی فەلسەفیو زانستیانەی وا کە لەباریانیەو توانای باسکردنی نیە). (2)

پاشان ئەفغانی بە توندی پشتگیری (تیئۆری دارون) دەکاتو سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەم تیئۆرە لە ئەسڵدا بۆچونێکی ئیسلامییە، بانگی جەماوەری موسوڵمان دەکات کە دژی سەرکردەکانیان شۆڕش بکەن، لە هەمان کاتیشدا باشترین پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ:- سوڵتان عبدالحمیدی عوسمانیو (ناصرالدین)ی شای ئێرانو خدێوی میسر بووە، ئەم سیاسەتمەدارە هەوڵئەدا گەمە بە هەموو لایەك بکاتو هەموو لایەکیش گەمەیان پێدەکرد.

ئەفغانی ماوەیەك ماسۆنی بوو، زیاتر لە (300) گەورەپیاوانی میسر لەو رێکخراوەدا کۆدەکاتەوە، پاشان هێرشدەکاتە سەر ماسۆنیەت، پاشان داوای کۆمەڵەی ئیسلامیو پێناسەی ئیسلام دەکاتو لە هەمانکاتیشدا داوای چاولێکەری خۆرئاواو فێربوونی زانستەکانی خۆرئاوا دەکات، زانکۆی (علیکرە) لەسەر شێوەی زانکۆی (کمبردج) دادەمەزرێنێت.(3)

وێڕای ئەم ناکۆکی هەڵوێستو ئاڵۆزییە, جەمال الدینی ئەفغانی نیشانەیەکی پرشنگدارە لە بواری ئازادیو رۆشنگەریدا, نوسینی مێژووی لیبرالیەتو ئازادی میسر؛ بەبێ باسکردنی ماوەی ژیانی ئەفغانی لە میسر ئەستەمەو ناکرێت کە (8)ساڵ لە میسردا ژیاوە، لەو ماوەدا جووڵەو بزوتنی خستۆتە ناوخەڵكو لەم بوارەدا بەشداری چالاك بووە، هەروەها بەشداری هەڵگیرسانی سەرەتاکانی شۆڕشی (عرابی) بووە، ئەمەیش بۆتە هۆی دوورخستنەوەی لە میسر، لە بڕیاری دوورخستنەوەیدا هاتووە:-

(ئەفغانی سەرۆکی گروپێکی نهێنی لاوانی توندڕەوە، ئەو گرووپە بۆ شێواندنو گەندەڵکردنی دینو دونیا تێدەکۆشن). کەواتە پێویستە نەك تەنها باسی مامەڵەو (تەعامولە) دژ بە یەکەکانی بکەین لەگەل خەڵك؛ بەڵکو پێویستە باسی ئەو (تەعامولانە) بکەین کە تەنانەت لەگەڵ خۆیشیدا ئەیکرد.

دەبا لە نوێخوازی ئەفغانییەوە دەستپێبکەین لە یەککاتدا چاوی بڕیبووە خۆرئاواو لە هەمان کاتیشدا دوژمنایەتی دەکردن، بانگەوازی ئیسلامگەری ئەفغانی؛ بانگەوازێکی نێودەوڵەتی جیهانی بوو، داوای کۆمەڵەی نوێی ئیسلامی (جامعة اسلامیة)ی دژ بە ئیمبریالی دەکرد. (وشەی ئیمبریالی لێرەداو لەو کاتەدا مەبەست لە خۆرئاوابووە)، (ئەو کۆمەڵەیە دژی دواکەوتنو ستەمکاریو نەخوێندەواریو داڕزانو هەڵوەشانی ئایینیو ئەخلاقی بوو). (4)

خۆرئاوا بە ڕای ئەفغانی بریتبوو لە:- ئیمبریالی و جەنگی خاچەکان (الحروب الصليبية) .. لە هەڵوەشانی ڕەوشت و ئایینی.. وە خۆرهەڵات و خۆرئاوایش بە درێژی مێژوو دوژمن بە یەکتر بوون:-

(خۆرئاوا بەرهەڵستو دوژمنایەتی خۆرهەڵات دەکات؛ هێشتا گیانی - جەنگی خاچەکان - لەواندا لە جۆش و خرۆشدایە) (5) , بەڵام ئەم دوژمنایەتیە نابێتە کۆسپ و داوا لە موسڵمانان دەکات کە پشت بە زانست و تەکنەلۆجیای خۆرئاوا ببەستن، بۆ نوێکردنەوەو پەرەسەندن سوودی لێوەربگرن)(6)

لەهەمان کاتیشدا رەخنە لە ئیستراتیجیەتی رۆشنبیری محمد علی دەگرێت و هێرشدەکاتە سەر قوتابخانە عەلمانی و مودێرنەکان و ئەو (بەعسە زانستیانەی کە نێردرابوون بۆ ئەوروپا، ئەفغانی دەپرسێت:- گەلی میسر چ سوودێکی وەرگرتووە لەو قوتابخانانە. (7)

بەڵام ئەفغانی دیسان دەڵێت:- (دەوڵەتە مەسیحییەکان بە زانست کە بناغەی هێزە؛ زاڵن بەسەر دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا، موسڵمانان بەهۆی جەهالەتەوە لاوازو شکستخواردوون, هۆی لاوازی خەلافەتی عوسمانی دەگەڕاندەوە بۆ:- (فتوحاتەکانی خەلافەتی عوسمانی؛ زانستی لەگەڵدا نەبووە، گەلێك تۆپ و جبەخانەی زانست داکۆکی و دیفاعی لێبکەن؛ بەتەنها شمشێر چۆن داگیردەکرێت؛ چۆن جەهالەت حوکمی زانست دەکات؟). (8).

ئەفغانی هاتە میسرو بە جلوبەرگی ئاینیەوە سەردانی هەموو شوێنێکی دەکرد، بەڵام راو بۆچوونە دژەکانی وایانکرد کە هەندێك بڵێن ئەو جل و بەرگانە تەنها بۆ شاردنەوەو ئاسانکاری چالاکیە سیاسییەکانی بووە.(9)

لە قاوەخانەی (متاتیا) لە گۆڕەپانی (العتبة)ی قاهیرە؛ خەڵکێکی زۆر دانیشتبوون، سەید جمال الدین چووە سەر مینبەری خوتبەدان و سەرەتا بەمجۆرە دەستیپێکرد:- (خودایە! قسەی خۆتەو قسەی تۆیش هەقە.. بەڕێزەکان بزانن کە مەدەنیەتی پڕشکۆی مرۆڤایەتی و رێگەی راست بۆ بەختیاری بەبێ قورئان سەقامگیرنابن).

لەسەر خوتبە ئاگرینەکەی بەردەوام دەبێت، (کە سەید جمال الدین خوتبەکەی تەواو کرد؛ دانیشتوانی کۆڕەکە زۆریان بورانەوە، هەندێکی تریش نزیك بوون لە بێهۆشی, (سەید) خۆی دەگریا و دەیگوت: سوێند بە تۆ خودایە, ئێمە تۆمان لەیادکردو تۆیش کارێکی واتکرد خۆمان لە یادبکەین.. چەندجارێك ئەمەی گوت و خۆیشی بوورایەوە, بەم جۆرە ماوەی سێ سەعات ئەمانەوە لە حاڵەتی گریان و ناڵەو بێهۆشیدا. پاشان (حسن بك عەتا)ی زاوای (خدێوی) میسر هاتەپێش و گوڵاوی پژان بە دەموچاویا تا هۆشی هاتەوەبەر. (10)

بەمجۆرە (جمال الدین) دەرکەوت بۆ قوتابییەکانی, یان قوتابییەکانی ویستیان بەمجۆرە باسی بکەن بۆ رەشەخەڵك و نەخوێندەواران.. وەك سۆفییەك لە حاڵ و (وجدی) سۆفییانەدا بتوێتەوە, بەڵام خێرا ئەم گوتەیەی (جمال الدین) دەخوێنینەوە:

(من لە مانای قسەی (سۆفی تێناگەم کە دەڵێت: توانەوە لە خودادا - الفناء في الله), بەڵکو دەبێت توانەوە لە خەڵکدا بێت بۆ فێرکردنیان - هۆشیارکردنەوەیان بۆ گەیشتن بە خۆشی و بەختیاریی). (11)

هەڵوێستە (دژبەیەکەکان - المتناقضة) ی ئەفغانی بەردەوامبوون تەنانەت لە باسە ئاینییەکانیشدا, چیرۆکی کتێبی (الرد علی الدهريين) بەمجۆرەیە:

(مولوي محمد واصل) مامۆستای هونەری وەرزش بوو لە قوتابخانەی (الاعزة) لە شاری (حیدر ئاباد) لە هیندستان نامەیەکی بۆ (ئەفغانی) نوسیوەو دەڵێت:

(لەم رۆژانەدا باسی - نیتشر - ((تیۆری دروستبوونی گەردوون)) دەبیستین, ئەم هەواڵە لە هەرێمەکانی هیندستاندا بڵاوبۆتەوە, لەبارەی ئەم کێشەیەوە لە زۆر کەسم پرسیوە, ئایا نیتشەری لەگەڵ بناغەکانی ئایندا

دەگونجێت, بەڵام کەسێك وەڵامی تەواوی ئەم پرسیارەی نەدامەوە, بۆیە تکا لە جەنابتان دەکەم راستیی نیتشەری و نیتشەریخوازانم بەدرێژیی و بە رۆشنی بۆ باسبکە لەگەڵ رێزمدا). (12)

ئەفغانی وەڵامی ئەم پرسیارە دەکات بە رەشەبایەك لە چوارچێوەی کتێبێکدا.. (نیتشەر ناوی سروشتەو رێبازی نیتشەری رێبازی دەهرییەکانە, مەبەستیان نەهێشتنی ئاینەکانەو دارشتنی بناغەکانی بەرەڵایی و (ئیباحە)و هاوبەشیکردن لە ماڵو سامانی گشت خەڵکدا, هەرچەند لە ئامانج و بەرنامەکانی نیتشەرییەکان دەکۆڵین و رادەمێنین, بێجگە لە تێکدان و گەندەڵکردنی مەدەنییەت و مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی هیچی دی نییە). (13)

ئەفغانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت: (سروشت بە فەرەنسی (ناتور)ە بە ئینگلیزی نیتشرە, ئەم گروپە لەناو عەرەبدا بە – طبیعیین – ناودەبرێن, فەرەنسییەکانیش بە – نتورالیسم یان ماتریالیسم – ناودەبرێن, مانای یەکەم سروشتیین و دووەمیش مادین, ماتریالیستەکان هەندێکجار بەرواڵەت خەباتدەکەن بۆ پاککردنەوەی هۆش و زەینی خەڵك لە پڕوپووچ و ئەفسانەو رۆشنگەری بە گەوهەری زانیارییەکان, هەندێکجاریش بە خۆشەویستی هەژاران و داکۆکی لە مافی رەنجدەران و خوازیاری خێرو خۆشین بۆ ئەو چینە داماوانە, بەڵام چۆن خۆیان دەناسێنن و لەناو چ نەتەوەیەکدا دەرکەون, کۆسپ و راچڵەکینێکی سەختن بۆ گەلەکەیان.. بە گوتارو قسەکانیان دڵە زیندووەکان دەمرێنن, ژەهر دەرژێننە رۆح و بۆچوونەکان).

پاشان ئەفغانی هێرشێکی سەخت دەکاتە سەر تیئۆری داروین و دەڵێت: (سەری مارەکە داروینە, کتێبێکی داناوە باسی ئەوە دەکات کە مرۆڤ لە کۆندا مەیمون بووە, لە پاش گۆڕانکاری و پوختەکاری و بەشێنەیی و لەدوای چەندین سەدەو بەماوەیەکی درێژو بەهۆی کاریگەرییەکانی سروشتەوە گۆڕاوە بۆ ئەم شێوازە, بە قسەی داروین دەکرێت لە ماوەیەکی درێژو لە رۆژگارێکی دووردا, کێچ ببێت بە فیل یان بە پێچەوانەوە فیل ببێت بە کێچ). ئەفغانی بەردەوام دەبێت لەسەر هێرش بۆ سەر سۆشیالیستەکان و دەڵێت: (ئەم تایفە تێدەکۆشن بۆ هاوبەشی لە گشت شتە خۆشەکانی ژیان, نەهێشتنی سنوورەکانی جیاوازیی,بەو نیازەی (کەس) لە کەس گەورەتر نەبێت.) هێرشی سەختی دەکردە سەر سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکان و بگرە هێرشی دەکردە سەر شۆڕشی فەرەنسا و دەیگووت: (ڤۆلتێرو رۆسۆ دەهری بوون, ئاگری شۆڕشی فەرەنسای بەناوبانگیان هەڵگیرساند و دووبەرەکیان خستە ناو میللەت و رەوشتی خەڵکیان گەندەڵکرد).

شێخ محمد عبده لە ساڵی 1914 دا کتێبی (الرد علی الدهریین)ی ئەفغانی بۆ جاری چوارەم چاپکردەوە، لەم چاپەتازەیەدا لەبری ئەفغانی پۆزشی بۆ دەهێنێتەوە:– (کۆمەڵێك لە هیندیەکان لە پاڵ رۆشنبیریی مۆدێرن و هزرەکانی شارستانی؛ کەوتنە سازش و ئاشتەوایی لەگەڵ ئیستعماردا، ئەفغانی بەوە غیرەتگیرو هەژاوەکە:– حکومەتی هیندستانی داردەستی ئینگلیز؛ پشتگیری گروپێکی خەڵکی هیند ئەکات بۆ نەفرەتکردن لە ئاین و لەقکردنی ئیمان).

ئەفغانی وەك پیشەی هەموو جارێکی و بەهەمان حەماسەوە لە کتێبی (خاطرات جمال الدین)دا هەڵوێستێکی دژ بە راکانی خۆی وەردەگرێت و دەڵێت:– (لە نوسینی خولیاو ئەندیشەکانمدا ئەگەر ئازادو سەلامەتبم؛ بەڵام لە تانەو قسەی پڕوپووچی دوور لە راستی خەڵکانی وشك سەلامەت نابم..).

ئێستا ئەفغانی دژی بۆچوونەکانی پێشووی خۆی قسەدەکات، لە بارەی تیئۆری داروین دەڵێت:- (لە مانای شیعرێکی (المعری) لێیان پرسیم کە دەڵێت:-

والذی حارت البریة فیه

حیوان مستحدث من جماد

ئەوەی خەڵکی سەرگەردان کردووە:-

ئاژەڵێك لە (رەق و بێ گیان خولقاوە)

تۆ بڵێی مەبەستی لە تیۆرییەکەی داروین نەبێت.

زێدەگوێی نیە ئەگەر بڵێم:- لەسەر زەوی هیچ شتێکی (بنە چەوریشە) تازە نیە، مەبەستی (ابو علاء)یش رووی دەرەوەی ئاشکرایە، مەبەستی لە (پەیدابوون و گەشەکردنە - النشوء والارتقاء)، دیارە (ئەبو علاء)یش شوێن رێبازی زانا عەرەبەکانی پێش خۆی کەوتووە، ئەوەتە (ابو بکر بن بشرون) لە نامەیەکدا بۆ (ابي السمع) دەڵێت:- خاك دەبێت بە رووەك، رووەکیش دەبێت بە ئاژەڵ، بەرزترین زیندەوەریش؛ (مرۆڤ)ەو دوا بەرهەمی ئەوسێ گۆڕانکارییانەیە، بەرزترین نەوەکانی خاك کانزاکان و رووەکە، ئەمانە نزمترین چینەکانی ئاژەڵن.. ئەمانە زنجیرەیەکن لە مرۆڤدا کۆتاییان هاتووە. ئەگەر ئەمەبێت رێبازی (پەیدابوون و گەشەکردن)؛ زانا عەرەبەکان لەپێش داروین رچەیان شکاندووە، منیش ئیعتیراف بە فەزڵ و گەورەیی ئەو پیاوە دەکەم کە چەند خۆڕاگر بووە لە بەردەم ئەنجامەکانی تیئۆرەکەی، وە چەندە خزمەتی (مێژووی سروشتی - التأریخ الطبیعي) کردووە.. هەرچەند من لەگەڵ خۆی و هەوادارانی لە مەسەلەی شنەی ژیاندا ناکۆکبووم).

ئەفغانی لە پاش ئەوەی هێرشێکی زۆر سەخت و زێدەڕۆیی دەکاتە سەر (د. شبلی شمیل) و کتێبەکەی لە بارەی:- راڤەکردنی تیئۆری (پەیدا یوون و گەشەکردن - داروێن)، پەشیمان دەبێتەوەو ستایشی دەکات و دەڵێت:-

(من رێزم هەیە بۆ شمێل؛ بۆ وردەکاری لە تۆژینەوەکەیدا؛ بۆ ئازایەتی و جورئەتی لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی حەکیمانە؛ بۆ گوێنەدان بە هەڵچوون و توڕەبوونی خەڵك بەهۆی نەزانی و بێئاگاییان لە راستیەکانی زانست). (14)

پاشان ئەفغانی داکۆکی لە شۆڕشی فەرەنسا و رابەرەکانی دەکات، باسی شکۆمەندی و سەربەرزییان دەنووسێت..پاشان ئەفغانی داکۆکی لە (ئیشتراکیەت) دەکا و دەڵێت یەکەم کەس داوایکردووە خەلیفەکانی راشدین بوون.

لە سەرەتادا ئەفغانی و مەلاکانی ئەزهەر زۆر ناکۆك بوون بگرە پێکدانیشیان کرد، دژایەتیانکرد هەتا لە ئەزهەر راویان نا، زەبرو هێزیان بەکارهێنا بۆئەوەی لە ئەزهەردا دەرزنەڵێتەوە، لە قاوەخانەی (متاتیا / قاهرە) کۆڕی سازکرد، شێخەکانی ئەزهەر فەقێکانی خۆیان ناردە ئەو قاوەخانەو هێرشیانکردە سەری و جنێوێکی زۆرو سوکایەتیەکی خراپیان پێکرد، ئەفغانی بە ناچاری لە گەڕەکی (دار الفوال بخان  ابي طاقیە)ی قاهیرەی کۆن؛ خانوویەکی نهێنی پەیداکرد، فەقێکانی ئەزهر کەوتنە سۆراخ و پەیجۆری ئەفغانی و ماڵەکەیان دۆزیەوە، بە تێڵاو چەکی سپی هێرشیانکردە سەر ئەفغانی و قوتابی و دۆستەکانی و ئازارێکی یەکجار سەختیان بۆ سازکردن.

بەردەوامین لەسەر باسکردنی (پێکدژەکان - تناقضات)ی ئەفغانی، لە سوڵتان و پاشایان نزیك بوو، سەردانی هەچ ولاتێکی کردبا؛ لەگەڵ سەردارو گەورەکەی دائەنیشت و لێی نزیك بوو، زۆر لە سوڵتان عبدالحمید نزیك بوو، ئەویش خۆشی دەویست و پێی موعجەب بوو چونکە ئەفغانی سوربوو لەسەر ئاوات و داخوازییەکانی

**كە:– (یەكگرتنی موسڵمانان بوو بەرابەری خەلافەتو دژی خۆرئاوا)، خۆیشی لە (ناصرالدین) شای ئێران نزیككردەوە.**

**كە ئەفغانی لە سەردەمی خدیوی ئیسماعیلدا هاتە میسر؛ لە (توفیق)ی جێنشینی نزیك بوو, ئەفغانی (تۆفیق)ی بە هیوای پاشە رۆژ دەزانیو دڵی بەو خۆش بوو، بەرادەیەك ئەفغانی هەوڵیدا كە ( ئیسماعیل بكوژێتو توفیق جێگەی بگرێتەوە.. محمد عبده دەڵێت:–**

**(منو ئەفغانی پێكهاتین لەسەر كوشتنی ئیسماعیل لە كاتێكدا بە (كوبری قصرالنیل)دا تێدەپەڕێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی كەسێكی ئەنجامدەر؛ پیلانەكەمان سەرینەگرت) (15) , كە توفیقی جێنشین لە پاش دەركردنی باوكی؛ بووە سوڵتانی میسر؛ ئەفغانی وەك مامۆستایەكی خۆی لە مەجلیسدا دائەنیشت، تۆفیقیش پێی دەگوت: (گەورەم... لە میسردا هیوام بە تۆیە). (16)**

**پاشان دەبینی ئەفغانی چۆن پشتی كردە ئەمانەو چۆن ئەوانیش پشتیان تێكردو بوونە دوژمن, لە پاش ئەم رووداوانە؛ دەبێت لەوە رامێنین كە ئەفغانی سەرئەنجام لەسەر چ فیكرو بۆچوونێك داسەكناو چۆن لە دەروونی قوتابیانو هەوادارانیدا فیكرو بۆچوونەكانی خۆی دەچەسپاند؟ لە هەموو وڵاتێكدا كە سەردانی دەكرد؛ ئەفغانی دەبوو بە مێشكو كانگای نیشتمانپەروەریو كاری شۆڕشگێڕانە، یان لانیكەم لە میسردا بەمجۆرەبوو.**

* * *

**ئەفغانی لە قسەكردندا چپەی نەدەزانی.. هەمیشە دەنگی بەرزو هەڵوێستی پتەو بوو، زۆر بە خۆی دەنازی تەنانەت لە خراپترینو ئاڵۆزترین كاتدا، لەوكاتەدا ئەفغانی دەریانكرد لە میسر؛ (ابو تراب) بوخچەی كەلوپەلی بۆ هەڵگرتبوو، بەرەو (سویس) دەرۆیشتن؛ كونسولی بەریتانیا شوێنی ئەفغانی كەوت، ویستی یارمەتی پارەی بداتو ئەفغانی لێی وەرنەگرتو گوتی:– (نەخێر جەنابی كونسوڵ.. شێر بۆ نێچیر پەكی ناكەوێت).**

**لەپاش خۆی محمد عبدەیكرد بە جێنشین، محمد عبده كە نامەی بۆ دەنووسی؛ پڕیدەكرد لە مەتەڵو هێماو ئیمزایشی نەدەكرد ئەمەیش لەترسی (خدێوی)و پیاوانی، ئەفغانی نامەیەكی تووڕەو توندی بۆ محمد عبده نووسیو دەڵێت: (بەبێ ئیمزاو بە مەتەڵ نامەم بۆ دەنووسیت، سەگ زۆربن یان كەم چ بایەخێكیان هەیە؟) (17).**

**محمد عبده كە هەست بە زەبرو توانای دوژمنەكانی دەكات؛ دەنوسێت بۆ مامۆستاكەیو پێشنیاری بۆ دەكات:– (من واپێمباشە لە سیاسەت دووربكەوینەوە، لە شوێنێكی دوورەدەستی نهێنیدا كەناربگرین، لەو شوێنەدا كەس نەماننناسێتەوە، (10) گەنجی زیرەك لە خەڵك هەڵبژێرینو لەسەر بەرنامەو باوەڕی خۆمان پەروەردەیانبكەین، ئەوانیش ئەگەر بۆیان بڕەخسێت (10) كەسی دی پەروەردەبكەن؛ لە پاشی چەند ساڵێك (100) رابەرو سەركردەمان ئەبێت لە گۆڕەپانی جیهادو ریفۆرمدا، ئەفغانی بەمجۆرە وەڵامی قوتابییەكەی ئەداتەوە:– (بێ گومانم تۆ ترسنۆكو بەزیویت.. ئێمە دەستمان بەكاركردووە، پێویستە هەتا بتوانینو بوارێكمان بۆ بڕەخسێت بەردەوام بین) (18)**

**هەمیشە ئەفغانی بەمجۆرە بوو، (احمد امین) لەسەر گۆڕی ئەفغانی بەمجۆرە دوا:–**

**(دڵە مردووەكانی زیندوو دەكردەوە، ئازادكەری عەقڵەكان بوو، بزوێنەری دەروونەكان بوو، گەلانی دەبووژاندەوە، بۆ كورسی پاشایان بوومەلەرزە بوو، سوڵتانەكان بە شكۆو گەورەیی ئەو حەسوودییو ئیرەییاندەبرد، لە زمانو قسەكانی دەترسان، دەوڵەتە خاوەن یاساو دەستوورەكان لە جووڵەی دەترسان، دەوڵەتە زۆر ئازادەكان؛ بە ئازادیی ئەو هەناسەیان تەنگئەبوو). (19)**

(ئەفغانی) هەمیشە بە توانابوو کە بەرەنگاری چ دوژمن و چ دۆستەکانی ببێتەوە لە چ پایەو پلە یەکدابن، ئامادەبوو بەراو بۆچوونی راشکاوانەو رۆشن و زۆر جاریش بەرەقی وەڵامیان بداتەوە.

سوڵتان عبالحمید بەهێزترین پیاوی سەردەمی خۆی، سوڵتانی بەڕو بەحرو خەلیفەی موسوڵمانان بوو، جارێك ئەفغانی لە کۆڕی ئەودا بە تەزبیحی دەستی گەمەیدەکرد، سەرۆکی دیوان بە هێمنی و بە چرپە تکای لە ئەفغانی کرد کە تەزبیحەکەی بخاتەوە گیرفانی، ئەویش بە دەنگی بەرز وەڵامی دایەوە:- (حەزرەتی سوڵتان گەمە بە ژیانی (30) ملیون مرۆڤدەکات؛ ئەی جەمال بۆ گەمە بە (30) دەنك تەزبیحی کارەبا نەکات؟).

دەبا لێرەدا بەراوردێك لەگەڵ نامەیەکی (توفیق خدیوی) میسردا بکەین بۆ سوڵتان عبدالحمید:-

(لە سایەی سێبەری حەزرەتی شاهانەت؛ دەستمکرد بە کاروباری (خدیویە)، زۆریش دڵنیام کە سەلامەتی (خدیویەی میسر - بەرقەرار نابێت بەبێ بەندایەتی و پاشکۆیی بۆ دەسەڵاتی پڕ نووری ئێوە) (20)

بەڵام ئەفغانی بۆ سوڵتان پێشنیاردەکات کە ببێت بە عەرەب و لە کاتێکدا بەرنامەی تورکیا (بەتورککردن) بوو دەڵێت:- (بەڵام حەزرەتی سوڵتان! چدەبێت جەنابت ببێت بە عەرەب و هەردوو نەتەوەکە لە کەشوفش و لووتبەرزی نەتەوایەتی رزگاربکەیت و ئیدی دابەشبوونی عەرەبی و تورکی پێویست نەبێت، گشت لایەك بە زمان؛ بە ئاین و عەدالەتی ئیسلامی؛ بە رەوشتی گەورەکانی عەرەب؛ بە سەخاوەت و دابونەریتی عەرەب ببینە یەك میللەت، کەواتە (بە تورککردنی عەرەب)، کەی رەوای عەقڵە، لە کاتێکدا هەموو گەلانی عەجەم (غەیرە عەرەب) بە عەشقەوە دەبوون بە عەرەب؟). (21) 0ئەفغانی بەمەیش قایل نیەو پێشنیار دەکات کە:- (بەغدا پایتەختی گشت موسوڵمانان و بارەگای خەلافەت بێت). (22)

(ناصرالدین خەسرەو) شای ئێران بێزار بوو لە بانگەوازی ئەفغانی بۆ یەکسانی و پرسیاری لە ئەفغانی کرد:- (جەنابی سەید! چۆن راستە من شاهەنشای پاشاکانی فارسبم و یەکسانبم لەگەڵ جوتیارێك؟) ئەفغانیش بەمجۆرە پەرچیدایەوە:-

(حەزەتی شاە باش بیزانە کە تاج و شکۆو دەسەڵاتت.. پایەکانی عەرش و کورسیت ئەگەر بە دەستووربێت؛ شکۆدارترو جێگیرتر دەبێت لە ئێستا، بێگومانم ئەی خاوەن شکۆ! جەنابت بیستوتە یان خوێندوتە کە چۆن میللەتێك توانیویە بەبێ شا بژی، بەلام ئایا شاهێکت دیوە بەبێ گەل و رەعیەت؟).

ئەفغانیش بەم شێوەیە ئامۆژگاری خدیوی توفیقی کرد:-

(ئەگەر ئامۆژگاری لە منی دڵسۆزت وەردەگریت؛ هەتا زووە لە حوکم و کاروباری وڵاتدا میللەت لە رێگای شووراوە بەشداربن، فەرمانبدە کە هەڵبژاردن بۆ نوێنەرانی گەل بکرێت، پەرلەمانێك بێتە کایە بۆ دانانی یاساکان، بەناوو ئیرادەی تۆیش یاساکان جێبەجێبکرێن، بەمجۆرە کورسی و دەسەڵاتی تۆ پتەوترو بەردەوامتر دەبێت) (23)

لەپاش ئەو شتانەی کە باسمانکردن؛ باسی گەشتی ئەفغانی دەکەین لە میسردا، لەکاتی مانەوەی لە میسردا گرنگیەکی زۆری پێدرا، چونکە لەوکاتەدا رووی لەهەر شوێنێك کردبا ئاسەوارێك و سێبەرێکی دەخوڵقاند، یەکێك لەو رووداوە گرنگانە (شۆڕشی عەرابی) بوو، ئەم قۆناغە - وەك پیشەی بەردەوامی میسر - زۆرترین نووسین و توێژینەوەو دوکۆمێنتی لەسەر ئامادەکرا.

ئەفغانی کە گەیشتە میسر؛ کۆمەڵێك گەنجی رۆشنبیر لە دەوری کۆ بوونەوە، هەندێکیان لە ئەزهەر بوون و رۆشنفیکر.. هەندێکیان رۆشنبیری سەردەم بوون و بەری باخچەکەی (رفاعة طهطاوی)، هەندێکیشیان لە رۆشنبیرانی خەڵکی شام بوون، وەك:- (محمد عبده - ابراهیم اللقانی - سعد زغلول - علی مظهر - حفنی

ناصف – عبدالسلام المويلحي – ابراهيم المويلحي – سليم خليل نقاش – اديب اسحق – محمود سامي البارودي – عبدالكريم سلمان – عبدالله النديم – ابراهيم الهلباوي). (24)

که لەم ناوانە رادەمێنین؛ بۆمان رۆشن دەبێت کە چ رۆڵێکی گرنگیان بووە لە دامەزراندنی میسری تازەدا، ئەم ناوانە بەس نییە، ئەفغانی بەنیازی کارتێکردن – خۆی لە گەورە پیاوانی وڵات نزیك دەکردەوە، چونکە ئەوان بڕیاریان بە دەستبوو، وەك لەمەوپێش باسمانکرد بە گەرمی پەیوەندی بە (توفیق)ی جێنشینەوە بوو، هەروەها پەیوەندی لەگەڵ (ریاض پاشا)دا بوو کە بەهێزترین وەزیر بوو لەوکاتەدا، لە نامەیەکی محمد عبده بۆ ئەفغانی ئەم دۆستایەتی (ریاض پاشا)یە رۆشندەبێت:– (پشتگیرانی خراپەو شەڕ هەوڵیاندا ناکۆکیو دووبەرەکی دروستبکەن، تەنانەت دڵی ریاز پاشایشیان بەرامبەر بەتۆو قوتابیە راستگۆکانت گۆڕی، زۆری پێنەچوو خۆم پێگەیاندو نهێنیو راستییەکانم بۆ وەزیر روونکردوەو سیحرەکەیانم پووچەڵکرد).

پاشان ئەفغانی کشاو خۆی گەیاندە گەورە موڵکدارو بازرگانو کاربەدەستان، ئەنجوومەنێکی (ماسۆنی) دامەزراند، لەو کاتەدا ماسۆنیەت مۆدەی ئەو سەردەمە بوو، لەو رێکخراوەدا تەنهاو تەنها پیاوە بەرزو بەدەسەڵاتەکان وەردەگیران، ئەمە نەك تەنها لە میسردا بەڵکو لە هەموو جیهاندا بەمجۆرەبوو، ئەفغانی ئەنجوومەنی ماسۆنی میسری ناونا:– (ئەنجوومەنی خۆرهەلات)و (300) کەسی لە ئەدیبو رۆژنامەنووسو ئەفسەرانی سوپاو خەڵکانی سەر بە ئەزهەرو گەورە پیاوانی کۆمەڵگە بوون بە ئەندامی ئەو کۆڕە، (ئەفغانی لەو کۆڕە چەندین بەشی دامەزراند وەك:– بەشی دارایی؛ بەشی یاسا؛ بەشی جیهاد؛ بەشی کاروباری گشتی، بەمجۆرە بەشێکی بۆ هەموو وەزارەتێك دامەزراند بۆ پەیوەندیکردنو داواکاری پێویست).(25)

(ئەم کۆڕی ماسۆنیە بە ئاگاداری حکومەت کاریدەکرد، لەسەر کوتکاریو چەوساندنەوە نەدەترساو گوێی نەئەدا بەقسەو قسەڵۆك، بەشێکی زۆر لە بیانیو کەسایەتی نیشتمانی پەیوەندیانکرد لەوانە:– حەلیم پاشای کوڕی محمد علیو (میر عبدالقادر الجزائری) بەناوبانگ ). (26)

ئەفغانی بەهیوابوو لەم دەرفەتەوە بخزێتە نێو چینە ئۆرستوکراتو کاربەدەستەکان کە لە دەوروبەری خدێوین، (بەو هێوایەی ئەم کۆڕی ماسۆنیە پشتگیری ئەندامە خۆرهەڵاتییەکان بکەن (مەبەستی تورکو سووریەکانە)، وە هاوکاری ئەوروپییەکانیش بکەن بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی میسر، چونکە وا بڵاوبوو کە ماسۆنیەکان پشتیوانی ئازادین، بەڵام زۆری پێنەچوو دەرکەوت ئەو بۆچوونە هەڵەیەو ئەفغانی لەو کۆڕە کشایەوە). (27)

بەڵام ئەفغانی بێ ئومێدنەبوو، کۆمەڵەی (مصر الفتاة)ی دامەزراند، وەلێ (جرجی زیدان) لەبارەی ئەم کۆمەڵەوە چیرۆکێکی سەیری لەلایەو دەڵێت:– (بەشێك لە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە بریتیبوون لە:– (جمال الدین الافغانی – أدیب اسحق, عبدالله الندیم – نقولاتوما) کە لەو رۆژگارەدا ئەهلی قەڵەم بوو، ئەمانە رۆژنامەی (مصرالفتاە)یان دەرکرد بەناوی کۆمەڵەکەوە، ئەمە لە رۆژانی کۆتایی دەسەڵاتی ئیسماعیلا بوو، چەند کەسێکی خاوەن متمانەو ئاگادار باسیانکردووە کە خاوەنەکانی ئەو رۆژنامەیە لای کاربەدەستان وایانداوەتە قەڵەم کە گوایا لە پشت رۆژنامەکەوە کۆمەڵێکی نهێنی بەهێز هەیە، لە راستیشدا تەنها نوسەرانو رێکخەرانی رۆژنامەکە بوونو دەیانویست بەرنگاری سیاسەتەکانی (ئیسماعیل)ی پێبکەن، بە زمانی عەرەبیو فەرەنسی دەریانئەکردو (گوایا) کۆمەڵەیەکی گەورە لە فەرەنسیو نیشتمانپەروەران تێدەکۆشن بۆ لابردنی ئیسماعیل یان کوشتنی، ئیسماعیلیش لەم کۆمەڵەیە دەترساو هەوڵیئەدا کە ئەندامەکانی بدۆزێتەوە) (28)

من باوەڕم بەم چیرۆکەی (جرجی زیدان)نیە، چونکە ئەفغانی هەرگیز بەمجۆرە کارینەکردووە، هەروەها دەبینین کە زۆر لە قوتابیە نزیکەکانی ئەفغانی کە پشتی پێدەبەستن‌و بەدرێژی مانەوەی لە میسردا زۆر لێی نزیك بوون – ئەمانە ناویان لە چیرۆکی (جرجی زیدان)دا نەهاتووە، ناچێتە عەقڵەوە کە ئەفغانی کۆمەڵەیەکی نهێنی بەبێ ئەو دۆستە نزیکانەی دابمەزرێنێت، ئەی کوانێ:– محمد عبده – اللقانی – حفنی ناصف‌و مویلحی‌و چەندینی تر؟

بەڵام عبدالله ندیم ئەم باسە ئاشکرا دەکات‌و دووپاتی بوونی ئەو کۆمەڵە دەکاتەوە، هەروەها دووپاتیشی دەکاتەوە کە لاوازو بێدەسەڵات بووە، (ندیم) لەم بارەیەوە دەڵێت:– (من بە هەموو توانای خۆم هەوڵم ئەدا کە ئەندامەکان بەگەرمی چالاکیی جەماوەریی ئەنجامبدەن بەڵام بێسودبوو، لەگەڵ هەرکەسێکی عاقڵدا قسەم دەکرد؛ بێدەنگی دەکردم، ئەگەر زۆریش سووربومایە؛ لۆمەی دەکردم‌و دەیبزڕکاند, منیش بۆ هۆشیارکردنەوەی گەورە پیاوان‌و میران؛ لەمەولا دەبێت لە هەژاران کۆمەڵەیەك دابمەزرێنم). (29)

ئالێرەدا دوو ڕێبازی تێکۆشان ڕۆشن دەبێت؛ ئەفغانی‌و گەلێك لە قوتابیەکانی کە دەیانویست لە چینی باڵاوە گۆڕانکاری بخولقێنن, (محمد عبدە‌و قوتابیەکانی تری ئەفغانی تا کۆتایی لەسەر ئەم ڕێبازە مانەوە)، بەڵام (ندیم) ڕوویکردە ناو جەماوەری گەل.

*         *         *

گرنگ ئەمەیە کە ئەفغانی ڕێبازی ئازادی بەرنەداو بانگەوازی دەکرد بۆ سەربەستی‌و شۆڕش‌و (کارکردن بەعەقل)، لێرەدا هەوڵئەدەین بە خێرایی هەندێك لە نووسین‌و گوتەکانی بخەینە پێشچاوی خوێنەران:–

* ئەی جوتیاری هەژار! بۆ دابینکردنی پاروەە نانێکی خێزانەکەت سکی زەوی شەقدەکەیت"، ئەی دڵی زاڵم‌و ڕەنجخۆرەکانت بۆ شەقناکەیت؟

* ئەگەر هەموو تاکەکانی گەلان تفێ بکەن؛ دەریایەك دەخولقێت‌و گشت ستەمکاران دەخنکێنێت.

* بۆ تێگەیشتن لە ئاین؛ داوای بەکارهێنانی عەقڵی دەکرد بۆیە هەمیشە دەیگوت تێگەیشتن لە ئاین دژی زانستەکانی سەردەم نیەو دوو پاتیشی دەکردەوە:– (ئایین دوورە لە دژایەتی زانست، خۆ ئەگەر لە بوارێکدا دژبوو، پێویستە ڕاڤەبکرێت‌و بگونجێنرێت – تأویل – )، واتە پێویستە ئاین بە جۆرێك ڕاڤەبکرێت کە بگونجێت لەگەڵ شتەنوێکانی جیهانی ئەمڕۆدا، ئەمەیش بەمجۆرە شەرحیدەکرد:– (ئەم زانستە تازانە لە زانستە ئاینیەکاندا بووە بەڵام بەشێوەیەکی خەفەو نادیار، ئەگەر محمد باسی کارەبای کردبا کەس باوەڕی پێنەدەکرد).

* لە گۆڤاری (العروة الوثقی)دا کە لە پاریس بە یارمەتی قوتابی (محمد عبده) دەریکرد (18 ژمارەی لێدەرچوو، کاربەدەستانی میسر قەدەغەیانکرد بێتە میسر). ئەفغانی باسی چەندین ئەفکاری ئاینی ئازادو لیبرالی تیاکردووە، یەکێك لە تۆژەران بەمجۆرە پوختەی کردووە:– (30)

* بەهۆی نەزانی‌و تێنەگەیشتن لە (تعالیم)ە ڕاستەکانی بە درێژی نەوەکان, ئیسلام گەندەڵ بووە, ئەمەیش پێویستی بە شۆڕشێك هەیە بۆ چاکسازی‌و ئیسلاح، دەنا موسڵمانان تووشی کارەسات‌و لەناوچوون دەبن، هەڵەکانی نێو سەدەکانی تەمەنی ڕابردووی ئیسلام, دەگەڕێنەوە بۆ لێنەگەیشتن لە جەوهەری باوەڕ (عقیدة) وەك لە قورئان‌و (سنة)دا هاتووە, نەخۆشی کوشندەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان؛ زۆڵم‌و ستەمی کاربەدەستانەو دوژمنایەتی ناوخۆیان، ئەم بارودۆخە هەلی ڕەخساندووە بۆ ئەوروپاییەکان کە دزە بکەنە خاکی موسڵمانان‌و داگیریانبکەن.

* ئیسلام له جەوهەردا ئاینێکی عەقلانیە، بانگەوازی ئازادکردنی عەقڵی مرۆڤدەکات لە پروپوچ و ئەفسانەو خورافاتی سەردەمی بتپەرستی، ئیسلام دەروازەی کراوەیە بۆ زانست کە بڕبڕەپشتی پێشکەوتنە، موسوڵمانان ئەگەر ئارەزوویان دەرچوونە (لە) ئەشکەوتەکانی دواکەوتن و سەرشۆڕی و ئیفلیجی, پێویستە زانستە بەسوودە تازەکان لە ئەوروپاوە وەربگرن.

ئامۆژگارییە رەسەنەکانی ئیسلام ماف ئەدەن بە موسوڵمانان کە دژی کاربەدەستە زاڵم و گەندەڵەکانیان شۆڕش بکەن، دەنا بەستەم و بوغرابوونیان؛ پایەکانی کۆمەڵگاکانی ئیسلام وێراندەکەن, ئەفغانی گوتەیەکی یەکجار گرنگی هەیەو بەردەوامیش دووپاتی دەکردەوەو (دەیگوتەوە – تکرار):– (شەریعەتەکان؛ بە گۆڕانی میللەتەکان ئەوانیش دەگۆڕێن). (31)

لەمەوپێش باسی ئەوەمانکرد کە ئەفغانی لە کتێبی (الرد علی الدهریین)دا، هێرشیکردۆتە سەر شۆڕشی فەرنساو رابەرانی، بەڵام لەپاش ماوەیەك لەگەڵیان ئاشتبۆتەوە:– (بانگەوازو داواکردنی ئازادی لە فەرنسا هەقەو دروستە، خەڵکی ئەویّ تاڵاوی زۆریان چەشت، ئای چەندیان لێکۆڕاو خوێنیان رژا! ئەمڕۆیش جیهان رێزیان لێدەگرن و چاویان لێدەکەن).

هەروەها لە هەمان کتێبدا هێرشیکردۆتە سەر سۆشیالیستەکان، بەڵام لە پاش ماوەیەك هەڵوێستی دەگۆڕی و ئاشتدەبێتەوە:– (لە پاش جێگیربوونی ئاینی ئیسلام؛ یەکەم کەس کاری بۆ سۆشیالیستی کردووە گەورە ئەسحابەکان بوون و بگرە ئەوان گەورەترین هاندەر بوون) بەمەیش ناوەستێت و دەڵێت:–

* (هەرچەند ئەمڕۆ سۆشیالیستان لاوازن و پشتگیرییان کەمە، بەڵام کە زانستی راست جیهانی گرتەوە؛ ئەورۆژە ئەوان دەبنە گەورەی جیهان و مرۆڤ تێدەگات کە هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ مرۆڤێکی برای و ئەویش لە هەمان خاك و شنەبایە، تەنها ئەو مرۆڤە گەورە ترو رێزدارترە؛ کە بۆ کۆمەڵ سوودی زۆرترە نەك بە سامان و بەرهەمی نەختینەو نەك بە خزمەتکارو سوپای زۆر، گشت ئەمانە کارێکی باتڵ و شکۆیەکی کاتین ئەوەی نەمرەو لە ژیندا دەمێنێتەوە کاری باشەیە).(32)

پێش ئەوەی لە ئەفغانی جیابینەوە دەڵێین: نابێت هەرگیز لە پەڕەیەکەوە یان لە کتێبێکەوە یان لە یەك دیدو بۆچوونەوە بڕوانینە ئەفغانی، ئەفغانی خۆی و بۆچوونەکانی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بۆیە گشتمان پێکەوە سەردانی بکەین و لەبیروبۆچوونەکانی نزیك ببینەوە، بۆیە وریابن و بەیەك چاو نەڕواننە ئەفغانی؛ بەڵکو بەهەر دووچاوو لەیەك کاتدا.

## پەراوێزو سەرچاوەکان


1- د. عاطف العراقى – العقل والتنوير فى الفكر العربيى المعاصر –(1995)-بيروت ص 131

2- المرجع السابق-ص133

3- Louis gardet –Les Hommes del islam-p.335-1977

4- د.رضوان السيد – الاسلام المعاصر –بيروت ,1986/ص197

5- جمال الدين الافغانى – الاعمال الكاملة –تحقيق د. محمد عمارة –القاهرة (1970)ص195.

6- د.محمد كامل طاهر – الصراع بين التيارين الديني والعلماني –بيروت /1994ص152.

7- الافغانى – الاعمال الكاملة-المرجع السابق –ص475

8- المرجع السابق .

9- راجع في هذا الصدد –د. عاطف العراقي –المرجع السابق .

10- سعيد الافغانى – نابغة الشرق جمال الدين الافغانى – ص33 نقلا عن كتاب (كفتار خوش بارقلبى )) تأليف الشيخ محمد محلاتى القروي الفارسي .

11- عباس العقاد – محمد عبده –سلسلة اعلام العرب /ص134 .

12- عبدالقادر المغربى – جمال الدين الافغانى – سلسلة اقرأ ص72 .

13- جمال الدين الافغاني – الرد على الدهريين – ترجمة محمد عبدو عارف ابى تراب ط1914/4

14- جمال الدين الافغانى – خاطرات جمال الدين الافغانى الحسينى – ملا على محمد باشاالمخزومى – طبعة بيروت /1931 .

15- Wil Frid Bunt –Secret History Of The English Oss upation of Egy . London -1907 . p.489

16-المزيد من التفاصيل عن علاقة الافغانى بتوفيق راجع :-

17- د. رفعت السعيد – تأريخ الفكر الاشتراكى في مصر – القاهرة – 1969 .

18- د. رفعت السعيد – الاساس الاجتماعي للثورة العرابية – القاهرة -1966 .

19- محمد رشيد رضا – تأريخ الاستاذ الامام – ج / 1 – ص.142

20- عباس العقاد – محمد عبده – المرجع السابق –ص.106

21- احمد امين –في كلمة ألقاها على قبر الافغانى .

22- رسالة من الخديوى توفيق ردا على فرمان السلطان عبدالحميد بتوليته خديوى – محفوظات القلعة – ارشيف تركى .

23- جمال الدين الافغانى – الاعمال الكاملة – المرجع السابق –ص242.

24- المرجع السابق ص.235

25- عبدالرحمن الرافعي – جمال الدين الافغانى باعث نهضة الشرق .

26- جمال الدين الافغانى – الاعمال الكاملة –ص475 .

27-د.على الحديدى – عبدالله النديم –سلسة اعلام العرب ص114 .

28-د.عبدالعزيز رفاعي – فجر الحياة النيابية في مصر –ص91.

29- جرجي زيدان – تأريخ الماسونية العام – منذ نشأتها الى اليوم – مطبعة المحروسة بمصر /1989 – ص21 .

30- Wil Frid Blunt – Ibid –P.491

31- جرجى زيدان – تأريخ آداب اللغة العربية – ج4-ط2-1937 – ص79 .

32-د.على الحديدى – عبدالله النديم – سلسلة اعلام العرب – ص83 .

33- د.محمد كامل ظاهر – المرجع السابق –ص154 .

34- جمال الدين الافغانى – الاعمال الكاملة – ص281 و ايضاً :- هشام شرابى – المثقفون العرب و الغرب – بيروت (1971)-ص.57

35- المزيد من التفاصيل راجع – د.رفعت السعيد – تأريخ الفكر الاشتراكى – المرجع السابق – ص131 – 134.

# شيخ محمد عبده

1905 – 1849

که ئەفغانی له میسر ئاوارەکرا؛ بەردەوام به قوتابیەکانی دەگوت: (محمد عبده بەستانه وەك سەرپەرشتیارێکی ئەمین‌و دڵسۆز)، بەڵام محمد عبده له هەمان کانزای مامۆستاکەی نەبوو، واته کەمتر له ئەفغانی بەخرۆش‌و شۆڕشگێڕ بوو؛ یان شتێك بەم مانایه، هەرچەند محمد عبده زۆر تر کاریکردۆته سەر میسرو میسرییەکان له ئەفغانی‌و نوسینه پڕ جۆش‌و خرۆشەکانی, زۆرتر کاریکردۆته سەر مێژووی سەردەمیان، توانای زانستی تازەگەری زۆر بەرزتربوو که لەگەڵ ئەفغانی بەراوردناکرێت.

محمد عبده؛ ئەفغانی ئاسا هەوڵی ئەدا که گۆڕانکاریی له ترۆپك‌و دەسەڵاتی بەرزەوە بکات، له رووداوە بەهێزو چارەنووسیەکانی پێش شۆڕشی (عرابی)و دوای شۆڕشدا محمد عبده هەتا ئەوپەڕی (راستڕەوی _ یمینی) راستڕەوبوو.

(عەرابیەکان) له گۆڕەپانی (عابدین)دا به رووی (خدیوی توفیق)دا راپەڕین‌و (ریاز پاشا)یان (که هاوپەیمانی محمد عبده بوو) وەدەرنا، ئەمه راپەڕینێکی مێژوویی‌و بایەخدار بوو، محمد عبده لەوکاته ناسکەدا چامەیەکی تیژو ئاگرین دەنووسێت‌و هێرشدەکاته سەر شۆڕشگێڕە عەرابیەکان‌و داکۆکی له ریاز پاشا دەکات:-

عەسابەیەکی چەته له شارەکەماندا

باشترین سەرۆکیان لابرد که ئومێدم پێی بوو

گەورەکەیان هۆی ئەم کارەی پێنەگوتن

بەڵام خودا بێگومان ئاشکرایدەکات

سەرۆك؛ هاوپەیمانی عەدالەت بوو

بەڵام سەرۆکی ئەوان حەزی له زوڵم بوو

تۆپ‌و جبەخانەیان هێناو سەربازیان ریزکرد

هەمو پێکڕا هاواریان کرد:- چیت دەوێت بیڵێ

کۆمەڵیان پەرشوبڵاوبوون‌و هەمووکەس بەشی خۆی وەرگرت

بەڵام رژێم کۆشك‌و خانووەکانی وێرانکران. (1)

محمد عبده به جۆرێك دۆست‌و لایەنگری ریاز پاشابوو (عەرابیە)کانی بەمه گوناهبار دەکرد که به پیلان‌و دنەی (توفیق)ئەم کارەیانکردووە.

محمد عبده له نامەیەکیدا بۆ ئەفغانی بەمجۆرە دەنوسێت:

(خراپکاران‌و شەڕخوازان ویستیان ژێر بەژێر فیتنەو ئاژاوە بنێنەوە، ئەوان تەنانەت دڵی ریاز پاشایان دژی تۆو قوتابیه دڵسۆزەکانت کرمێکرد، بەڵام ئێمه خێرا خۆمان پێگەیاندو راستیەکانمان بۆ ئاشکرا کرد، بەمجۆرە فێڵ‌و ساختەی شەڕخوازان پوچەڵکرانەوە). (2)

له راستیدا محمد عبده دژی شۆڕش بوو، ئەوەته راشکاوانه به (ویلفرد سکاون بلنت)* دەڵێت:- (من زۆر به توندی رەخنەم له حکومەتگرتووە، بەڵام دژی شۆڕشم، لەو باوەڕەدابووم که ئەگەر له ماوەی (5) ساڵدا دەستورێکمان دەستبکەوێت زۆر باشه، من دژی دەرکردنی ریاز پاشاو خۆپیشاندانی (عابدین) بووم، (سلیمان ابازە)و (شریعی)یش لایەنگری من بوون له دژی شۆڕش‌و ئێمه تێکڕا داواکاری دەستوور بووین). (3)

محمد عبده پێشنیارێکی یەکجار میانەڕەوو موعتدلی هەبوو، بۆ هەموو لایەکیش باسیدەکرد:- (ئێمه پێویسته بۆ چەند ساڵێك گرنگی به پەروەردەو فێرکردن بدەین، بەپێی توانا حکومەت ناچاربکەین بۆ

* (بلنت) گەورە لێپرسراوی بەریتانیا بووە له میسر - وەرگێڕ.

دادپەروەریی، پاشان هانی بدەین کە لە ڕێگەی ئەنجومەنی هەرێم‌و پارێزگاکانەوە؛ پرس‌و راوێژ بە خەڵك بکات، ئەمانەیش بە مەبەستی ئازادنەبوونی حکومەت‌و بەستنەوەی، بەرژەوەندی وڵات لە مەدانیە کە لە ناکاوو لەپڕ کارێك بکەین کە ئامادەکاریمان بۆ نەکردبێت، وەك پارەی زۆر بدرێت بە نەوجەوانێك لە خوار (ساڵی فامین – الرشد)، دیارە پارەکەشی لەناودەبات‌و خۆیشی دەکەوێتە مەترسی). (4)

ئەوەی کە جێگەی سەرسووڕمانە؛ محمد عبده بەم هەڵوێستەی چووە بەرەی گەورەترین ساماندارانو خاوەن مولك کە زۆر دوژمنی شۆڕش بوون، دژایەتی بزوتنەوەیەکی جەماوەریی بەهێزی کرد کە بەشدارانی لە ژمارە نەدەهاتن، ئەو جەماوەرە لەسەر داوای (عەرابی) بە هەزاران داخوازیان (عرائض) ئیمزا دەکردو (عەرابی)ش بەمجۆرە بۆیان ئەدوا:–

(ئەی کۆمەڵی نیشتمانپەروەران! منداڵەکانتان لە ریزی جیهادو خەباتدان، بە پشتیوانی خودای گەورە؛ بڕیاریانداوە کە چیتر نەهێڵن مافتان بخورێت، ئێوەیش ئەو عەریزانە ئیمزا بکەن کە بۆماننادروون، مەبەستیش لەو داخوازیانە:– من لە هەموو کاروباری وڵاتدا بریکاری ئێوەبم).

پەیامبەرانی (عەرابی) بەهەموو میسردا بڵاوبوونەوە، (عبدالله الندیم) یەکێك بوو لە سەرۆکانی ئەو هەڵمەتە، ئەو پەیامبەرانە ئەم نامەیان بەخەڵك رادەگەیاند:– (وەزارەتی ریاز) لە رادەبەدەر خزاوەو لە ڕێگەی راست لایداوە، ئەمەیش دەبێتە لاوازیو لەناوچوونی وڵات، بێدەنگیمان بێدەسەلاتیو ترسنۆکیەو قەدرنەزانینی زێدی ژیانو پێگەیشتنمانە). (5)

میسریەکان سەردەکەونو (عەرابی) دەبێتە سەرۆك وەزیران، حەڵواو شەربەت لە شەقامەکاندا دابەشدەکرێن، شاعیرەکانیش بە چامە ستایشی (عەرابی) دەکەن:–

بێژن بە عرابی فەرمانبدات
فەرمایشتی لە سەرسەرەو جێبەجێیە
پیرۆزبێت وەزارەت‌و وەزارەتیش
هەر تۆی دەویو بۆ خزمەتی تۆ هاتووە
بێژن بە عەرابی بەردەوام بێت
وەك سەرۆکی حیزبی سەرکەوتن‌و رێزدار

میسر لە شۆڕشدا مەشخەڵانەو میسریەکان لە پشت عەرابی یەکڕیزن، محمد عبدەیش لەسەر هەڵوێستی کۆنەخوازی خۆی بەردەوامە، محمد عبده تەنانەت لەو کاتەیشدا کە لەگەڵ لێشاوی جەماوەری شۆڕشدایە – کەچی بەردەوامە لەسەر هەڵوێستی بەتوندی میانڕەویو راسترەوی خۆی.

کە جوتیاران کەوتنە راپەڕینو جمان؛ موڵکدارانو دەرەبەگەکان دەترسنو دەهەژێن، هەرچەند هەندێکیان چوونە بەرەی (عەرابی)و لەوانەیشە بۆ مەرایی یان بە هیوای نیشتمانێکی ئازاد بووبن، بەڵام محمد عبده بەردەوامە لەسەر هەڵوێستی خۆی.

لە ئاپۆرەو کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی (عەرابیە)کاندا داوای دوانو خوتبەدانی لێدەکەن، محمد عبدەش بەم جۆرە خاوەن موڵك‌و دەوڵەمەندان دەترسێنێت: ( لە ناو گەلاندا وا باوو سەلمێنراوە کە ئەرکی ڕاپەڕینو شۆڕش لە دژی حکومەتی زاڵم‌و ستەمکارو گۆڕینی یان ناچارکردنی بۆ یەکسانی لەنێو ڕەشەخەڵکدا – ئەم ئەرکە لە ئەستۆی چینەکانی ناوەندو خواردا بووە، ئەمەش بە مەرجی خوێندنو پەروەردەی بەسوودو کامڵبوونی (ڕای گشتی)، لەناو هیچ گەلێکی ئەم سەر زەوییەدا رووینەداوە کە چینە دەوڵەمەندو تایبەتەکان و

پیاوانی حکومەت داواکاری یەکسانی خۆیان بن لەگەڵ خەڵکی ترداو خوازیاری نەهێشتنی جیاوازیەکانبن و بە یەکسانی و بەشداری چینە هەژارەکان سامان و پلەوپایەی وەزیفەکان دابەش بکەن , ئەم گۆڕانە لەپڕ لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا چۆن ڕوویدا؟ تۆ بڵێی یاسای خواوەند لەناوخەڵکیدا گۆڕابێت ؟ یان (فەزیلە) و ڕەوشتی بەرز لەناو ئێوەدا گەیشتونە ڕادەیەك کەس لە جیهاندا پێینەگەیشتووە, چۆن ئێوە قایلبوون کە گشت چینەکانی میللەتەکەتان لە ماڵ و سامان و کاردا بەشداربکەن؟ یان ئێوە نازانن بەرەو کوێ دەڕۆن و نازانن چی دەکەن؟ ) (7)

بەڵام هەڵوێستی کۆمەڵایەتی محمد عبدەو راو بۆچوونی بۆ کاری شۆڕشگێڕیی شتێکەو دیدو بۆچونی ئازادیخوازانەی بۆ نوێکردنەوەی ئاین شتێکیترە ... محمد عەبدە هێندە لێهاتووبوو کە توانی دەرگای ڕەحمەتی ئاینی بخاتە سەرگازی پشت بەرامبەر مەلا توند ڕەوەکانی ئەزهەر, ئەو هێندە بە دەسەڵاتبوو کە میسرو میسرییەکان, بگرە ئیسلام و موسڵمانانیش بخاتە سەر ڕێگای کورت و ئاسانی شەرع کە بگونجێت لەگەڵ ئاینی دروست و بە (ڕێکەوتنی) هەموو لایەك, ئەمەش لە پێناوی دامەزراندنەوەی نیشتمانێکی نوێ کە بگونجێت لەگەڵ ژیانی سەردەمدا, وە بەردەوامیش لەگەڵ سەردەمەکەی خۆی, خۆی تازە بکاتەوە, هەمیشە بە هیوای دواڕۆژێکی ئازادتر بێت لە بۆچوونە سەلەفیە داخراوەکان.

*　　*　　*

سەرەتای جەنگی ڕۆشنگەریی محمد عبدە کۆنە, لە پێش کارکردنی لە بواری سیاسەتداو بگرە لەپێش ناسینی ئەفغانیدا ئەو لە بواری رۆشنگەری دا کاریکردووە, مانگێك لە پاش دەرچونی ژمارەی یەکەمی (ئەهرام ) چەند گوتارێکی تیا بڵاوکردەوە کە بە ڕوونی و بە توندی باسی رۆشنگەرییان دەکرد,

ڕۆژنامەی (ئەهرام ) بەم جۆرە محمد عبدەی پێشکەش بە خوێنەران دەکرد:- (کەڵە زاناو ئەدیب شێخ محمد عبدە یەکێکە لە هاوسێکانی (ئەزهەر), مەبەستیشی لەم گوتارانە , بڵاو کردنەوەی فیکرە لە ناو خەڵکیدا بە نیازی بەرچاو ڕوونی و پوختەکردنی رەفتارو جۆشدانی ڕۆحی غیرەتگەری لەواندا) (8)

محمد عبدە لە پاش گەیشتنی بە ئەفغانی هێندەی تر رۆشنگەریی بەهێزتربوو , باشتر بەرەنگاری نەیارانی دەبوو.. بوێرانەتر لە بواری (تأویل) و ڕاڤەکردن و گونجاندندا کاریدەکرد... بوێرانەتر دۆگما و چەقبەستنی رەفز دەکرد, ڕۆژێك محمد عبدە بە ئەفغانی گوت: ( من لە تۆوە حیکمەتێك فێر بووم کە ئەتوانم بەو حیکمەتە دڵەکان بگۆڕم و عەقڵەکانیش عاقڵبکەم ) (9)

(**سید رشید رضا**) کە ... نزیکترین قوتابی محمد عبدە بوو, دەیگوت:- (نزیکبونەوەی عبدە لە ئەفغانی؛ عبدەی لە سستی ئەزهەرو لە تەمەڵیی سۆفییانە دەرکرد، خستیە گۆڕەپانی جیهاد لە پێناوی نوێکردنەوەی ئاین و ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و شارستانی، عبدەیش لەم پێناوەدا زۆری سزا چەشت بە دەستی کاربەدەستە زاڵمەکان و نەزانیی مێژەربەسەرە وشکەکان). (10)

هەرچەند محمد عبدەو ئەفغانی مامۆستای, پێکەوە بوون؛ بەڵام چەندین جیاوازیی ریشەیی لە راو بۆچوونیاندا بەردەوام دەرئەکەوت، ئەفغانی بە زۆریی گرنگیی بە (الجامعة الاسلامیة)و یەکگرتنی موسڵمانان ئەدا، بەڵام محمد عبدە بەزۆریی سەرقاڵی میسر بوو، لە راستیدا بانگەوازی عبدە بۆ تازەگەریی ئاینیی, مەبەستی لە میسرو تازەکردنەوەی عەقڵی میسرییەکان بوو (11)، محمد عبدە خۆیشی ئەمە دەسەلمێنێت و دەڵێت:- (ئەفغانی دەیتوانی سوودێکی زۆری ببێت لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، بەڵام هەموو تواناو گرنگیپێدانی خستە بواری سیاسەت، بە مەیش ئەو توانایەی لەکیسچوو). (12)

ئەفغانی بەمانای سیاسی؛ شۆڕشگێڕبوو، بەڵام محمد عبده (بیرمەند – مفكر) بوو بگرە نزیك بوو لە فەیلەسووف (هەرچەند بە مانای وردی زاراوە ناتوانین بڵێین فەیلەسوف)، بەڵام ژمارەیەکی یەکجار زۆر راو بۆچوونی جێهێشتووە، بۆیە ئەتوانین بڵێین بیرمەندو نوێکارێکی (مجدد) پلەیەك‌و نوسینەکانیشی لە رۆحی فەلسەفی خاڵی نەبوو. (13)

ئەفغانی لە سنورێکی تەسکانەبێت گرنگی نەداوە بە رۆشنگەریی‌و نوێکردنەوە، هەموو تواناو فیکری تەرخانکردبوو بۆ شۆڕش دژی رژێمەکان‌و ئیمپریالیزم، ئەفغانی خۆی سەرقاڵنەکردبوو بە راوبۆچوونی کەلتورو بۆچوونی پێشینان (سلف)و شتی دی، بەڵام محمد عبده هەموو توانای خۆی تەرخانکرد بۆ:- شۆڕش دژی گەڕانەوە بۆ دەقە کۆنەکان‌و (بیرکردنەوە لە قاڵبە وشکەکان)و تەعامول لەگەڵ کەلتووردا, (بانگەوازی نوێخوازیی عبده شۆڕش بوو لەناو _خودی کەلتوری ئاینیدا)، واتە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی کەلتوری ئاینی بە جۆرێك بگونجێت لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە تیادەژین)، محمد عبده هەمیشە دووپاتی دەکردەوە کە (کەلتوورەکە بێ خەوشە، بەڵام عەیب لەوەدایە کە بەدیدو بۆچوونێکی کۆنەپەرستانە تێیدەڕوانین‌و ناگونجێت لەگەڵ ئەم سەردەمەدا، هەڵوێستی ئەو بەرامبەر کەلتوور؛ نە هەڵوێستێك بوو بەبێ چەن‌وچۆن وەریبگرێ‌و نە ئەوەش بوو رەفزی بکا. (14)

نوسەرانی رۆژئاوا لەوکاتەدا هێرشێکی سەختیان دەکردە سەر ئیسلام کە ئاینی تەمەڵی‌و دواکەوتنە (رینان – هاناتو وچەندینی تر)، لەو رۆژگارەدا (لورد کرومر) زاتی ئەوە دەکات کە بڵێت:- (ئیسلام ئەگەر نەمردبێت؛ ئێستا تەواو لە گیانەڵادایەو لە رووی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەوە بەردەوامیش دەپوکێت‌و لاواز دەبێت، ئەم لاوازبوونەیش مومکن نیە بە ریفۆرم‌و نوێکردنەوەی زیرەکانەبوەستێت چونکە پوکانەوەکە لە جەوهەرە کۆمەڵایەتییەکەیدایە کە پێدانی رۆڵی دواکەوتنە بە ئافرەت لە کۆمەڵداو چاوپۆشییە لە سیستمی (کۆیلەیی – الرق)و وشکی شەرع‌و دۆگمای دەق، ئەلتەرناتیف‌و بەدیل نیە بۆ ئیسلام بەبێ تازەکردنەوەی تەواو کامیل) (15)

لەم کاتەدا محمد عبده لە دوو بەرەوە دەجەنگی:- بەرەیەکی داکۆکی لە ئیسلام وەك باوەڕو عەقیدە, دژی ئەو کەسانەی کە هێرشدەکەنە سەری، بەرەی دووەم جەنگێکی زۆر سەختترە ئەویش دژی:-

1) مەلا کۆنەپەرستەکانە کە هەمیشە پشت بە دەق دەبەستن‌و بە دیدو بۆچونێکی سەلەفیانە دەڕواننە کەلتوری ئاینیی.
2) دژی ئەو کەسانەی کە عەقڵ بەکارناهێنن‌و پشت بە دەق دەبەستن.

محمد عبده لە رووی مەلاکانی سەردەمی خۆیدا هاواریدەکرد:- (ئەگەر عەقڵ‌و نەقڵ (دەقی کۆن) پێکەوە دژ بوون؛ پێویستە عەقڵ وەربگرین)، بگرە محمد عبده چووە جەنگێکی تر ئەویش:- رزگارکردنی موسڵمانانە لە دەسەڵاتی فیکری کۆنەپەرستانەی مەلاکانی ئەو سەردەمە: (هەموو موسڵمانێك بۆی هەیە – بەبێ واسیتەی کەس نە لە پێشینان‌و نە لە ئێستا- تێبگات لە خودا بەهۆی قورئانەوەو لە پەیامبەر لەڕێگەی فەرموودەکانیەوە). (16)

ئالێرەدا شێخەکانی ئەزهەر دژی محمد عبده شۆڕشێکی سەختیان بەرپاکرد، بانگەوازی نوێگەرییان بە تایبەتی لە کلتوردا – رەفزکرد، هەروەها دژی نوێکردنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن بوون لە ئەزهەردا، هەروەها خوێندنی جوگرافیاو ماتماتیك‌و جەبرو ئەندازەو زانستە تازەکانیان لە ئەزهەردا بە تاوانێکی گڵاو دەزانی. (17)

محمد عبده بەردەوام بوو لەسەر بەرنامەی خۆیو گوێی نەئەدا بە هێرشی نەیارەکانی، گەشبین بوو بە رۆشنگەری عەقڵی میسر بەهۆی خوێندنی تازەوە.. بە ئەزهەر ئومێدی نەماو رەنجێکی زۆریدا بۆ دامەزراندنی زانکۆی ئەهلی لە ساڵی (1908)دا بۆ ریفۆرمی دادگای شەرعو سیستمی ئەوقاف.

جەنگی محمد عبده دژی ئەزهەرو ئەزهەرییەکان بەردەوام بوو، ئەزهەرییەکان لە سنوور دەرچوون، نامیلکەیان دەرئەکرد بەبێ ناو، هێرشی زۆر سووکو جنێویشیان پێئەدا کە بە گوێرەی یاسا سزای هەبوو، یەکێك لەو نامیلکانە بە (المهیاص* الهجاص) وەسفی دەکات، لە نامیلکەیەکی تری ئەزهەرییەکاندا زۆر بە خراپیو ناشرینی باسی دایکی دەکات، ژنێکی ئەزهەریش دژی عبده کتێبی دەرکردووە لەسەر بەرگەکەی ئەمە نوسراوە:-

(الحرة اللي لسانها خارج لبره*، خادمة الوطن والدين وغيورة على المسلمين)، دوو کتێبی تریش دژی ئەفغانیو عبده دانراون, دەڵێی هەمان ژنی سەرەوە دایناون, ئەوەی دژی ئەفغانی بەناوی (تحذير الأمم من كلب العجم)، ئەوەی دژی محمد عبده بە ناوی (كشف الاستار في ترجمة الشيخ الفشار)، هیوادارم ناونیشانی ئەو کتێبانە خۆیان بەسبن بۆ ناوەرۆکیان.

محمد عبدەیش کەمتەرخەمی نەکرد لە پەرچدانەوەی ئەزهەرو شێخەکانیو زۆر جاریش بە تیژیی، سید رشید رضا دووپاتیدەکاتەوە کە شێخ محمد عبده - تەنانەت لە قسە تایبەتییەکانیشیدا - زۆر بە سوکایەتی باسی ئەزهەرو ئەزهەرییەکانی دەکردو ئەم وشانەی بەکاردەهێنا:- (الاسطبل - گەوڕ)، (المارستان - نەخۆشخانە)، (المخروب - کەلاوە) (18), بۆ ئەوەی باشتر لە پەیوەندی محمد عبدەو شێخەکانی ئەزهەر تێبگەین؛ ئەم مشتومڕەی خوارەوە بخوێنەرەوە لە نێوان محمد عبدەو (شێخ محمد البحيري) ئەندامی ئەنجومەنی ئیدارەی ئەزهەر، مشتومڕەکەیش لە بارەی داواکردنی محمد عبده بووە کە زانستە تازەکان لە ئەزهەردا بخوێنرێن، باش لەو گفتوگۆیە رامێنن کە چەند تیژو بەچ جۆرێك کراوە:-

- الشيخ البحيري:- ئێمە ئەوەیان فێردەکەین کە خۆمان خوێندومانە.
- الشيخ محمد عبده:- من ئالەمە دەترسم.
- الشيخ البحيری:- ئایا تۆ خۆت لە ئەزهەردا نەتخوێندووە، گەیشتووی بە پلەیەکی بەرزی زانستو بگرە زانایەکی کەم وێنە؟
- الشيخ محمد عبده: (ئەگەر راستبێتو لە وەرگرتنی زانستیشا بەختداربم, ئەوە بەرهەمی بیست ساڵە کە من مێشکم لە پۆخڵەواتی ئەزهەر پاکدەکەمەوەو گسکی لێئەدەمو هێشتا بە دڵی خۆم پاکنەبۆتەوە)(19), جەنگی نێوان محمد عبدەو ئەزهەرییەکان بەردەوام بوو هەتا گەیشتە کۆتایی.. بەڵام کۆتاییەکی تاڵ، بە کوفر گوناهباریانکرد، ئەوەشیان بۆ هەڵبەست کە (لە کردنی فەرزە ئاینییەکاندا سستەو پشتگوێیان دەخاتو بە نوێژەکانیشەوە). (20)

ئەو دوژمنایەتیە هەتا دوا هەناسەی مامۆستای ئیمام کڵپەی دەسەند، لە کاتی مردندا بە دەم هاوارکردنەوە ئەم دوو شیعرە دەڵێت:-

من باکم نییە بڵێن محمد گێل بوو
یان لەژێر باری خەمو نەگبەتیدایە

---

* هاص الطير:- ريقنەی کرد، بەڵام هجاص لە منجدا نەبوو- وەرگێڕ.

* لـبرة: زاراوەی میسرییە, واتا زمانی هاتووە دەرەوە, واتە الى الخارج.

بەڵام ئەو دینەی کە ویستم ئیسلاحی بکەم:-
ئەترسم مێزەر بەسەرەکان لەناوی بەرن

شێخ محمد عبده کۆچی دوایی دەکات، بەڵام رقی کۆنەپەرستان هەتا ئێستایش بەردەوامە، بەڵام بۆ ئێمە هەتا هەتا یەکێکە لە پێشەنگەکانی رۆشنگەریی و نوێخوازیی و لیبرالیەت، یەکێکە لە باوکە دڵسۆزەکانی میسری سەردەم، بۆیە ئێمە پێویستمانە سۆراخ و بەدواچوونی فەتواکان و نووسینەکانی بکەین...

* * *

بەڵام ئێمە هەوڵئەدەین سۆراخ و بەدواداچوونی جەنگی نوێکردنەوەی (فیکری ئاینی) بکەین, جەنگەکانی محمد عبده لەپێناوی عەقڵ و زانست و پێویستی (تأویل) دابوو, ئەمەیش بۆ گونجاندنی (تێگەیشتنی ئاینی) لەگەڵ شتە تازەکانی سەردەمدا.

ئێمە ئێستا لە پێش دەریایەکی فراوانی کتێب و فەتواو گوتاری ئەودا راماوین وەك:-

(رسالة التوحيد)، (الاسلام دين العقل والمدنية)، (حاشية على شرح الدواني لكتاب العقائد العضدية للابجي), گوتارەکانی لە گۆڤاری (المنار)و (العروة الوثقى)و رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا، تەفسیرە بەناوبانگەکەی بۆ سورەتی (الفاتحة)و (العصر)و جزمی عەمەو تەفسیری (المنار)کە رشید رضا بۆی تەواوکرد، وانەکانی لە (دار الافتاء)و فەتوا بەناوبانگەکانی، (مێژووی ئیمام)و... چەندینی تر، ئێمە چۆن گشت ئەمانە بخوێنینەوە.. چۆن لێیان هەڵبژێرین.. چی هەڵبژێرین؟

بەڵام محمد عبده خۆی فێرماندەکات چی پێویستە هەڵبژێرین.. یان فێرماندەکات چۆن لە بارەی خۆیەوە بنووسین:- (بە دەنگی بەرز داوای دوو شتی زۆر گرنگدەکەم:- یەکەم؛ ئازادکردنی فیکر لە کۆتوبەندی شوێنکەوتن و چاولێکەریی (تقليد)، بۆ تێگەیشتن لە ئاین؛ بگەڕێنەوە بۆ رێگای پێشینانی پێش پەیدابوونی ناکۆکی (خلاف)و دەبێت بۆ تێگەیشتن لە ئاین بگەڕێنەوە بۆکانی و سەرچاوەکانی یەکەم و دایانبنێین بە یەکێك لە تەرازووەکانی عەقڵی مرۆڤ کە خودا دایناوە، بەمجۆرە دەبین بە دۆستی زانست و دنەمان ئەدات بۆ لێکۆڵینەوە لە نهێنیەکانی گەردوون و رێزگرتن لە حەقیقەتە نەگۆڕەکان و ئەمەیش وامان لێدەکات بۆ تێگەیشتن لە ئەدەبی دەروون و چاکسازی لە زانست؛ پشت بەو حەقیقەتانە ببەستین.

(من لە بانگەوازەکەمدا لەگەڵ دوو کۆمەڵی گەورە ناکۆك بووم کە جەستەی میللەت برێتیە لەو دوو کۆمەڵە:- یەکەمیان قوتابیانی ئاینی و هاوبیرەکانیان، دووەم قوتابیانی زانست و هاوبیرەکانیان. لێرەدا ئاماژەدەکات بۆ مشتومڕو جەنگی خۆی لەگەڵ شێخە وشك و دۆگماکانی ئەزهەر، هەروەها ئاماژەیشە بۆ هەندێك لە رۆشنبیرانی شام کە لە نوسینەکانیاندا دژی (تەواوی ئاین) بوون وەك لەمەودوا باسیدەکەین).

دووەم:- (ریفۆرم و چاکسازییە لە زمانی عەرەبیی و چۆنیەتی نوسینی, کێشەیەکی تر هەیە من کاتێك داوامکردووە؛ خەڵك نەیانزانیوە ئەو کێشەیە پەیوەندە بە ژیانی خەڵك و بگرە ژیانی کۆمەڵایەتیان، چارەسەرنەکردنی ئەو کێشەیە دەبێتە هۆی لاوازیی و سەرشۆڕی خەڵك، ئەو کێشە بریتییە لە:-

(تێگەیشتنی خەڵك لە جیاکردنەوەی:- ئەرکەکانی گەل بەرامبەر حکومەت و ئەرکەکانی حکومەتیش بەرامبەر خەڵك، واتە چەندە پێویستە گەل ئیتاعەی حکومەتبکات؛ هێندەیش حکومەت پێویستە عەدالەت دابینبکات، بەڵێ من یەکێك بووم بە گەلی میسرم گوت کە دەبێت مافەکانی خۆی بزانێت لەسەر حکومەت، بەڵێ ئەم داوایە ماوەی (2000) هەزار ساڵە کەسێك لە میسرا بیری لێنەکردۆتەوە، ئێمە بەگەلی میسرمان گوت:- سەرۆکی وڵات هەرچەند پێویستە گوێڕایەڵ و ئیتاعەی بکەیت؛ بەڵام ئەویش مرۆڤەو هەڵە دەکات، شەهوەت و

ئارەزوو بەسەریا زاڵدەبێت، کەسیش ناتوانێت ئەو لێشاوی ئارەزووە کۆنترۆڵ بکات بێجگە لە ئامۆژگاری میللەت؛ چ بە گوتار چ بە کردار). (21)

ئێمە لێرەدا لە بارەی کێشەی یەکەمەوە (پێبزانین) مافی خۆیمان پێداوە، بەڵام لەبارەی کێشەی دووەمەوە پێویستە هەڵوەستەیەك بکەین، دەبێت باسی کێشەیەکی تەوەریی (محوری) بکەین ئەویش بریتییە لە:-

پەیوەندی هاوڵاتی بە دەسەڵاتدارو بە پیاوی ئاین، دەسەڵاتدار حوکمی بەسەر هاوڵاتیدا دەسەپێنێت‌و پیاوی ئاینیش راو بۆچوونی بەسەر هاوڵاتیدا دەسەپێنێت، محمد عبدەیش زۆر بوێرانە بە شانازییەوە دەچێتە ئەم جەنگەوە کە زۆر جێگەی سەرسوڕمانە:- (موسڵمان لە مانای تاعەت‌و گوێڕایەڵی بۆ سەرۆك (اولي الأمر) نەگەیشتووەو بە فەرمانی ئەو هەڵدەسوڕێت، جڵەوی کارەکانی داوە بەدەست سەرۆك‌و لە ئیشوکارەکانیا ئەم بریکاریەتی، پاشان پشتدەکاتە سەرۆك‌و گوماندەکات کە حکومەت دەتوانێت گشت کارە ئیداری‌و سیاسیەکانی بۆ جێبەجێبکات، بەمجۆرە هاووڵاتی موسڵمان کاروبارە گشتییەکان پشتگوێدەخات، هەستی بەکاری باش‌و خراپ لاواز دەبێت، مەگەر ئەوەی پەیوەندی بە خودی خۆیەوە هەبێت). (22) بەڵام کاربەدەستان: (دەیانتوانی میللەت لەو کارەساتە رزگاربکەن، بەڵام نەفام بوون، تەنها دەسەڵات بەوە تێگەیشتبوون کە خەڵك دەبێت خزمەتی هەواو ئارەزووەکانی ئەوان بکەن، بە توندوتیژی خەڵك لاوازو بێدەسەڵاتبکەن، ماڵ‌و سامان بەگزیوفزی لەخەڵك زەوتبکەن؛ بۆ کپکردنی ئارەزووە گلاوەکانی خۆیان، نەعەدالەتیان دەوێت نەپرس بە کتێبێك دەکەن‌و نە شوێنی دابونەریتێك دەکەون، بەمجۆرە رەوشتی هەموولایەك گەندەڵ بوو، خەڵقەکەیش لەوانەوە فێری درۆو بێباریی- بوون، لەوانە وەفێری زوڵمکردن بوون.. بگرە فێری هەموو شتێکی خراپ بوون، دیارە میللەتێك بەمجۆرە خراپە پەروەردەبکرێت خودا سزای خۆی بۆ دەنێرێت، بەم رەوشت‌و ئاکارە پیسانە رۆح‌و عەقڵەکانیش دائەڕزین). (23)

دەسەلاتی پیاوی ئاینی لەلای محمد عبدە وجودی نیە: [هیچ موسوڵمانێك چەندە دەستی باڵابێت لە ئایندا, دەسەڵاتی بەسەر موسڵمانێکدا نیە کە چەندە پلەو پایەی نزمیش بێت" بێجگە لە ئامۆژگاریی‌و نەسیحەت هیچ مافێکی تری نیە]. (لە ئیسلامدا بەهیچ جۆرێك دەسەڵاتی ئاینی یان دەزگای ئاینی نییە - وەك میللەتانی تر - موسوڵمانان لە هیچ سەدەیەکدا ئەو دەسەڵاتە ئاینیەیان نەبووە). (24), لە شوێنێکی تردا دەڵێت: (ئیسلام دەسەڵاتی نەداوە نە بەقازی‌و نە بەموفتی-خۆیشی موفتی وڵاتی میسر بوو- نە بە (شێخ الاسلام) کە بەسەر (عەقائد)و حوکمەکانەوە بڕیاردەربن، هەموو دەسەڵاتێکی ئەوان بریتیە لە:- ئەو دەسەڵاتەی کە شەرعی ئیسلام دیاریکردووە، هیچ کەس لە پیاوانی ئاینی بۆینیە خۆی واپیشاندا کە مافی کۆنترۆڵکردنی ئیمان‌و بڕوای کەسێکی هەیە). (25)

محمد عبدە زۆر بە توندی دژی ئەوەبوو کە دەسەڵاتی سیاسی‌و ئاینی پێکەوە حوکم بکەن‌و دەیگوت:- (ئەمە سەرلێشێوان‌و گومڕاییە ئەگەر بڵێین ئیسلام هەردوو دەسەڵاتی ئاینی‌و مەدەنی کردووە بە یەك، ئەم بۆچوونە هەڵەیەکی رووتەو بە ئیسلامیش نامۆیە، هەڵەیە ئەگەر وابزانین کە سوڵتان بڕیاردەری - مقرر- ئاین‌و دانەری ئەحکامەکان‌و ئەنجامدەریانەو موسوڵمانیش کۆیەلەی دەسەڵاتی ئەوە). (26)

یەکێك لە توژەرو لێکۆڵەرەوەکان دووپاتیدەکاتەوە کە ( رەتکردنەوەی دەسەڵاتی ئاینی‌و سووربوون لەسەر مەدەنیەتی, محمد عبدەی راکێشا کە دووپاتی بکاتەوە:- دەزگاو دامەزراوەکانی کۆمەڵگا مەدەنین‌و شەقڵ‌و شێوازێکی نەتەوایەتیان هەیە، واتە بەهۆی باوەڕی ئاینی هیچ جیاوازییەك نیە لە نیوان هاوڵاتیاندا) (27).

ئالێرەدا مافی ئەوەمان هەیە دووپاتی بکەینەوە کە داڕشتنی وێنەی دەوڵەتی میسری تازە - دەگەڕێتەوە بۆ ئازایەتی‌و عەقڵی محمد عبدە، ئەو چەسپاندی کە دەوڵەت لەسەر بنەمای یەکسانی هاووڵاتییان دابمەزرێت، وە

**یەکیەتی نیشتمانی میسریەکان – بەدەر لە جیاوازیی ئاینیان – بناخەی کۆمەڵگەی میسرە، ئەگەر خەڵکانی تریش بەشدارییان لەم پرۆژەو بۆچوونەدا کردبێت؛ بەڵام شێخ محمد عبده رابەرو رچەشکێنێکی ئاینی بوو، بە بەڵگەی زیندووی لۆجیك سووربوو لەسەر راوبۆچونی خۆی.**

**محمد عبده دووپاتیدەکردەوە کە شێوەی حکومەت:– (لەسەر ویستو ئارەزووی خەڵك بێت، هەڵبژاردنی دەوڵەت دەبێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانماندا کۆکبێتو بۆمان سوودی ببێتو عەدالەت بەرپابکات). (28)**

**خواستو بانگەوازی محمد عبده بۆ بەکارهێنانی عەقڵو رێزگرتن لە شتە (پێزانراوەکان – مدرکات)؛ یەکێك بوو لە گرنگترین پایەو بناخەکانی فیکری محمد عبده، دیارە عەقڵو زانست دوو شتی پێکەوە گرێدراون:– (موسوڵمان بۆ ئەوەی عەقڵی کەیفخۆشبکات؛ پێویستە لە شانشینی زانستدا مەلەبکات، لە زەوی بەربڵاویشدا؛ بۆ وەدەستهێنانی رزقو رۆزی مەلە بکات، مرۆڤ لە ئیسلامدا بۆ ئەوە نەخوڵقاوە کە جڵەوی بە دەست خەڵکەوە بێتو رایکێشن، بەڵکو بە زکماکیو خۆرسك؛ وا خوڵقاوەکە بە زانست رێگای ژیانی خۆی رۆشنبکات)... (موسوڵمانان بە توندی هاندراون کە بگەڕێن بە شوێنی زانستدا لە هەر جێگایەك بێت؛ بەسەر هەر زمانێکەوە بێت، کە گەیشتن بەهەر زانایەكو لەهەر جێگایەك؛ شادودڵخۆشبن، خۆیان سازو تەیاربکەن بۆ خزمەتی ئەو زانایەو گوێنەدەنە باوەڕو عەقیدەی ئەو بەمەرجێك سوود لە حیکمەتی وەربگرن). (29)**

**دیارە عەقڵیش دژی نەقڵو گێڕانەوەیە، شوێنکەوتن دژی (بیرکردنەوەیە بە عەقڵ)، (مرۆڤ بە زکماکیو خۆرسك واخولقاوە کە بەزانست رێگای ژیانی خۆی رۆشنبکات)، هەروەها محمد عبده خەڵکی هۆشیار دەکردەوە کە پابەندنەبن بە هەموو شتێکی باپیرانو پێشینانەوە چونکە (قەدیمیو کۆنی مەرج نیە بۆ زانینو عیرفان بە تایبەتی بەرزی عەقڵەکان بەسەر عەقڵەکانی تردا، یان زەینێك بەسەر زەینێکی تردا). پاشان دەڵێت:– (مرۆڤ بەپێی ئاینی راستەقینە دووشتی زۆر گرنگی پێدراوە:– ویستو ئیرادەی سەربەخۆ، سەربەخۆیی بیرو بۆچوون).**

**تەنانەت لە کێشەکانی باوەڕو عیبادەتەکانو حەڵاڵو حەرامو کێشەکانی ژیانو گشت ئەو کێشانەی کە زانایان تیا ناکۆکن؛ محمد عبده رای وەهایە کە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ قورئانو سونەت، بەڵام دەبێت دووربکەونەوە لە (شوێنکەوتن – تقلید)و پەناببەن بۆ (اجتهاد)و تازەگەریی کە پشتبە عەقڵ ببەستێتو بەپێی بارودۆخی سەردەمو پێداویستیەکانی، ئیجتهاد دەبێت بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی ئەو سەردەمە، ئیجتهادێك بۆ سەردەمێك دەشێت بەڵام بۆ گشت رۆژو زەمانێك مەرجنیە بشێتو موسڵمان پابەندبێت پێوەی، کە سەردەمێك تێپەڕیو پێویستیەکانی ئەو ئیجتهادە نەما؛ ئیدی ئیجتهادەکەیش دەبێت پووچەڵبکرێتەوە نەك خۆی بگرە ئەو حوکمانەیش کە پەیدوەندن پێوەی، موسوڵمان دەبێت بەردەوامو بەوردیی ئاگای لە قورئانو سونەت بێت، لەبیروکردارەکانیدا بەپێی بارودۆخی سەردەم ئیجتهادبکات، دەبێت بە ناکۆکیو ئیختیلاف بێزارو قارس نەبێت، بە تایبەتی لە جیاوازیی (ئیجتهادی عەقڵی خۆی)و ئیجتهادو بۆچوونی پێشینانی موسوڵمانان). (30)**

**بەمجۆرە بڕوای بەکارهێنانی عەقڵ؛ رابەریماندەکات بۆ زانستو سەرفرازیو ئازادی بیرکردنەوە، دوورمان دەخاتەوە لە چاولێکەرییو شوێنکەوتن، دەمانخاتە سەر رێگای ئیجتهادو گونجاندنی دەقەکان لەگەڵ واقیعدا.**

ئیجتهادو تأویل؛ ئازادییەکی بەربڵاویان بە محمد عبده بەخشی لە بواری:- فەتوادان بە جۆرێك کە بگونجێت لەگەل ڕۆحی سەردەمو پێویستیەکانی، فەتواکانی محمد عبده میسرو میسرییەکانی لە تاریکی حوکمە سەختو زۆڵمەکان ڕزگار کرد، ئەگەر ئەونەبا میسر نەدەچووە قۆناغی تازەگەریو مۆدیرنێتە..
ئەم خاڵانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لە فەتواکانی:-

* فەتوایدا کە موسڵمان بۆی هەیە بەرگی ئەوروپایی بپۆشێتو شەپقە لەسەرنێت، بەرگو پۆشاك بۆ جوانیە، بەپێی پێویستیو بەرژەوەندی دەگۆڕێت.

* فەتوایدا کە موسوڵمان بۆی هەیە پارەی بخاتە بانكو قازانجیش وەربگرێت، بەم فەتوایە بناغەی گەشەکردنی ئابووری میسری دامەزراند.

* فەتوای وێنەگرتنی فۆتۆگرافیو دانانی پەیکەریدا (وێنەگرتن بۆ پێناسەو پەساپۆرتو شتیدی...)

* فەتوایدا کە خواردنی گۆشتی دەستی مەسیحیو جوولەکە دروستە چونکە خاوەنی کتێبن.

* فەتوایدا کە سۆراخی زانست فەرزە لەسەر ژنو پیاو.

* فەتوایدا کە دڵنیایی (تأمین) لەسەر ژیانو موڵكو سامان دروستەو حەرام نییە.

ئەمانەو دەیان فەتوا کە دەرگای ڕەحمەتی بۆ موسوڵمانانی سەردەمی خۆی خستە سەر پشت، لە کاتێکدا شێخانی سەردەمو پێشینانیان لە چوارچێوەی چاولێکەری کوێرانەی سەلەفیدا ئەسیریان کردبوون، ئەو شێخانە محمد عبده بە شێوازێکی ئەدیبانە وەسفی دەکردن:- (ئەوان بەرگی فەروەیان بە ئاوەژوو دەپۆشی... نە گەرمیان دەبووە نە لاشیاندەبرد)، ئێمە بۆمان نییە ئەم باسە جێبهێڵینو سەرگوزشتەی مامۆستای ئیمام لێرەدا تەواونەکەین، چونکە باسی هەڵوێستی ئەومان نەکردووە بەرامبەر ژن، هەندێك دووپاتیدەکەن (بەبێ بەڵگەیەکی تۆکمە بێجگە لە هەندێك لەو بەڵگانە کە باسیان دەکەین) کە گوایا محمد عبده نوسەری سەرەکی هەموو؛ یان هەندێکە لە کتێبی قاسم أمین (ئازادکردنی ئافرەت)، هەندێك لەو دەقانە دەنوسین کە محمد عبده لە بارەی ژنەوە گوتویە:-

(خێزان خشتێکە لە بونیادی میللەت کە لە خێزانەکان پێکهاتووە، باشی خێزان باشی میللەتە، پیاوو ژن یەکسانن لە مافو کاردا، هەروەها چونیەکن لە عەقڵو هەستو هەروەهایش خودیان (ذات)، باشبزانن ئەو کەسانەی بە زوڵمکردن لە ژنان دەیانەوێت گەورەی ماڵی خۆیانبن؛ بێگومان منداڵیان دەبنە کۆیلەی خەڵك). (31)

* هەمیشە محمد عبده دووپاتیدەکردەوە کە:- (چەوسانەوەی ژنو بێبەشکردنی لە مافەکان؛ لادانە لە ڕێنماییەکانی ئاین): (خەڵك بە هۆی نەفامیانو تێنەگەیشتنیان لە بەرژەوەندیە کۆمەڵایەتیەکان؛ پلەو بایەخێك بۆ ژنان دانانێن، تێنەگەیشتن کە ژن چ ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە باشکردنو خراپکردنی ژیانیان، پاشان ئیسلام فێریکردن، بەڵام خەڵك لە هەموو زەمەنێکدا چەندیان پێدەکرێت هێندە لە ئاین وەردەگرن، قورئان چەندین ڕێگەو پەیامی هەیە بۆ باشکردنی بارودۆخی خێزانەکان ئەمەیش بە باشکردنی مامەڵە لەگەڵ ژناندا، بەڵام خەڵك بە باشی کار بەو پەیامو ڕێنماییانە ناکەنو بگرە زۆربەیان لەم سەردەمەدا پشتگوێیان خستوونو گەڕاونەتەوە بۆ سەردەمی جاهیلیەت). (32)

* لەبارەی فرە ژنیەوە دەڵێت:- (پەیدابوونی ئەم سیستمە دەگەڕێتەوە بۆ زۆربوونی ژمارەی ژن لە پیاو لە کۆمەڵگە جەنگیەکانی کۆندا، یەکێك لەو کۆمەڵگانە کۆمەڵگەی جاهلی عەرەبە، ئیسلامیش دابونەریتی سەردەمی جاهلی نەکردووە بە سیستمی خۆی، ئەو بۆچوونە ڕاستنیە کە دابونەریتی سەردەمی جاهیلی بووە بە بەشێك لە

ئاینی ئیسلام، ئیسلام وای بەباشزانی کە ئەمە بە شێنەیی و کەمکەم لاببات، چونکە لە پێش ئیسلامدا بەبێ سنوور ژنهێنان دروست بوو، بەلام بە (4) چوار ژن سنووری بۆ دانرا، ئەم سنوورەیش بەمەرجی – بوونی عدالەت – تەسککرایەوە، بوونی عەدالەتیش کارێکی زۆر دەگمەنەو قایلبوونە بە ژنێك مەگەر بۆ پێویستیەکی زۆر سەخت) پاشان دەڵێت: (لە کاتێکدا لە سەرەتای ئیسلامدا فرەژنی سوودی بۆ بێت؛ بەلام لە مەودوا زیانی بۆ خێزان و بۆ گەلیش هەیە، ئەگەر شتێك لە کۆندا خراپی نەبووبێت و بۆ ئێستاخراپ بێت؛ پێویستە ئەو حوکمە بۆ ئەم زەمانە بگۆڕێت) پاشان محمد عبدە دووپاتی دەکاتەوە کە (بێگومانم دروستە ئەو عادەتە؛ واتە عادەتی فرەژنی – سەیرکە پێی دەڵێت عادەت – بەتاڵ بکرێتەوەو لاببرێت، دەسەلات و زانای ئاینی مافی خۆیانە فرەژنی قەدەغە بکەن، مەگەر ژنەکە نەزۆکبێت و مێردەکەی حەزی لەمنداڵبێت، لەم کاتەدا قازی بۆی هەیە لەم پێویستیە بکۆڵێتەوەو بڕیاربدات کە پیاوەکە ژنی دووەم بهێنێت). (33)

تەلاقیش بەلای ئیمام محمد عبدەوە:– (تەلاق لەخۆیدا قەدەغەیە، بەلام لەکاتی ناچاریدا حەلاڵە) لەم بۆچونەیدا پشتی بە گوتەی ئیمامی علی بەستووە کە دەڵێت:– (ژن تەلاق مەدەن، چونکە تەخت – عەرش – بە تەلاق دێتە لەرزە), هەروەها پشتی بە حاشیەو پەراوێزی – ابن عابدین – بەستووە کە دەڵێت: (لە بنەڕەتدا تەلاق قەدەغەیە، واتە قەدەغەیە هەتا هۆیەك پەیدا نەبێت، ئەگەر تەلاق بەبێ هۆیەك بوو؛ ئەوە گەوجی و گێلییەو بگرە ناشوکرییە بە نیعمەتی خوداو ئازاردانی ژن و منداڵی ژن و کەسوکاری ژن).

ئیمام محمد عبدە تەلاقی ئەو کەسانە کە لەکاتی توڕەبووندان بایەخی پێنادات، لەمەیشدا پشتی بە گوتەیەکی ئیمامی علی بەستووە کە دەڵێت:– (ئەو کەسەی بڕیاری جیابونەوەی ژن و پیاو دەدات بەهۆی تەلاقدان لەکاتی تووڕەییدا خودا لە رۆژی قیامەتدا لە دۆست و خۆشەویستانی جیای دەکاتەوە، نەك هەر ئەمانە بەڵکو دەبێت بە ئامادەیی دووشایەتیش بێت).

بگرە ئیمام محمد عبدە لە پێش ئێمەدا بڕیاری خۆیداوە کە ژن مافی (خلع) دەستلێهەڵگرتنی هەیە لە پیاو دەڵێت:– (عەدالەتی مرۆڤایەتی وا دەخوازێت کە مافی (وازهێنان لە پیاو) بدرێت بە ژن، چونکە ژمارەیەکی زۆر لە پیاوان؛ زوڵم و ستەمێکی بێئەندازە لە ژن دەکەن). (34)

لەم کێشەداو لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا هەوڵ و خەباتمانکرد کە ئەو مافە بدرێت بە ژن، لە پاش ئەو شتانەی کە باسمانکردن؛ زۆر ئاساییە کە محمد عبدە تەنها کەسێکە بکرێت بە (موفتی وڵاتی میسر)و میسرییەکانیش ئەم نازناوەیان پێدا (الاستاذ الأمام) و لە راستیشدا وابوو ئێستایش و دوارۆژیش هەروا دەبێت, هەرچەند گوترابێت و بگوترێت لە بارەی ئیمامەوە هەرکەمە، بەلام باشیعریش لەمبارەیەوە مافی خۆی بەم کەڵە مرۆڤە بدات، ئەمە چەند شێعرێکی (حافیز ابراهیم)ە. (35)

دەشێت خامە بۆ مەدحی ئەو
کڕنووش بەرێت
چاوەکانی لەترسی خوا
ئەشکی لێبێت سوور هەڵگەڕێت
گشت ئاوات و خەونەکانمان
لە دەوری تۆ وا خولدەخۆن
لەسەرشانت باڵەفرەو
بۆکۆچی تۆ زۆر خەمدەخۆن
تۆ ئیمامی ئێمە بویت و ڕێگەوان

**ئەم گەلە گومڕابوو؛ سەرلێشێواو**

**زووکە لەکەل وە درکەوە بەشکم**

**دەروونە تێکشکاوەکان ببووژێن و**

**کەمێك ناسکترو بەسۆزتربن**

**تۆ لە خۆرهەڵات یان لە خۆرئاوا**

**رایانتەکێنە؛ رایانپەڕێنە**

**دەبا هۆشیاربن دڵبکەن ئاوا**

**شاعیری گەورەی میسر (احمد شەوقی) لە ستایشی محمد عبدەدا گوتی:-**

**ئەی محمد! لە گوتارو بەڵێنا**

**راستگۆبویت و (هەق)یش:-**

**بەتۆ هەقیگوت و راستگۆبوو**

**تۆ گێژاوی دەریای عیلمی**

**لەکاتی هێمنی و هێور بوونا.**

**تۆ گێژاوی دەریای عیلمی**

**لە لافاوو لە شۆڕش و لەهەڵچوونا**

**کە ئەم سیانە بێ گەورە و میربوون**

**تۆ میری گوتاری، میری دەقی**

**میری (نەخێر) خۆت خاوەن هەقی**

**کاتێك زۆر بوون گاڵتەچییان**

**تۆ خۆگر بووی**

**زۆر پێمسەیرە تۆ خۆگربووی**

**پەراوێزو سەرچاوەکان**

1- محمد رشيد رضا – تاريخ الاستاذ الامام – ج1 –ص153 .
2-المرجع السابق ص 142
4- عباس العقاد – محمد عبده-ص106
5-سليم خليل نقاش – مصر للمصريين ج4 - ص9
6-المرجع السابق ص125
7- لمزيد من التفاصيل راجع:-
- سليم خليل نقاش – مصر للمصريين – المرجع السابق.
- د. رفعت السعيد – الاساس الاجتماعى للثورة العربية.
8- الاهرام- سبتمبر / 1876
9-السيد يوسف – رائد الاجتهاد و التجديد فى العصر الحديث – الامام محمد عبده- القاهرة / 2001 .
10- رشيد رضا – المرجع السابق .
11-السيد يوسف – المرجع السابق –ص16 .
12- نصوص مختارة من الامام محمد عبده – بيروت 1983-ص10 .
13- د. عاطف العراقى – العقل والتنوير فى الفكر العربي المعاصر- بيروت -1995-ص136 .
14- المرجع السابق .
16- د. محمد عمارة- محمد عبده – الاعمال الكاملة – ج3 –ص283 .
17- د.عاطف العراقي – المرجع السابق –ص157،و ايضا محمد كامل ظاهر – المرجع السابق –ص159 .
18- محمد رشيد رضا – تأريخ الاستاذالامام – المرجع السابق –ج1-1931-ص159 .
19- محمد عبده – الاعمال الكاملة بيروت – ( 1973-1974 ) ص 178 .
20- رضوان السيد – الاسلام المعاصر ص 191 و ايضا البرت حوراني – الفكر العربي في مصر النهضة – ص 175 .
21- محمد رشيد رضا – المرجع السابق – ج1 –ص11 .
22- محمد عبده – الاسلام دين العلم و المدنية – ص 80 .
23- المرجع السابق ص 81 .
24- محمد عبده – الاعمال الكامله – المرجع السابق –ج1-ص105 .
25- المرجع السابق-ج2-ص125 .
26- المرجع السابق .
27- د. محمد كامل ظاهر – المرجع السابق –ص 183 .
28- محمد عبده – الاعمال الكاملة – المرجع السابق ج1-ص 360 .
29- محمد عبده – المرجع السابق ج3-ص 299 .
30-مختارات من الاعمال محمد عبده – المقدمة – ص 14 .
31- محمد عبده – الاعمال الكاملة –المرجع السابق- ج5 –ص 208 .
32- المرجع السابق- ج 4-ص 654 .
33- المرجع السابق- ج1-ص174 ، ج2-ص 90 .
34- المرجع السابق –ج2-ص 118 .
35- حافظ ابراهيم – ديوان – ضبطه و صححه و شرحه احمد امين بك- ابراهيم الابياري- ج1-ص17- ط4 / القاهرة/1948 .

36- احمد شوقى – الشوقيات – توثيق و تبويب و شرح و تعقيب د. احمد الحوفي- القاهرة-1981-ج2-ص394.

# عبدالرحمن الكواكبى (الرحالة ك)

1902 – 1854

عبدالرحمن الكواكبي (1854 – 1902) پیاوێكی ئاینیو رۆژنامەنوسو فەرمانبەری حكومەتو بیرمەندو (مجتهد)و هەڵكەوتووبوو، كواكبی ژیرانە بەرهەمێكی فیكری تازەی تۆكمەی پێداین؛ كە بتوانین بە شێوەیەكی لیبرالیانە لە فیكری ئاینی تێبگەینو لەهەمان كاتیشدا بەو فیكرە ململان لەگەڵ زوڵمو ستەمكاریدا بكەینو لە ئازادییەكانی مرۆڤو مافە كۆمەڵایەتییەكانی تێبگەین، لەم رێگایانەوە چووە گۆڕەپانی نەبەردی داكۆكیكردن لە سۆسیالیستی بە تێگەیشتنو لۆژیكێكی ئیسلامییانە.

لە ساڵی 1878 دا رۆژنامەی (الشهباء)ی دەركرد، لە ساڵی 1889 دا رۆژنامەی (الاعتدال)ی دەركرد، بەڵام دەسەڵاتدارانی عوسمانی بەهۆی هێرشبردنە سەر سیاسەتەكانی دەوڵەتی خەلافەت بەرامبەر عەرەب؛ هەردوكیان داخست, لە كاتێكدا پارێزەر بوو؛ نوسینگەیەكی لە حەڵەب كردەوە بۆ پێشكەشكردنی راوێژی یاسایی (المشورة القانونیة) بە خۆڕایی بۆ هەژاران، بەردەوامیش داكۆكی لە هەژاران دەكردو داواكاری ئازادی بوو، هێرشی دەكردە سەر پیاوانی ئاینی سەر بە خەلافەتی عوسمانی، ئەو پیاوە ئاینیانە بە (مێزەرەكانی سوڵتان) یان (مێزەر بەسەرە نەخوێندەوارەكان)ی ناو ئەبردن.

دەسەڵاتدارانی خەلافەت زۆر لێی پڕبوون، چەند جارێك گیراو خرایە بەندیخانە، لە كاتێكدا كواكبی یەكێك بوو لە  پیاوە گەورەو ناودارەكانی كورد لە حەڵەب، لەگەڵ ئەوەدا كە هەموو دەڵێن بە (بنەچە) دەچێتەوە سەر پێغەمبەر, پاشان رۆیشت بۆ میسر، كە بە (دار العلم و الحریة) ناوی دەبرد, لە میسردا ناوبانگی دەركرد وەك بیرمەندو خەباتكارێكی ئازا دژی ستەمو زوڵم، وەك خوازیارێكی بەتوانا بۆ نوێكردنەوەی ئیسلامو ئازادیو سۆشیالیستی, كواكبی بەڵای هەموو تۆژەران؛ بریتییە لە :- هەردوو كتێبی (طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد)و (ام القری).

لە كتێبی یەكەمدا بە خەستی هێرشدەكاتە سەر حكومەتە ئیسلامییەكانو رەخنەیان لێدەگرێت، لە كتێبی دووەمدا رەخنە لە نەفامی گەلانی موسڵمان دەگرێت، هانیان ئەدات بۆ بوژانەوەو پەرچدانەوەی زوڵمو ستەم جا ئەم زوڵمو ستەمە هی كاربەدەستان بێت یان هی پیاوانی ئاینی. (1)

با لە كتێبی یەكەمەوە دەستپێبكەین، لە بەرگی دەرەوەی نوسراوە:-

(طبائع الاستبداد ومصارع الاستعباد ) بانگی هەقەو هاوارێكە لە شیوێكدا – ئەگەر ئەمرۆیش با بیبات؛ سبەینێ هەموو مێخەكان هەڵدەكەنێ, نوسەری/ الرحالة ك, كواكبی لە میسردا هەرچەند ئاسوودە بوو؛ بەڵام لە زوڵمو زەبری جاسوسەكانی سوڵتانی عوسمانی دەترسا، بۆیە لەسەركتێبو نوسینەكانی ناوی خۆی نەدەنوسی، كواكبی لە بارەی نەخۆشیو دەرمانەوە دەیگوت:-

(مادییو مەتریالیستەكان دەڵێن زەبرو هێز نەخۆشییەو بەرەنگاریو موقاومە دەرمانە، سیاسیش دەڵێت:- نەخۆشی بە كۆیلەكردنی خەڵكەو دەرمانیش گێڕانەوەو سەندنی ئازادیە، داناو حەكیمیش دەڵێت:- توانای زوڵمو ستەم نەخۆشیەو دەرمانیشی؛ توانای داواكردنی سۆزو بەزەییە، مافناسیش دەڵێت زاڵبوونی دەسەڵات بەسەر شەریعەتا نەخۆشیەو دەرمانیش زاڵبوونی شەریعەتە بەسەر دەسەڵاتدا, خوداناسیش دەڵێت بەشداریكردنی خودا لە زەبرو ستەمدا نەخۆشیەو دەرمانیشی یەكتا پەرستیە). (2)

لەكاتی گەڕان بەدوای (نەخۆشیو دەرماندا)، كواكبی هەوڵیدا وەك ئەفغانی بكات، لەسەردەمی ئەودا باوبوو كە بیرمەندانو تێكۆشەران؛ لە گازینۆیەكدا كۆڕیان سازدەكرد، ئەمیش كە گەیشتە قاهیرە؛ لە گازینۆی (إسبلیندیا) لە (عتبە) كۆڕێكی سازكرد، كۆمەڵێكی زۆر لە دۆستو هەوادارانی كۆ بوونەوە لەوانە:- رشید رضا، محمد كردعلی، ابراهیم سلیم النجار، طاهر الجزائیري، عبدالقادر المغربي و چەندینی دی. كواكبی لەگەڵ

قوتابییەکانیدا بابەتەکانی کتێبی (طبائع الاستبداد) یان تاوتوودەکرد، پاشان بەش لە دوای بەش‌و بەبێ ئیمزا لە رۆژنامەی (المؤید – خاوەنی شێخ علی یوسف) بڵاوی دەکردەوە، پاشان لە کتێبێکدا هەمووی کۆکردەوە.. ئێمەیش لێرەدا بەدواداچوونێکی ئەو کتێبە دەکەین:–

کواکبی سەرەتای بەچەند پرسیارێك دەسپێدەکات:– پێناسەی زۆرداری (الاستبداد)، نیشانەو ئاکارەکانی، دەرمانەکانی، بۆچی ستەمکار زۆر ترسنۆکە؟ ئەی گەل‌و رەعیەتی ستەمکار بۆ ترسنۆکن؟ ئەی چۆن لە ستەمکار ئازاد ئەبین؟ ئەی بەدیل‌و ئەنتەرناتیفی ستەمکاریی چیە؟

ئەمانەیش وەڵامی ئەو پرسیارانەیە:–

(ملهوڕیی‌و ستەمکاریی پیشەی فەرمانڕەوایەکە بەهەوەسی خۆی‌و بەبێ ترس لە موحاسەبەو لێپێچانەوە؛ کاروباری گەل ئەنجام ئەدات). (3)

پاشان دەڵێت:– (گشت جۆرەکانی حکومەت لەم پێناسەیە بەدەرنین؛ مەگەر بخرێتە ژێر چاودێرییەکی توندو موحاسەبەیەك کە دوربێت لە خاترگرتن‌و چاوپۆشی، هەروەها گشت حکومەتێکی دادپەروەرو عادل؛ کە ترسی نەبێت (لە) لێپرسینەوەو موحاسەبە یان ئیهمال بکرێت – خێرا دەسدەکات بە زوڵم‌و ستەمکاری‌و تەرکیشی ناکات، چونکە دووشت یارمەتی ئەدەن:– جەهالەت‌و دواکەوتوویی گەل، سوپاو هێزی سەربازی ئامادە، ئەم دوانە گەورەترین بەڵاو کارەساتن بۆ گەلان‌و رسواییین بۆ مرۆڤایەتی). (4)

ستەمکاریش:– (بەهەوەس‌و ئیرادەی خۆی نەك ئیرادەی خەڵك – دەسدەخاتە کاروبارییان‌و بە ئارەزووی خۆی نەك بە شەریعەتی ئەوان دادگاییان دەکات، زۆردار خۆی باش دەناسێت کە زەوتکارو (غاصب) دەستدرێژکارە، بەڵام پاژنەی پێی دەخاتە سەردەمی ملیۆنان خەڵك کە فززەنەکەن‌و داوای مافی خۆیان نەکەن، زۆرداری دوژمنی هەق‌و دادپەروەری‌و بکوژیانە، هەق باوکی مرۆڤەو ئازادیش دایکیەتی، عەوامیش هیچ نازانن، زانایانیش برای فامیدەو تێگەیشتووی ئەوانن، ئەگەر لەخەو هەڵیانسێنن رادەپەڕن، ئەگەر بانگیان بکەن دەچن بەدەنگیانەوە.) (5)

بەڵام لە توانای کێداهەیە ئەم ستەمکارە لە سنورێکدا بوەستێنێ‌و خەڵك لە زۆرو ستەمی رزگاربکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە, بزوتنەوەی جەماوەرە یان وەك خۆی دەڵێت بزوتن‌و جووڵەی رەعیەت:– (ستەمکار مرۆڤەو ئەویش بە فیترەو خۆڕسك ئامادەیە باش بێت‌و خراپ، کەواتە جەماوەر پێویستە سازو هۆشیاربێت کە چی باشەو چی خراپە، وە ئامادەبن بڵێن شەڕو خراپەمان ناوێت، دەبێت ئامادەبن کردارو گوتار یەکبخەن، قسە ئەگەر کرداری لەگەڵ نەبێت دەچێتە هەوا، بەڵام تەنها ئامادە بوون بۆ کردار بەسە بۆ شەڕی زۆردار)

کەواکبی داوا لە جەماوەر دەکات کە بە تەنها بۆ کردار ئامادەبن... ئەم ئامادەبوونە بە تەنها بەسە بۆ پاشەکشەی زۆردار لە زۆرداریی. (6)

کواکبی هەوڵئەدات کە چەند چەکێکمان پێبدات بۆ ترساندنی ستەمکار:– (زاڵم لە زانستەکانی زمان‌و زمانەوانی ترسی نیە، پێویستە لە پشتی زمانەوە حیکمەت‌و حەماسێك ببێت بەیداخ هەڵبکات‌و بە گوتاری سیحر ئاسا سوپا بشکێنێت، هەروەها ستەمکار لە زانستەکانی ئاین کە باسی رابردوون؛ ناترسن، چونکە ئەو زانستانە گێلی‌و گەوجی لانابەن‌و بەرچاو رۆشنناکەنەوە، خەڵکانێك بەو زانستانە خۆیان سەرقاڵدەکەن‌و گوایە حەزیان لە زانستە!)، ئەگەر یەکێك لەو زانا ئاینیانە هەڵکەوت‌و شۆرەت‌و ناوبانگی دەرکرد لەناو خەڵکی عەوامدا؛ بە پارەو خوانی زۆرداران – ئەو خەڵکە عەوامە فریو ئەدەن‌و دەیانکەن بە لایەنگری خۆیان, بەڵام ستەمکاران بە زانستەکانی ژیان روخساریان گرژدەبێت‌و تووڕە دەبن وەك:– فەلسەفە عەقڵییەکان، مافی گەلان،

سیاسەتی مەدەنیو مێژوو بەدرێژیی, خیتابی ئەدەبیو ئەو زانستانەی کە تەمی نەزانی دەڕەوێننو خۆرەکان بالآدەکەنو سەرەکان دەسوتێنن). (7)

تەنها زاناکانی بەرەی گەل لە ستەمکاران دەترسن: (ستەمکار عاشقی خیانەتەو زانایان نەیاری ئەون، ستەمکار دزو فریودەرەو زانایان خەڵك هۆشیار دەکەنەوە، ستەمکار چەندین کارو بەرژەوەندی هەیە، تەنها زانایان کاریان لێتێکئەدەنو دەیشێوێنن) بەڵام جەماوەری خەڵك (ئەوانەن کە نەزان بوونو دەترسن، کە ترسان خۆیان ئەدەن بە دەستەوە، ئەوانەن کە فێربوونو چاویانکردەوە؛ قسەی خۆیاندەکەنو کاری خۆشیان دەکەن). (8)

کەواکبی هیچ هیوایەکی بە حکومەتی ستەمکارنەبوو نە بە خۆی نە بە هیچ کەسێکی نێو حکومەت؛ هەرچەند بۆ ریفۆرمخوازانیش مەراییبکەن:- (حکومەتی ستەمکار دیارە هەموو تاکێکیو هەموو لقێکی ستەمکارن، سەرۆك وەزیران؛ سەرۆکی ستەمکارانە، پاشئەو؛ وەزیرەکان لە سەرۆك وەزیران کەمتر خراپن.. هەروەها بەپێی پلەو پایەی وەزیفەیان) کەواتە (باعاقڵان نەخڵەتێنو باوەڕ بە زەردەخەنەی وەزیرانو سەرکردەکان نەکەن کە دەڵێن دژی زوڵمنو لافوگەزافی فەلسەفەو چاکسازی لێئەدەن، چەندە خۆیان بە دڵسۆز نیشانبدەنو دووڕوویی بکەن درۆدەکەن... گشت پیاوانی سەردەمی ستەمکاریی ڕەوشت غیرەتیان نییە... هەرگیزیش ئومێدی باشەیان لێناکرێت). (9)

کواکبی تەنها بە هێرش بۆسەر پیاوانی دەوڵەت ناوەستیت، بەڵکو هێرش دەکاتە سەر هەموو دەوڵەمەندانو گەورە پیاوانی میللەت کە بە (نەجیبزادەکان ) ناوی دەبردن:-

(نەجیبزادەکان لە هەموو خێڵەکانو هەموو جۆرەکان، میکرۆبی وڵاتن، مرۆڤ لە ئادەمنو یەکسانن، ئەگەر وڵاتێك نەجیبزادەی هیچ تیا نەبێتو یەکسانبن، ئیدی ئەو گەلە لە یەك ئاستا دەبوون، حکومەتیان بە هەڵبژاردن دائەمەزرانو یەك دەنگ ئەبوونو کەسیش نەدەبوو بە جێنشین) (10), گەورەی زاڵم:- (نەجیبزادەکان بەرابواردنو فەنتازیا سەرشۆڕدەکات، بەڕادەیەك پیلاوەکانی ماچدەکەن پاشان بەم نەجیبزادانە جەماوەریش سەرشۆڕو لەقاودەکەن).. (دەوڵەمەندان کۆتوبەندی زاڵمانن خۆیشیانو خەڵکیشیان پێزەلیل دەکەن، بۆیە هەچ وڵاتێك دەوڵەمەندی زۆر بوو، زەلیلیو سەرشۆڕی تیازۆرە، بەڵام هەژاران چۆن مەڕ لە گورك دەترسێت، ئەوهایش دەوڵەمەندان لە هەژاران دەترسن) (11), ستەمکار خۆی زەوتکارە (غاصب )و هانی دەسوپێوەندی ئەدا کە ئەوانیش مافی جەماوەری گەل زەوتکەن:- (پێشینان کە دوژمنیان ئەسیردەکرد سەریاندەبڕیو دەیانخوارد، بەڵام زاڵمان کۆمەڵی خۆیان ئەسیردەکەن، بە چەقۆی زوڵم سەریاندەبڕنو خوێنیان دەمژنو سامانیان لێزەوتدەکەن، بەسوخرەو بێگار، بە داگیرکردنی بەری ڕەنجو ماندووبونیان، تەمەنیشیان کورتدەکەن). (12)

بەو جۆرە بە سیستمی زۆرداریی, حاکمو گەورەی زۆردار وەبەرهەمدێت، حاکمی زۆرداریش کەسێکی دەوێت کە گەلی بۆ فریوو ماڵیی بکات، جا ئەو کەسانە نەجیبزادەکان بن یان پیاوانی ئاینی، ئەمانە پێکڕا میللەت ئیستغلال دەکەنو خوێنی هەژاران دەمژن. ئەوەی ئیمە باسیدەکەین ئازادیو سۆشیالیستە .. زاناکانی بەرەی میللەت زانستەکان بە جۆرێك دەڵێن بە خەڵك کە دەسەڵاتداران بترسێنن، (سۆشیالیستیش بەرزترین بوونەوەرە .. بەڵێ سۆشیالیستی نهێنی سەرەکیە لە سەرکەوتنی گەلانی مەدەنیو پێشکەوتوو، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا ملیۆنان خەڵك ڕێکخراوو کۆمەڵەیان دامەزراندووە، داوای یەکسانی یان (نزیك لە یەکسانی) دەکەن لە مافو ئەركو گوزارەنی مرۆڤدا، وە لە دژی زوڵمو ستەمکاری تێدەکۆشن).

سۆشیالیستی بە بۆچوونی کواکبی تەنها نموونەیەکی ئەوروپایی نیە، بەڵکو لە بناغەوە کەلەپووری ئیسلامیە, (خەلیفەکانی راشیدین لە مانای قورئان تێگەیشتنو کاریان پێکردو کردیان بەرابەری خۆیان،

حکومەتێکیان دامەزراند کە بەیەکسانی لەگەڵ هەژارانی میللەتدا دەژیان، لە خۆشیو ناخۆشیدا هاوبەشبوون، موسڵمانان لەگەڵ یەکتر هێندە بەسۆز و نزیکبون وەك یەك خێزانی بەرە بابێك دەژیان، کۆمەڵگەیەکی تۆکمەو گوزەرانێکی سۆشیالیستی وایان دامەزراند دەتگوت خێزانێکن باوکێك دەیان ژێنێتو لە ئامێزی یەك دایکا دەژین) (13).

کواکبیش دووپاتیدەکردەوە کە ئیسلام حکومەتی ئاینی نەزانیوەو ئیعترافی پێنەکردووە:- (لە ئیسلامدا جگە لە بەجێهێنانی دروشمە ئایینەکان ئیدی هیچ دەسەلاتو نفوزێکی ئاینی رەهاو موتلَق نیە). (14)

پاشان کواکبی داوای یەکگرتنی موسڵمانانو مەسیحیەکان دەکاتو پێکەوە بۆ ئازادی نیشتمان کاربکەن: (ئەی میللەت: مەبەستم لەو کەسانەیە کە بە عەرەبی قسەدەکەنو موسڵمان نین، باپێکەوە رقو کینەو خراپە کاریەکانی رابوردوو لە یاد بەرین. وەرن با پێکەوە بە عەرەبی فەسیح بدوێین وەك برا بۆ یەکتر بەرەحم بین لە خۆشیو ناخۆشیدا, وەك یەك شادبینو خەمخۆری یەکدیبین، لێمانگەڕین ژیانی دنیامان پێکەوە رێکبخەین، با ئاینەکان تەنها لە رۆژی قیامەتدا بڕیاری خۆیان بدەن، لێمانگەڕێن با لەسەر یەك وشەی هاوبەش کۆبین ئەویش: بژی گەل بژی نیشتمان بژی ئازادیی، داواتان لێدەکەم – بە تایبەتی رەسەنەکانتان – بەرچاو روونبنو بە چاوی تیژەوە بڕوانن بۆ چارەنووس) کتێبی دووەمی کواکبی أم القرى یە، لەم کتێبەدا بە خەیاڵ کۆبوونەوەیەکی لە مەککە لە کاتی حەجکردنی ساڵی (1316 – 1898) دا سازکردووە، نوێنەرانی (22) وڵاتی ئیسلامی ئامادەی ئەو کۆنگەرەیە دەبن.

مەبەستیش لەم کۆنگرە تاووتوێکردنی کاروباری موسڵمانانە، کواکبی ئەم گۆنگرەی ناونا (گۆنگرەی بووژانەوەی ئیسلامی)، کواکبی بە خەیاڵ ئەم ناوانەی بۆ نوێنەران داناوە (السيد الفراتي، الفاضل الشامی، الكامل الاسكندري، العلامة المصري، المحدث اليمنی، الحكيم التونسي، العيد الانكليزی، الرياضی الكردی،المولی الرومی، الامام الصيني ..هتد), کواکبی داوا دەکات کە بنکەی دایمی ئەو گۆنگرەیە لە (مکە)ی پیرۆز بێت، بەڵام بەشێوەیەکی کاتی بنکەی لە قاهیرە بێت چونکە (خانەی زانستو ئازادیە) مشتومڕو ئاخافتن لە بارەی:- ئەو پرسیارانە چین کە لە دەروونی موسڵمانناندا خولدەخۆنو بەگەرمیی باسیاندەکەن؟

پرسیاری یەکەم:- هۆی دواکەوتن چیە؟ ئەفغانی وەڵام ئەداتەوە: (نەخۆشی گشتی بە ڕای ئەو هەژارییە .. ئەمەش هۆی هەژاریمانە:- بە شەرعی ئیسلام بەشێك لە سامانی دەوڵەمەندان پێویستە بسەنرێتو بدرێت بە هەژارانو لێقەوماوان, بەڵام حکومەتەکان ئەم کارە بە پێچەوانەوە دەکەن پارە لە هەژاران دەسێننو بۆ دەوڵەمەندانی تەخشانو پەخشاندەکەن). (15)

لە کۆبوونەوەی دووەمدا (السيد الفراتي) دەڵێت:- هۆی دواکەوتن زۆرە لەوانە (سیاسەتی دکتاتۆرىو دەسەلاتی رەها، بێبەشکردنی میللەت لە ئازادی قسەوکار، نەبوونی ئاسایشو بێهیوایی، نەبوونی دادو عەدالەتو یەکسانی لە بواری مافدا لە ناو چینەکانی گەلدا، وە ئاوەژووکردنەوەی (وەرگرتنی ماڵ لە دەوڵەمەندو بەخشینی بە هەژاران)، لاوازیو بگرە بێهێزی (رای گشتی ئەمەش بە دروستکردنی دووبەرەکیو خەڵك گرتن) (16).

(المولی الرومي) دەڵێت:- بەڵای گەورە نەبوونی ئازادییە، ئازادی بۆ مرۆڤ بە نرخترین شتە لەپاش ژیانی، نەبوونی ئازادی واتە بێهیواییەو وەستانی کارو مردنی دەروونو ئیفلیجبوونی شەریعەتەکانو شێواندنی یاساکان، ئازادی واتە:- مرۆڤ لە قسەو لە کرداریا ئازاد ئەبێتو هێچ زاڵمێك بەربەستی نەکات، ئەمانەیش بەشێکن لە ئازادی:- یەکسانی لە مافو لێپرسینەوە لە دەسەڵاتداران چونکە ئەوان بریکارو وەکیلن.، ئازادی خوێندن, ئازادی خوتبەو چاپەمەنی ئازادی لێکۆڵینەوەی زانستی, ئازادی دادگا بۆ ئەوەی کەس لە ستەمکاریان

زەوتكار – غاصب–و خیانەتكارو تیرۆریست نەترسێت.. دەبێت گیانو شەرەفو ناموسی هەمووكەس پارێزراوبێت .. دەبێت زانستو بە كارهێنانی ئازادبێت). (17)

لەم ئاخافتنە بەتامەدا بەردەوامدەبین كە چۆن كەواكبی بە زمانی نوێنەرەكانەوە قسە دەكات:– (میللەت واتە گەل چییە؟ ئایا پاشماوەی بوونەوەرەكانە یان كۆمەڵێك كۆیلەی داگیركارێكی سەركەوتوون؟ یان كۆمەڵێكن پەیوەندی رەگەزو زمانو نیشتمانو مافی هاوبەش پێكەوە دەیانبەستێتەوە؟) (18), كواكبی لەو ئاخافتنو حیوارەدا دووپاتیدەكاتەوە كە پێویستە ئاین لە دەوڵەت جیابكرێتەوە:– (میللەتە زیندووەكان هەتا كاروباری ئاینیان لە كاروباری ژیان جیانەكردەوە پێشنەكەوتن، ئەو گەلانە ئاین بە كارێكی ویژدانی (وجداني) رووت دەزانن وە پەیوەندی بە كاروباری ژیانی رۆژانەوە نییە، هەروەهایش پەیوەندی بە یاساكانی سروشتەوە نییە). (19)

كواكبی دوو كتێبی تری داناوە، دەڵێن ئەو دوانە زۆر تیژتر داكۆكییان لە ئازادی كردووە، زۆر بێرەحمانە هێرشی كردووەتە سەر دەسەڵاتە زاڵمو ستەمكارەكان، بەڵام جاسووسو شۆفارەكانی عوسمانی بەتووندیی سۆراخیان دەكرد (دیارە ئاگادارن كە كتێبی یەكەم – طبائع الآستبداد – بەناوێكی نهێنی چاپی كرد)، سیخوڕەكانی خەلافەتی عوسمانی بەشوێنیا دەگەڕانو یەكێكیان توانی رەشنووسی ئەو دوو كتێبە بدزێت، رەشنووسی ئەو دوو كتێبە (باب العالي)ی ئێجگار تووڕەو بێزاركرد، بڕیاریاندا هەردوو كتێبەكە لە ئەستەمبوڵ بسووتێنو بڕیاریشیاندا كە لە كواكبی رزگار بنو بیكوژن.

نزیكەی گشت سەرچاوەكان یەكڕان لەسەر ئەوەی كە (كواكبی) ژەهریان پێداوە، دەڵێن یەكێك لە سیخوڕەكانی عوسمانی تێبینی كردووە كە (كواكبی) لە كاتی هەڵدانەوەی لاپەڕەی كتێبدا پەنجەی بەزمانی تەڕدەكرد، سیخوڕەكە كتێبێكی (لاپەڕە ژهراوی) بە دیاری پێبەخشی، دەڵێن (ابوالهدی الصیادي) كە چڵكاوخۆرێكی بلیمەتی (الباب العالي) بوو, كە هەواڵی مردنی كواكبی بیست لە خۆشیا وەخت بوو بفڕێتو گوتی:– (بەخوێندنەوە ماندوویكردین، بە خوێندنەوەیش كوشتمان). لەسەر گۆڕی كواكبی خەڵكانێكی زۆر ئامادەئەبن و(حافظ ابراهیم) لە چامەیەكدا دەڵێت:–

ئا لێرەدایە پیاوی ژیان
ئا لێرەدایە پیاوی خواناس
ئا لێرەدایە باشترین زوڵم لێكراو
ئا لێرەدایە باشترین نووسەر
گشتان بوەستن و (ام الكتاب ) بخوێنن
سڵاوی لێبكەن ئەمە گۆڕی كواكبیە

**پەراوێزو سەرچاوەکان**


1- بڕوانە د. عاطف العراقي – المرجع السابق – ص 166.

2- الرحالة ك (عبدالرحمن الكواكبي) طبائع الاستعباد ومصارع الارتعباد, طبعة / مطبعة الدستور العثماني (1318 ه) – ص 8.

3- المرجع السابق – ص 10

4- المرجع السابق – ص 19

5- المرجع السابق – ص 13

6- المرجع السابق – ذات الصفحة

7- المرجع السابق – ص 33

8- المرجع السابق – ص 34

9- المرجع السابق – ص 56

10- المرجع السابق – ص 71

11- المرجع السابق – ص 50

12- المرجع السابق – ص 59

13- المرجع السابق – ص 19

14- المرجع السابق – ص 39

15- عبدالرحمن الكواكبي – ام القرى – طبعة محمود افندي طاهر – صاحب جريدة العرب – ص 41.

16- المرجع السابق – ص 110

17- عبدالرحمن الكواكبي – الاعمال الكاملة – تحقيق محمد عمارة – القاهرة .

18 المرجع السابق – ص 421

19- المرجع السابق – ص 183

# الشيخ على عبدالرازق

1947 – 1885

کاتێك ئەتاتورك لە کۆماری تورکیا)و لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا پاش روخانی خەلافەتی عوسمانی دەسەڵاتی وەرگرت، خۆرئاوا پێیاندەگوت کە (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی)، ئەتاتورك کاری بۆ (بەعەلمانیکردنی) دەوڵەتو کۆمەڵگاو دەزگاکان دەکرد، (ئەم قەناعەتو بۆچوونەی ئەتاتورك جووت بوو لەگەڵ قەناعەتو بۆچوونەکانی محمد علی لە میسردا). (1)

هەنگاوی یەکەمی ئەتاتورك دانانی چەند یاسایەکی مەدەنی عەلمانی بوو کە بۆدواجارو بەکردار؛ هەردوو دەسەڵاتی ئاینیو سیاسی لە یەکتر جیاکردەوە، پاشان لە (1924/3/3)دا پلەی خەلافەتی لابردو دواخەلیفەی عوسمانی لە کارلادا، دەزگا ئاینیەکان کەوتنە ژێردەستی دەسەڵاتی مەدەنی، تەنانەت پیتە عەرەبیەکان کە زمانی تورکیان پێدەنوسرا؛ لایبردنو کردنی بە پیتی لاتینی. (2)

لە کاتێکدا لیبرالو ئازادیخوازەکان خۆشحاڵ بوون بەم هەنگاوە؛ گۆڤاری (المقتطف)ی میسری وێنەی ئەتاتورك لە بەرگەکەیدا بلاودەکاتەوە بە (گەورەترین سەرۆکی سەردەم)ی ناو دەباتو بەتوندی پشتگیری لێدەکات کە (ئاینی لە دەوڵەت جیاکردۆتەوە، بۆچوونی ئەوەیە کە ئاین کارێکی کەسیو شەخسیە لە نێوان مرۆڤو یەزداندا، دەوڵەت لەسەر بناغەی سیستمێکی مەدەنی دائەمەزرێتو بە پەرۆشدەبێت بۆ بەرژەوەندی گەلو بۆی نیە کۆنترۆڵی بیروباوەڕو (عقائد) ویژدانی خەڵکبکات). (3)

دیارە ئەتاتورك لە بۆشاییدا پەیدانەبووە، دەشێت پشتی بە نوسینو بەرهەمەکانی مەلا ئازادیخوازەکان بەستبێت کە رۆشنبیرانەو ئازادانە بیریاندەکردەوە (وەك):- رفاعه الطهطاوي، الکواکبي" محمد عبده" یازجي" لطفي السید" شبلي الشمیل وفرح انطوان... هتد . (4)

بەڵام شێخەکانی ئەزهەر لەم هەنگاوەی ئەتاتورك تۆقین، چونکە بۆ یەکەمجار بوو کە موسوڵمانان لە پاش پەیامبەر بێ خەلیفەبن با بەناویش بێت.

لەپاش (4) رۆژ لە نەمانی خەلافەت لەلایەن ئەتاتورکەوە؛ هەندێك لە زانایانی ئەزهەر بەیاننامەیەکیان دەرکردو رایانگەیاند کە بڕیاری لابردنی خەلافەت لە لایەن (کەمالیەکان)ەوە پووچو بەتاڵە، چونکە خەلیفە لە لایەن موسوڵمانانەوە هەڵبژێراوە بە شێوەی (بیعة)، لەبەرئەمە نابێت لابرێت، بڕیاری لابردنیشی (لە لایەن کۆمەڵێکی مولحدی بێبایەخ)ەوە دەرچووە، (شێخ محمد حسین)ی بریکاری ئەزهەر وتارێکی بڵاوکردەوە:- (ئەگەر خەلیفە بە ئارەزووی خۆی پایەی خەلافەتی جێنەهێشتووە؛ وە هێشتا پابەندە بەو مەنسەبەوە؛ ئەوە هەڵبژاردنو (بیعة)ەکەی لە گەردنی موسوڵماناندایە)، وەداوا لە خەڵکانی بە دەسەڵات دەکات کە (بیر لە هەڵبژاردنی خەلیفەیەك بکەن بۆ موسوڵمانان). (5)

ئەم کێشەیە لایەنێکی تری بۆ پەیدابوو، ژمارەیەك لە پاشای موسوڵمانان کەڵکەڵەی خەلافەت کەوتە مێشکیان، هەر یەکێك بۆخۆی دەیویست ببێت بە خەلیفە:- احمد فؤاد، شاحسینی کوڕی علی شای حیجاز، شا أمان الله خان پاشای ئەفغانستان... هەر یەکێکیان وایدەزانی کە خۆی لە هەموو کەس شیاوترە بۆ خەلافەت، بەڵام احمد فؤاد بەهۆی سەنگی شارستانیو رۆشنبیری میسرو بوونی ئەزهەری شەریف وەك قەڵایەك" لە هەموویان بەختی باڵاتر بوو.

هەرچۆنێك بێت میسردەستپێشخەری کرد... زاناکان بە سەرۆکایەتی شێخی ئەزهەر بەیانێکیان لە (19)ی شەعبانی (1342ھ) (1924/3/25ز)دا دەرکرد، لەو بەیاننامەدا فەتوایان دەرکرد کە دانانی (بیعة) عبدالمجید لە لایەن کەمالیەکانەوە وەك خەلیفە" پوچەڵکردەوە، کەمالیەکان عبالمجیدیان وەك خەلیفە دانا بە نیازی لابردنو پوچەڵکردنەوەی خەلافەت, زاناکانی ئەزهەر پێیان وابوو کە ئیسلام بەو شێوازە کە هەڵیان بژاردووە ئاشناو

قایل نیە، چونکە عبدالمجید بۆ ئەو پۆستە ناشێت‌و دوورە لە دەسەڵاتی مەدەنی (لە یادیان نەماوە کە چەندین سەدەیە خەلیفەکان هەربەناو دەسەڵاتی سیاسیان بووە)، شێخەکانی ئەزهەر بڕیاریاندا کە کۆنگرەیەك ببسترێت‌و نوێنەرانی گشت گەلانی موسڵمان بەشداری تیا بکەن بە سەرۆکایەتی شێخی ئەزهەر، لەو کۆنگرەدا باسی ئەوە بکرێت کەکێ واجبە بکرێت بە خەلیفەو لەچ شوێنێکدا نیشتەجێبێت؟ وە مانگی شەعبانی (1342ك)یان دیاریکرد بۆ بەستنی کۆنگرەکە. (6)

لە مانگی ربیع الاولی (1343ك)دا اکتوبر (1924) بڵاوکراوەیەك (نشرة) دەرچوو بە ناوی (المؤتمر)، مەبەستیش لەو بڵاوکراوە بانگەوازبوو بۆ ئامادەبوونی کۆنگرەو سەرخستنی‌و دیاریکردنی ئامانجەکانی، لە لاپەڕەی یەکەمدا وتارێکی محمد رشید رضا بڵاوکرابو، تیا دوپاتی دەکردەوە کە بەستنی کۆنگرەکە زۆر پێویستە چونکە (یەکەم کۆنگرەیە کە زانایانی ئاین‌و دونیای گشت گەلانی موسوڵمان بەشداری تیا بکەن، ئەرکی ئەو کۆنگرەیە داڕشتنی پرەنسیپ‌و بنەمای حکومەتێکی مەدەنی ئیسلامییە، لەو حکومەتەدا شەریعەت بەرز رادەگیرێت، بنەماکانی پەرەوەردەو فێرکردن بە جۆرێك رێکخرێن کە هیدایەتی ئاین‌و بەرژەوەندییەکانی دنیا‌و ژیان رەچاوبکرێن، وە خەلیفەو رابەرێك بۆ موسوڵمانان دیاریبکرێت) (7)

کۆنگرەکە لە ذي القعدةی (1344ك) (13/مایو/1926) بە لاوازیی بەسترا، چ ئامادەبوون‌و چ ئەنجامەکانی لاوازبوون، بۆیە کۆنگرەکە سەرکەوتوو نەبوو، هەروەها بیرۆکەی هەڵبژاردنی خەلیفەیەکی تازەیش فەشەلیکرد, سەرنەکەوتنی کۆنگرەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە:-

- شاکان لەناو خۆیاندا ناکۆك‌و کێبەرکێیان دەگرد لەسەر ئەوەی کێببێت بە خەلیفە؟
- دەوڵەتەکانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانی خێرا قەوارەی نیشتمانی خۆیان راگەیاند.
- (سعد زغلول)ی سەرەك وەزیرانی ئەوکاتەی میسر دژی ئەو فیکرە بوو.
- گەلێك لە رۆشنبیران" لەوانە رۆشنبیرەکانی (پارتی ئەحراری دەستوری) دژی دیاریکردنی خەلیفە بوون - لە کاتێکدا ئەو رۆشنبیرانە لەگەڵ پاشای میسرا پەیوەندیان باشبوو - رۆژنامەی (السیاسة)ەی سەربەم پارتە وتارێکی بلاوکردەوە کە دووپاتی دەکاتەوە:- کێشەی خەلافەت پەیوەندی بە سیاسەتی باڵای دوڵەتەوە هەیە (چونکە دەقی دەستور رێگەنادات پاشای میسر بەبێ رەزامەندی پەرلەمان دەستبخاتە کاروباری دەوڵەتێکی تر، وە ئەم کێشەیە پەیوەندە بە خەڵکانی رامیارو سیاسی‌و دەبێت زانایانی ئەزهەر لە گرتنی ئەم کۆنگرە دووربکەونەوە).

هەروەها رۆژنامەی (السیاسة) وتارێکی (الشیخ علی عبدالرازق)ی بڵاوکردەوە، لەو وتارەدا کاغەزەکانی گەمەکەی خستە پێشچاوی خەڵك‌و روونیکردەوە کە ئەو پەرۆشی‌و حەماسەتە بۆ خەلافەت" داکۆکی نیە لە ئاین، بەڵکو پشتیوانیکردنە لە تەماع‌و هەڵپەی شا فۆاد بۆ کردنی بە خەلیفەو دەڵێت: (کێشەی خەلافەت بە پلەی یەکەم بۆ هەڵپەو تەماعی یەکێکی بە دەسەڵات‌و پایەدارە کە حەزی لە گرنگیپێدانە، یان نەخۆشێکەو پێویستی بە ئاگاداریی‌و خزمەتکردنە، بەلام کێشەکە چۆتە بارودۆخێکی دی، ئێستا راوبۆچوونی خەڵك بەزۆریی لەسەر کارکردنە بۆ پەیداکردنی پایەو دەسەڵاتێکی تر کە جێگەی ئەو کەسە بگرێتەوە کە رۆیشت‌و باویشی نەماوە، خەڵکانیش هەن دەیانەوێت ئەوشتە هەتا هەتایە لە جیهاندا بمێنێت‌و خۆشیان بیپارێزن. (8)

هەروەها رۆژنامەکانی پارتی (وفد)یش هێرشی زۆر توندیان کردە سەر کۆنگرەکە، گرنگ ئەمەیە کۆنگرەکە سەرکەوتونەبوو، بەڵام چەندین ئاسەوارو رەنگدانەوەی ترسناکی بەجێهێشت.

* * *

جەنگی کێشەی خەلافەت چەندین کتێبی لەسەر نوسراو لێکەوتەوە، 4) لەو کتێبانە ناوبانگیان دەرکرد، (2)نیان خوازیارو لایەنگری بوون، یەکەم کتێب (الخلافة والامامة العظمی – 1923 –)یە لە نوسینی محمد رشید رضا، دووەمیش کتێبی: (النکیر علی منکری النعمة من الدین والخلافة – 1924 –) لە نووسینی مصطفی صبري. ئەم (2) کتێبەیش دژی کۆنگرەکە بوون.:–

یەکەم:– (الاسلام واصول الحکم – 1925–) لە نوسینی شێخ علی عبدالرازق.

دووەم:– (الخلافة وسلطة الامامة) کە نوسەرەکەی نەزانراوە، (عبدالغني بك سنی) لە ساڵی (1924) لە تورکیەوە کردوویە بە عەرەبی.

بەڵام کتێبەکەی (علی عبدالرازق) بە جۆرێك دەنگیدایەوە کاریکردە سەر هەموو لایەك، لەوانەیە هۆی ئەمەیش ئەمەبێت کە دانەری ئەم کتێبە خۆی لە ئەزهەرەو لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ‌و رەسەنە.. وە ئەزهەریش دژی وەستاو ژاوەژاوێکی زۆری لەسەرکرد، لە ئەنجامدا لە ئەزهەریش دەریانکردو دایان بەدادگاو لە کاریش دووریان خستەوە، ئەوە گرنگە کە ئەم کتێبە هەراو زەنایەکی سیاسی‌و ئیعلامی دروستکرد، بەراستی هەراو هەڵای ئەم کتێبە لە میسردا یەکجار بە تەوژم‌و خورپە بوو.

علی عبدالرازق کتێبەکەی بە بۆچی دەستپێدەکات, هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو پرسیاری تر کە فشاریان دەخستە سەری:–

ئایا خەلافەت یەکێکە لە بناغەکانی ئیسلام؟ ئایا ئاینی ئیسلام یان ئاینەکانی تر دەکرێت‌و دەشێت ببنە سیستمی سیاسی‌و دەسەڵات لەم سەردەمە تازەیەدا؟ (9)

ئەم شێخە ئازادیخوازە لیبراڵە هەوڵئەدات بە شێوەیەك وەڵامبداتەوە کە بەتەواویی جیاوازە لە رۆشنبیرانی پێش خۆی، کە باسی جیاکردنەوەی ئاین دەکات لە دەوڵەت, زۆر نزیکە لە راو بۆچوونەکانی احمد لطفي السید وقاسم أمین و...، بەڵام علی عبدالرازق لە هەموویان جیاوازترە، چونکە خۆی یەکێك بوو لە زاناکانی ئەزهەرو بەقوڵیی دیراسەی شەرعی (فقه) کردووە، بە کورتی خۆی پسپۆڕ بوو لەو بوارەدا. (10)

(علی عبدالرازق) بێجگە لەوەی کە زانایەکی بە توانای ئەزهەر بوو" پلەیەکی زانایی (عالمیی)بوو، لە زانکۆی میسر دەرچوبوو، پسپۆڕ بوو لە ئەدەبی عەرەبی‌و فەلسەفە، پاشان رۆیشت بۆ بەریتانیا بە نیازی خوێندنی (ئابووری‌و زانستەسیاسییەکان) لە زانکۆی (اوکسفورد)، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی یەکەم، گەڕایەوە بۆ میسر. (11), بێجگە لەمانە (شێخ علی عبدالرازق)و براکەی (الشیخ مصطفی عبدالرازق) چوونە گروپێکی لیبرالی کە ئەمانە کاریان تیادەکرد:– (د. محمود عزمی، عزیز میرهم، د. منصور فهمی‌و چەندینی تر...

من لێرەدا بە باشی دەزانم کە بە خێرایی‌و بە کورتی باسێکی ئەم گروپە بکەم، ئەم گروپە (شێخ علی عبدالرازق)و کتێبەکەی بۆ پێگەیاندین, چونکە ئەم شێخە ئازادیخوازە لە ئاسمانەوە نەباریوەو لە خۆیەوە لە ساڵی (1925)داو لەپڕ پەیدا نەبووە، بەڵکو لە مێژەوەو بەچەندین ساڵ کامڵ بووەو پێگەشتووە.

محمد حسین هەیکەل باسی سەردانی خۆیدەکات بۆ پاریس بە نیازی خوێندن:– (رۆژان تێدەپەرین‌و منیش لە شاری روناکی‌و رەنگدا دەگەڕام" فرەجۆر ژیانم ئەدی‌و ئاسۆی تێگەیشتن‌و فیکرم بەردەوام رۆشنتر دەبوو، لەمجۆرە ژینگەدا بڕوام بە ئازادی بیروباوەڕو راو بۆچوون پتەوتر دەبوو، بۆم رۆشن دەبوو کە ( تعصب)و دەمارگیریی خراپ‌و قێزەونە، وە یەکەم شت کە واجبە لەسەر مرۆڤ:–

(گەڕانی بەردەوامە لە دوی راستیو حەقیقەت. (12) محمد حسین هەیکەل چەند بەشێك لە کتێبی (رۆسۆ)ی کرد بە عەرەبیو بەم شێوە پێشکەشیکردووە:- (پێشکەشە بە میسری ئازاد بەو دلانەی کە بۆ واتاکانی ئازادیو عەدالەتو برایەتی لێئەدەن) (13)

شێخ مصطفى عبدالرازقیش لەگەڵ کۆمەڵێکی ئاینی ئازادیخواز گۆڤاری (السفور)یان دەرکرد کە داوای دەکرد بە ئازادانە لە ئاینو ژیان تێبگەن, ئەم گروپە گەنجە ئازادیخوازە" بانگەوازی پێکهێنانی پارتێکی دەکرد، یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە ئەم چیرۆکە باسدەکات:- د. منصور فهمی باسی دامەزراندنی حزبێکی سیاسی بۆ کردم، دیارە ئەم باسەی بۆ چەندین هاوڕێی تری کردبوو، لە پاش تاوتووکردنی ئەم باسە، پێکهاتن کە ناوی ئەو حیزبە: (پارتی ئیشتراکی)بێت، بەلام (محمد عزمی) د. منصوری قایلکرد کە ناوی ئەم حیزبە کۆڕپە:- (حیزبی دیموکراتی) بێت: (14).

ئەم پارتە دوو باڵ بوو:- باڵێکی لیبرالی بە خواستێکی سەرمایەدارانە (د. هیکلو چەندینی تر)، باڵێکی سۆشیالیستی توندڕەو (عزیز میرهمو چەندینی تر)، شەفیق غربال چیرۆکی ئەم دوو بۆچوونە جیاوازەمان بۆ دەگێڕێتەوە:- (پارتی دیموکراتی لە کەشوهەوای شۆڕشی میسردا لەدایکبوو... وەك نوکتەیەك:- عزیز میرهم دەیویست ئەم پارتە بۆ سۆشیالیستی کاربکات، بەلام هەیکەل بۆ تاکخوازیو (فەردیەت)ی دەبرد، ئەم ناکۆکییە خەریکبو پارتەکە هەڵتەکێنێت... لەم کاتەدا شێخ مصطفى عبدالرازق کەوتە بەینو لە هەیکەلی پرسی:- ئایا تۆ دژی مافی هەژارانی لە خوێندنو تەندروستیو (ژیانیان وەك مرۆڤ)؟ هەیکەل وتی:- نەخێر، پاشان شێخ مصطفى پرسی لە (عزیز میرهم): ئایا تۆ ئێستاو بەخێرایی داوای لابردنی موڵکداری تایبەت (الملكية الخاصة) دەکەیت لە میسردا؟ ئەویش وتی: نەخێر، پاشان شێخ مصطفى عبدالرازق وتی: گۆڕەپانێکی بەرینی هاوبەش لە پێشتانە, دەپێکەوە بەیەکدەنگیی خەبات بکەن، ئەگەر رۆژێك هاتەپێشو ناچاربوون کە ناکوك بن - کە ئەورۆژە زۆریش دوورە - ئەوا پێکەوە باسیدەکەین بە وردییو لێی دەکۆڵێن) (15)

پارتی دیموکراتی لە (1915/9/10) دامەزرا، کۆبوونەوەی دامەزراندن لە ماڵی (آل عبدالرازق)دا بوو، لەو دانیشتنەدا بەرنامەیەك دانرا بەناوی (یاسای حیزب)، لە مادەی (13)یدا هاتووە:- ئەو ئامانجانەی کە حیزب بۆی تێدەکۆشێت بەشێکیان ئەمانەن:-

* گەل خۆی دەسەلات دەبەخشێت بە پەرلەمانێك کە بە باشترین شێوە نوێنەری راستەقینەی بێت، دەبێت ئەرکی ئەو پەرلەمانە دانانی یاسا - سەپاندنی باج - موحاسەبەکردنی حکومەت بێت لە هەموو کارەکانیدا، دەبێت حکومەت لەبەردەم پەرلەماندا لێپرسراوبێت.

* ئەمە بچەسپێت کە هەموو میللەتێك مافی هەیە کاروباری خۆی" خۆی بیبات بەرێوە.

* لەناو میسردا یەك یاسا ببێتو بەسەر هەموو کەسیشدا بە یەکسانی جێبەجێبکرێت، دیارە ئەمە خواستێکی گرنگەو دەبوو گشت بیانییەکان سەرشۆڕی یاسای میسربن، وە پێویستە یاسایەکی مەدەنی دابنرێت کە مافی موسوڵمانانو مەسیحیەکان دابینو مسۆگەربکات.

* هەوڵ ئەدرێت بۆ بەرزکردنەوەی چینی هەژارو کرێکار چ لە رووی مادیو چ لە رووی ئەدەبیەوە، وە یارمەتی ئەوکەسانە بدرێت کە توانای ئیشیان نیە.(16), عزیز میرهم, راڤەی فەلسەفەی پارتەکە دەکات:- (ئەم حیزبە دیموکراتی تەنها بە کێشەیەکی سیاسی نازانێت بەڵکو کێشەیەکی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتییە، بۆیە دەوڵەتانی ئەوروپا بە تەواویی دیموکراتی سەد لە سەدنین، چونکە زۆرترین سامانی ولات بە دەستی

کۆمەڵێکی بچووکەو بە هەوەسی خۆیان خەرجیدەکەن، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی کە ئەو بەرهەمە پەیدا دەکەن" لە بەری ڕەنجی خۆیان بێبەشن) (17)

ئەم پارتە زۆری پێنەچوو پەرشوبلاو بوون، بەلاّم ئەوەی گرنگەو مەبەستمانە کە شێخ علی عبدالرازق بەشێکی گرنگ بوو لەم قەوارە لیبراڵیە, وە کتێبەکەی (الاسلام واصول الحکم) لە خۆیەوە پەیدا نەبووە. (18)

* * *

دەبا بچینەوە بۆلای ئەو کتێبەی کە ئەم هەراو زەنایەی نایەوە، دەسەلاّتو حکومەت دادگاو ئیدارەو سەنتەری دەوڵەتو گشت ئەمانە:

(نەخشەو ڕێکخستنی دنیایی رووتن پەیوەندیان بە ئاینەوە نیە، ئاین نەیناسیونو ئینکاریشیان لێناکات، ئەمریشیان پێناکاتو ناشڵێ نەکرێن، بەڵکو ئاین ئەو کارانەی بۆ ئێمە جێهێشتووە کە بە عەقڵو بە تاقیکردنەوەی گەلانو بنەماکانی سیاسەت مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین) (19)

شێخ علی عبدالرازق دەڵێت نە لە قورئانو نە لە پەیڕەوی پێغەمبەردا (سنة) باسی بیرۆکەی خەلافەت وەك سیستمی سیاسی (واجب لەسەر موسوڵمان) نەکراوە:- (بەلاّم ئەوەی لە حەدیسەکانی پەیامبەردا (د.خ) هاتوون وەك (امامة)و (خە لافة)و (بیعة)...هتد تەنها وەك قسەکانی مەسیحە, کە باسی هەندێك حوکمی شەرعی دەکات لە دەسەلاّتی قەیسەردا) (20)

پاشان شێخ علی باسی ناکۆکی دەکات لە بارەی (خلافة)و لە بارەی هەڵپەو شەهوەتی دەسەلاّت لەلای هەندێك, (خە لافة) والێدەکەن کە لەسەر بناغەی زوڵمو ستەم دانرێت:- (تەنها شتێك لە ژیانی دنیادا کە پاڵبنێت بە مرۆڤەوە بۆ زوڵمو ستەم, بۆ دەستدرێژیو خراپەکاریی ئەوە پلەو پایەی خەلافەتە، من وادەزانم پایەی خەلافەت نەفسو دەروون یەکجار ئارەزووی دەکەن، گرنگترین شتێکە خەڵك ئیرەیی پێدەبەن، کە حەزو (غیرە) بەخەستی کۆبوونەوە, زەبروهێزی فراوانیشی چووە پاڵ, دیارە ئەنجامی ئەمانە تەنها زوڵمو ستەمەو دەسەلاّتیشی تەنها شمشێرە) (21).

چونکە: (دروشمو داواکارییەکانی خوداو نیشانەکانی ئاینە پیرۆزەکەی پابەندنین بەمجۆرە حکومەتەکە شەرعزانەکان (فقهاء) پێی دەڵێن (خە لافة)و خەڵکیش پێیان دەڵێن خەلیفەکان.. کاروباری نەئاینو نەدنیامان پێویستی بە خەلافەت نیە.. ئەگەر بمانەوێت لەمەیش زۆرتر دەڵێین:- خەلافەت چ لە کۆنو چ لە ئێستایشدا نەگبەتیو بەلاّ بووە بۆ ئیسلامو موسوڵمانانو بگرە سەرچاوەی شەڕو فەسادبووە) (22)

بگرە شێخ علی (فەرمانڕەوایی - ولایة) پەیامبەرو دەسەلاّتدار لە یەکتر جیادەکاتەوە:- (فەرمانڕەوایی پەیامبەر بۆ گەلەکەی" فەرمانڕەواییەکی ڕۆحی بوو، لە قولاّیی دڵەوە هەڵقولاّبوو، بە دڵو بە جەستە خۆی بەو تەسلیم کردبوو، بەلاّم فەرمانڕەوایی خەلیفەو دەسەلاّتدار بۆ خەڵك، مادییەو تەنها بە جەستەیەو پەیوەندی بە دڵو ڕۆحەوە نیە) (23)

پاشان شێخ علی دەپرسێت ئایا پەیامبەر" پاشایش بوو یان بەتەنها پەیامبەر؟ شێخ خۆی وەلاّم ئەداتەوە: (قورئان بەسەراحەتو ڕاشکاوانە دڵێت محمد (د.خ) تەنها پەیامبەرەو لە پێش ئەویشدا چەندین پەیامبەری تریش هاتوون، هەروەها قورئان بەسەراحەتو ڕاشکاوانە دەڵێت محمد تەنها کاری پێڕاگەیاندنی پەیامی خودایە بە خەڵك، وە محمد تەنهاو تەنها ئەرکی پێڕاگەیاندنی لە لایەن خوداوە پێسپێراوە، ئیتر خودا لەسەری فەرز نەکردووە کە خەڵك ناچاربکات بۆ ئیسلام) (24)

شێخ علی بەردەوام دەبێت و باشتر روونیدەکاتەوە، پەیامبەر لەپاش خۆی کەسی نەکرد بە خەلیفەو هەموو ئەوانەی کە بوون بە گەورەی موسوڵمانان لە پاش پێغەمبەر بە (خەلیفەکانی راشیدینیشەوە – فەرمانڕەواییان سیاسی و مەدەنی بووە نەك ئاینی، ئەبوبکر نازناوی خەلیفەی بۆ خۆی دانا، (بیعە)و هەڵبژاردنیشی بەپێی رێکەوتنی (اتفاق)ێکی سیاسی حوکم و دەسەڵاتی مەدەنی بوو، (اجتهاد)و بۆچوونەکانی دنیایی بوو، هیچ پەیوەندییەکی نەبووە بە (فیکرەی دەوڵەتی ئاینیی).

هەروەها یەکێك لە توێژەران دووپاتیدەکاتەوە کە کتێبی (الاسلام واصول الحکم)ی شێخ علی عبدالرازق تەنها هەڵوێستێکی رادیکالانەیە، نەك سۆراخ و گەڕانە بە دووی (دەقی ئاینی) کە (کهنوت)و بە سیاسەتکردنی ئاین و زوڵم و ستەمکاری حەرامبکات، وەك پێشینانی خۆی کردویانە، هەروەها ئەو کتێبە قووڵترو دوورترە لەوەی هەوڵێك بێت بۆ گونجاندنی دەقەکانی شەریعەت لەگەڵ بنەماکانی شارستانی رۆژئاوا، بگرە ئەو کتێبە یەکەم لێکۆڵینەوەیە لە (حقیقة)ی ئاین و پەیوەندی بە یاسای دەسەڵاتی سیاسی، هەروەها یەکەم رەخنەیە کە (هاوکاری مێژوویی) فیکری (ثیولۆجی – زانستی ئایین)و سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی دەخاتە پێشچاو کە چۆن ئاین بەکارهاتووە بۆ دامەزراندنی ئیمبراتۆریەتەکانی مێژوو. (25)

پێدەچێت هۆی ئەو (هەراو هوریایە) لەسەر ئەو کتێبەو دانەرەکەی لە کۆن و بگرە هەتائێستایش ئەو چەند دێڕەی پەرەگرافی سەرەوە بێت.

ئەم کتێبە گۆمەکانی لیبرالیەتی شڵەقان.. چەندین پێنوس کەوتە جووولە.. چەندین هەڵوێست و چەندین کەسایەتی و رۆژنامەو هێزی وروژاند، بەتایبەتی (پارتی ئەحراری دەستوریەکان) بەرامبەر بەو هێرشە زاڵمانەی کە دەکرایە سەر شێخ علی داکۆکی باشیان لێکرد. گۆڤاری (هلال) لە ساڵی (1926)دا دەنوسێت:– (هەموو گەلێکی موسوڵمان ئازادە کێ بە گەورەی خۆی هەڵدەبژێرێت، ئیتر مامۆستا علی عبدالرازق لە دیدو بۆ چوونیا بەرامبەر ئاین سەرکەوتووبێت – وەك خۆی باوەڕی هەیە – یان نا ئەم تیۆرە کۆکەو دەگونجێت لەگەڵ بنەمەکانی دەسەڵات لە سەدەی بیستدا, کە سەروەری بۆ میللەتە نەك بۆ چەند کەسێك باخەڵکی کویێ بن تایبەتمەندیان چی بێت)(26)

سلامة موسی دەنووسێت:– (علی عبدالرازق مافی خۆیەتی و ئازادە چیدە نوسێت, ئەوەی پێویست بێت تەنها دڵسۆزییە) (27), گۆڤاری (المقتطف)یش دەنوسێت (ئێمە لەو باوەڕەداین کە قازی علی عبدالرازق و هاوچەشنەکانی راستن و هەڵەیان نیە, هەندێك بیرمەندیش هەڵوێستی گومان و رخنەیان هەیە، ئێمە بەرامبەر بەو کەسانە دەڵێین:– باشتر بیربکەنەوەو سۆراخبکەن). (28)

احمد شەوقی شاعیریش پشتگیریی خۆی رادەگەیەنێت:–

خەلافەو (ئیمامة) نەمان ئایا پەیوەندیی خوداو بەندەکانیش نەمان ؟

بەخودا قەسەم (ئێستا ):–

شایەتمان لەبیری کەس نەچۆتەوە

بەخودا قەسەم خەڵکی دوودڵنیە

نوێژو رۆژو و هەردەکرێت و

حەجیش هەر چالاك و بەردەوامە

بەڵام زللەو گورزی بەهێز لە کتێب و نوسەرەکەی – بەداخەوە – سەعد زەغلول وەشاندی کە سەرۆکی پارتی لیبرالی کلاسیکی (الوفد) بوو، ئەو بەمجۆرە دەنوسێت (کتێبی رۆژهەڵاتناسان و خەڵکانی ترم زۆر خوێندووە،

کەسیان وەك شێخ علی بەتوندی تانەوتەشەریان لە ئیسلام نەداوە، من واتێگەیشتوم کە ئاگای لەبنەماکانی ئاینەکەی، یان بەروونتر لە تیئۆری نیە) (29)

بابچینەوە لای ئەزهەرو پیاوانی ئاینیو بزانین راو بۆچوونی ئەوان چۆن بوو: رشید رضا لە بارەی ئەم کتێبەوە چدەڵێت (بۆ شێخ نشینی ئەزهەر هەردروستنیە لەم کتێبە بێدەنگ بێت، دەنا شێخ علیو پشتگیرانی دەڵێن ئێمە راستینو ناتوانن وەڵام بدەنەوە) (30)

* (شێخ محمد بخیت المطیع)یش بە پەلە کتێبێکی چاپکرد، لەو کتێبەدا علی عبدالرازق بەوە گوناهبار دەکات کە بەکتێبەکەی پرۆسەی گۆڕانو گەشەکردن لە ئیسلامدا پەکبخاتو لە کۆتایشدا بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئینکاری خودی شەریعەت بکات).

* شێخ الخضر حسینیش کتێبێکی دەرکرد بۆ پەرچدانەوەی علی عبدالرازق بەم ناوە (نقض کتاب الاسلام واصول الحکم)، وە بەمجۆرە پێشکەشی کرد: (پێشکەشە بە کتێبخانەی حەزرەتی خاوەن شکۆ فؤادی یەکەم پاشای گەورەی میسر – تکایە لێموەرگرن، پاشان دەڵێت:– (سەلامو درووود لەسەر پەیامبەرو یارانی, لەسەر هەموو ئەوانەی کە بە بەڵگەو بەشمشێر شەریعەتی دەپارێزن)

* پاشان (شێخ محمد طاهر عاشور) (30) یش لەم بارەیەوە کتێبی دەرکردو چەندینی تریش.

* پاش ئەمانە تۆپی قورس دێتە مەیدان.. (هیئة کبار العلماء بالازهر) بە سەرۆکایەتی شێخی ئەزهر (محمد ابو الفضل) کۆبوونەوە بە ئامادەبوونی (24) ئەندام، شێخ علی عبدالرازقیشیان بانگکرد بۆ دادگاییکردنی چونکە ئەو شەهادەی (زانای ئەزهەر)ی هەیەو قازی شەرعیش بووە، شێخ علی بەهەموو توانای خۆی داکۆکیکرد بەڵام بێسوود بوو، لە پاش (2) کاتژمێر مشتومڕ" دادگا بەمجۆرە بڕیاری دەرکرد:–

(دەستەی زانا گەورەکان لە 1925/8/12)دا کۆبونەوە، بڕیاریاندا کە شەهادەی زانایی لە شێخ علی عبدالرازق بسێننەوە وە ناوی لە تۆمارگەکانی ئەزهەردا بسڕنەوە، وە لە هەموو کارو وەزیفەیەك دەربکرێت چونکە بەکەڵکی هیچ وەزیفەیەکی نە ئاینی نەغەیری ئاینی نایەت) (32) لەپاش دەرچوونی ئەم بڕیارە, شێخی ئەزهەر خێرا مژدەی بە پاشاداو بروسکەی بۆ کرد: (سوپاست دەکەم کە هێندە بۆ ئاین ئازاو بە غیرەتنو رێگەنادەن بە گومڕاو مولحدان کە سوکایەتی بە ئاین بکەن، وە رێزو پایەی زانستو زانایان دەپارێزن) (33)

شێخی ئەزهەر بڕیاریدادگا دەنێرێت بۆ (عبدالعزیز فهمی پاشا)ی وەزیری داد بۆ ئیمزاکردنو تصدیقکردنی، بەڵام وەزیری داد بە هەڵوێستێکی بوێرانەو لیبرالانە بەمجۆرە وەڵامی شێخی ئەزهەر ئەداتەوە:– (ئەو کتێبەم هێناو چەندینجار خوێندمەوە، هیچ فیکرەیەکم تیا بەدینەکرد کە رەخنەی لێبگیرێتو سزابدرێت، بگرە بە پێچەوانەوە, ئیسلامو پەیامبەر بەرز رادەگرێتو پەیامبەریش زۆر بە پیرۆزو خاوێن باسدەکات، ئاماژە دەکات کە (پێغەمبەرێتی – نبوة) سروشو (وەحیە) لە لایەن خوداوە، سروشو (وحی) خەلافەتی تیانیە.. زۆر سەختەو گرانە لە گەردنمدا کە بڕیاری ئەوها ئەنجام بدەمو بگرە ئەم بڕیارە لە خۆیدا پووچو باتڵە، چونکە لە دەزگایەکەوە دەرچووە کە پسپۆڕنیە لە دادو یاسادا، ئەم بڕیارە لە تاوانی (هەڵەکردن) لە راوبۆچووندا و دژی زانایەکی موسوڵمانو رێزگر لە ئیسلام دراوە، کێشەکەیش ئەمەیە کە قسەکانی ئەم زانا بەهەوەسی خۆیانو بە جۆرێکی خراپ ماناو (تأویل)ی دەکەنو گوناە و تاوانی بۆ هەڵدەبەستن) (34).

لەپاش ئەم وەڵامەی وەزیری داد, پاشا توورە بوو، لە ئەنجامدا عبدالعزیز فهمی وەزیری داد وازی لە کارهێناو بەشوێنیدا ئەم سێ وەزیرەیش وازیانهێنا:–

محمد علی علوبە، توفیق دوسی، اسماعیل صدیق.

مافی خۆمانە هۆی دوو هەڵوێستی جیاوازتان بۆ روون بکەینەوە:-

* دوو براکە" علی عبدالرازق و مصطفی پشتیوان و دۆستی پارتی ئەحراری دەستووری و بگرە ئەندامیش بوون، ئەم حیزبە دوژمنی سیاسی سعد زغلول بوو.

* حسین هەیکەل پاشاو محمود عزمی و عبدالعزیز فهمی و ئەوانی تریش سەرکردەی حیزبی (ئەحراری دەستوری) بوون، بگرە زۆربەیان هاوڕێ و دۆستی یەکتربوون لە بواری خەباتی ئازادیخوازی دورو درێژداو لە رۆژانی (پارتی دیموکراتی) و پێشتریش.

پاشماوەی ئەم چیرۆکە هەموو شتێکمان بۆ رووندەکاتەوە:-

رۆژگار هات و چەند جارێك خولیخوارد، حیزبی ئەحراری دەستوری بوو بە هاوبەشێکی بەهێز لە حکومەتدا... مەلیکی خاوەن شکۆیش حەزی لە دۆستایەتی شێخ علی بوو... لە (1947/2/25)دا, دەستەی گەورە زانایان و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای ئەزهەر کۆبوونەوە، بڕیاریاندا کە (بڕوانامەی زانایی) بگێڕنەوە بۆ شێخ علی و بگەڕێتەوە کۆڕی زانایان، بەڵام شێخەکانی ئەو کۆبوونەوەیە کەوتنە تەنگژەیەك بۆ ئەنجامدانی ئەم بڕیارە، چونکە ئەم بڕیارە تازە پێویستە (3/2/)ێی ئەو کەسانە ئیمزایبکەن کە بڕیاری پێشویان ئیمزا کردووە لە ساڵی (1925)دا, بەڵام زۆربەیان ئێستا کۆچی دواییان کردووە، کەواتە ئێستا دەبێت (حیلەشەرع) بکەن، کۆبوونەوەکە (تکا نامەیەکیان) نارد بۆ پاشای خاوەن شکۆ:- (ئەندامانی ئەم کۆبوونەوەیە لە کۆمەڵی گەورە زانایانی ئەزهەرو ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای ئەزهەرو شێخی کۆلیجەکان, تکا لە مەلیکی خاوەن شکۆ دەکەن کە فەزڵ و پیاوەتی زۆری بووە بۆ (ئەزهەر دیسان بەخشش و بەراتێکی تر بخاتە سەر بەراتەکانی پێشووی:- ئاسەوارەکانی بڕیاری پێشوو کە (20) ساڵ لە مەوپێش (گەورە زانایان) دەریانکردبوو هەڵگیرێن و بسڕێنەوە).(35)

مەلیك تکانامەکەی قبووڵکردو لە (1947/3/3)دا شێخ علی عبدالرازقی کرد بە وەزیری ئەوقاف. بەو جۆرە شێخ علی عبدالرازق تۆڵەی خۆی و کتێبەکەی سەندەوە، بەڵام لە هەردوو جاردا ئەزهەرو پیاوەکانی بوون بە قوربانی و سەریان شۆڕکرد بۆ مەلیك، ئەوان دەستێك بوون دووجار سوتان، ویستیان (بەڕوو) لەناو کڵپەی ئاگر دەربهێنن.. جارێك بۆ رازیکردنی مەلیك فؤادو جارێك بۆ رازیکردنی مەلیك فاروق.

* * *

باسی شێخ علی عبدالرازق پێویستی بە روونکردنەوەی گرنگ هەیە پێش کۆتایی باسی خۆی، هەندێك قسەو قسەلۆك رێکخراوەکە گوایا شێخ علی لەکاتی ئەم جەنگەدا پەشیمان بۆتەوە، وەبڕیاری داوە کە جارێکی دی بڵاوی نەکاتەوە، وەجارێکی تر نەچێتە مەیدانی ئەم جۆرە باسانەوە.

بەڵام واقع و راستی پێچەوانەی ئەم قسەلۆکانەیە، شێخ علی لێکۆڵینەوەو سۆراخکردن و بەرهەمی زۆر جوانتری خستەڕوو، شێخ عەلی زۆر بەراشکاوانە بۆ رۆژنامەیەکی ئینگلیزی کە لە میسر دەرئەچوو, هەڵوێستی خۆی دووپاتدەکاتەوە، بەڵگەیش بۆ ئەمە" جارێکی تر بە عەرەبی لە رۆژنامەی (السياسة)دا کتێبەکەی بڵاوکردەوە. (36)

نەك تەنها ئەمە بەڵکو, لە پاش چەند ساڵێك لە ناکاو شێخ علی عبدالرازق وتارێکی لیبرالانەی (گەردەلوول ئاسای) بڵاوکردەوە، لە وتارەکەدا باسی کتێبی (السفور والحجاب) دەکات, لە نوسینی کچێك بە ناوی (نظيرة زين الدين)، شێخ علی لە باسی ئەم کتێبەدا دەڵێت:- (من وادەزانم میسر - سوپاس بۆ خودا - لە کێشەی سفورو حجابدا قۆناغی تیئۆری تەواوکردووە (و) چۆتە قۆناغی پراکتیك و ئەنجامدان، ئێستا لەناو میسریەکاندا

– بێجگە لە موخالیفەکان – کەسێك نیە لە بارەی سفورەوە بپرسێت:– ئایا سفور دژی ئاینە یان نا؟ ئایا عاقلانەیە یان نا؟ بەڵکو دەبینین – تەنانەت کۆنەپەرستەکانیش – بڕوایان هەیە کە سفور ئاینیشەو عەقڵیشە، پێویستییەکی ناچارییە بۆ ژیانی مەدەنی ئەم سەردەمە، بەڵام کۆسپی تازە لە بەردەم میسرییەکاندا ئەمەیە کە بەچ شێوەیەك وردە وردە ببن بە سفوری تەواو, بە جۆرێك لەگەڵ زەوقی حجابی کۆنو تازەدا هێندە جیاوازنەبن) پاشان زۆر بەگەرمیی دەسخۆشیی لە دانەری ئەم کتێبە دەکات: (کچێکی گەنج لە کچانی رۆژهەلات رادەپەڕێت، بیرو رای خۆی کە بەراستی دەزانێت بانگەوازی بۆ دەکات، هەرچەند ئەو دیدو بۆچوونانەی دژی راو بۆچوونی شێخەکانو پێشینان بن).

شێخ علی بڕوای وابوو کە:– ئەوانەی دەترسن بۆچوونی ئازادانەی خۆیان بڵێن, با دژی بۆچوونی زۆرینەیش بێت (باشترنین بۆ مرۆڤایەتی لەو کەسانەی باشەو خراپە لەیەکتر جیاناکەنەوە – بگرە ئەوان کە بێدەنگنو هەموو شت دەزاننو هەقو ناهەقیان لەلا روونە" پلەو پایەیان زۆر نزمترە لە گەوجو بێئاگاکان، ئێمە ئەوەمان کەمە– لە رادەبڕینو هەق وتنی بێ ڕیادا ترسنۆکین... ئالێرەدایە کەماڵی مرۆڤایەتی.. ئالێرەدا قەدەرو چارەنووسی پیاوەکان جیادەبنەوە:– باشن یان گەندەڵ ئازان یان بودەڵو ترسنۆك) (37)

شێخ علی وەك خۆی مایەوە.. رێفۆرمخوازو موسلح نەك گەندەڵو فاسد.. ئازاو بوێر نەك بوودەڵو ترسنۆك.. لیبرالو ئازادیخواز نەك کۆنەپەرست.

**پەراوێزو سەرچاوەکان**


1) د. محمد كامل ظاهر – الصراع بين التيارين الديني والعلماني – ص242

2) لمزيد من تفاصيل التداعيات راجع:- H.A.R. Gipp Wither islam. Lodon (1932) P.316

3) المقتطف – ابريل – 1926.

4) خالد زياده – ظهور المثقف العربى – قراءة في اعمال شرابى والعروي و الجابرى – مجلة الاجتهاد – العدد الخامس (1989) ص.149

5) محمد محمد حسين – الاتجاهات الوطنية في الادب المعاصر – ج2 – ص.47

6) الاهرام -27 مارس 1924، وايضا المنار مجلد 25 ج 4 ص 367 – 25/ مارس 1924.

7) المؤتمر – ربيع الاول/ 1343 هـ ، وايضا المنار – مجلد 2 – ج 7 – ص.525

8) السياسة عدد/ 2 – مارت 1926

9) الشيخ على عبدالرازق – الاسلام واصول الحكم – البحث فى الخلافة والحكومة فى الاسلام – القاهرة – 1343 ه – 1925م.

10) د. غالي شكرى – النهضنة والسقوط فى الفكر المصري الحديث – ص 238.

11) فهمى جدعان – أسس التقدم عند مفكرى الاسلام – ص 568.

12) مجلة اللغة العربية – (مجموعة 1962، كلمة شفيق غربال في تأبين الدكتور هيكل – ص 212.

13) المرجع السابق.

14) محمود عزمي – خبايا سياسية (القاهرة – ص.36

15) مجلة اللغة العربية – المرجع السابق – ص.218

16) الطليعة – عدد شباط / 1965 حيث تجدالنص الكامل للبرنامج.

17) عزيز ميرهم – الديموقراطية – ص.38

18) المزيد من التفاصيل عن نشأة ونهاية الحزب الديموقراطي – راجع:- د. رفعت السعيد – تأريخ الحركة الشيوعية المصرية – ج1 – ط6 – القاهرة (1968) ص.117

19) على عبدالرازق – الاسلام واصول الحكم – المرجع السابق/ ص 102

20) المرجع السابق – ص.19

21) المرجع السابق – ص.28

22) المرجع السابق – ص.36

23) المرجع السابق – ص.69

24) المرجع السابق – ص.73

25) (تحولات) – العدد الرابع (1991) مقال محمد اركون.. فك الارتباط بين اللاهوت والسطة.

26) الهلال – مزيران/ 1925.

27) **الهلال – اكتوبر /1925**
28) **المقتطف 0 أب /1925**
29) **لمزيد من التفاصيل حول موقف سعد زغلول راجع د. غالي شكرى – المرجع السابع – ص.244**
30) **المنار/ حزيران/ 1925 – مجلد 26 – ص.102**
31) **محمد محمد حسين – المرجع السباق – ص.85**
32) **محمد الطاهر عاشور – نقد علمي لكتاب الاسرم واصول الحكم – القاهرة (1344هـ)**
33) **د. رفعت الصيد – الارهاب إسلام أم تأسالم, القاهرة (1995) ص .253**
34) **محمد رجب البيومي – الازهر بين السياسة وحرية الفكر – القاهرة (1983 – ص115).**
35) **عبدالعزيز فهمى باشا – حياتي – ص.154**
36) **د. رفعت الصيد – الارهاب اسلام أم تأسلم – المرجع السابق.**
37) **السياسة – 14/ آب/.1925**
38) **الهلال – آب /1928 – ص1189 – مقال الشيخ على عبدالرازق السفور والحجاب على ذكر كتاب الآنسة نظيرة زين الدين.**

# احمد امين
1954 – 1886

ماوەیەك دوودڵبووم ئایا احمد امین بخەمە ریزی مەلاکان یان ریزی رۆشنبیرانی عەسری‌و سەردەم؟ ئەو لە سەرەتاوە لە زاناکانی ئەزهەر بوو وەك تەها حسین, هەردوکیان لە بواری رۆشنبیرییدا جێدەستیان هەیە, لەپێشدا (احمد أمین)م نەخستە ئەم کتێبەو هەروەهایش طه حسین.

احمد أمین لەوەدا جیاوازە کە لە ئەزهەرەوە رۆیشتووە بۆ قازی شەرع‌و ماوەیەکی زۆریش لەو کارەدا مایەوە..وە زۆربەی نوسینەکانی ئیسلامیە، خەبات‌و تێکۆشانی سەرەکیی ئەو بۆ لێکەیشتنی لیبرالیانە لە ئاین‌و لە مێژووی ئیسلام‌و موسوڵمانان بوو, هەر کەناوی (احمد أمین) دەبرێت خەڵك تەنها ئەم کتێبانەی دێتەوە یاد:-

(فجر الاسلام)، (ضحی الاسلام)، (ظهر الاسلام) ئەم رەنجە ئینسیکلوبیدی‌و مەوسوعیە هەرگیز نەمرەو کۆن نابێت، بەڵام احمد أمین چەندین کتێبی تری هەیە وەك:-

1) (فیض الخاطر) کۆمەڵێك وتارە لە ساڵی 1918 – 1954 داو لە (10) بەرگدا.
2) الشرق والغرب.
3) ثورة العالم الاسلامي اليوم.
4) محمد عبده
5) زعماء الاصلاح فی العصر الحدیث.
6) علمتنی الحیاة.
7) قاموس العادات والتقالید والتعابیر المصریة.
8) قصة الفلسفة الحدیثة.
9) کتاب الاخلاق.
10) قصة الادب في العالم – بالاشتراك مع زكي نجيب محمود.
11) یوم الاسلام.
12) المهدي والمهدوية
13) الصعلكة والفتوة في الاسلام.
14) حياتي.
15) (مبادئ الفلسفة/ تأليف – رابوبرت), أحمد أمین کردوویەتی بە عەرەبی.

گرنگترین پرۆژە لە مێژووی فیکری احمد أمیندا: لەگەڵ کۆمەڵێك برادەرانی لە ساڵی (1914)دا, (لجنة التألیف والترجمة والنشر)ی دامەزراندو خۆی بوو بە سەرۆکی بۆ ماوەی (30) ساڵی بەردەوام، ئەم لیژنە زیاتر لە (300) کتێبی دەرکردووە، هەموو یەکێك لەو کتێبانە خزمەتێکی یەکجار گەورەی کرد بە رۆشنبیری میسرو عەرەب (1). هەروەها بەشداریکرد لە نوسینی گۆڤاری (الرسالة)، وە گۆڤاری (الثقافة)ی لە ساڵی _1939)دا دەرکرد، هەروەها زانکۆی (الجامعة الشعبیة)ی لە ساڵی (1945)دا دامەزراند.

احمد أمین یەکەم قۆناغی خوێندنی چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی، باوکی کە زانی کورەکەی زۆر دڵی خۆشە بە خوێندن, بەزۆرو دژی حەزی خۆی دەریهێنا لە قوتابخانەو خستیە ئەزهەر، احمد أمین هەوڵیدا لە ئەزهەر رابکات، لە پێشبڕکێی (کۆمەڵەی خێرخوازی ئیسلامی) بۆ هەڵبژاردنی مامۆستا بەشداریکرد بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە بە ناچاریی گەڕایەوە بۆ ئەزهەر، بەڵام رووداوێکی گرنگ احمد أمینی لە خوێندنی ئەزهەر رزگارکرد کە هەرگیز خۆشی نەویستووە:-

محمد عبده, سعيد زغلول پاشای وەزیری پەروەردەی قایڵکرد کە سیستمی دادگاکانی شەرع وێران‌و بێسوودە، بۆیە (قوتابخانەی دادگای شەرعی) (2), دامەزراو احمد أمین بەپەلە چووە ئەو قوتابخانەیە.

احمد أمین سوربوو لەسەر ئەوەی کە شارەزایی لە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاواو سەردەم پەیدابکات، ئەوە بوو لە پاش تێپەڕبوونی تەمەنی خوێندن بە ماوەیەکی زۆر, خوێندنی ئینگلیزی بەسەرکەوتویی بەدەستهێنا, بە جۆرێك شارەزای ئینگلیزی بوو, کتێبێکی فەلسەفەی لە ئینگلیزیەوە کرد بە عەرەبی، لەسەر داوای گەرمی طه حسین, بوو بە مامۆستا لە کۆلێژی ئەدەبیات, لە ساڵی 1926دا لە کۆڕی زانستی دیمەشق‌و کۆڕی زمانی عەرەبی میسردا ئەندام بوو. (3)

ئێمە ئێستا لەبەردەم شێخێکی ئەزهەرین‌و لە جۆرێکی زۆر تایبەت, باڵادەست لە شەریعەت‌و زمان‌و ئەدەب‌و فەلسەفەدا، خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی قووڵی سەردەم بوو لە چەندین بواردا، احمد أمین لە نوسینی ئەدەبیدا ئاستێکی باڵای بوو، لە کتێبەکانیدا شێوازو ئوسلوبێکی یەکجار تۆکمەو ڕەوان هەڵدەقوڵێت، بێگومان خۆی چێژو تامی لە نوسین وەردەگرت (کە دەست ئەکەم بە نووسین وا هەست دەکەم پاشای سەرتەختم" وەك خەڵکانی مودمن‌و ئالوودەی مەی‌و جگەرە). (4)

احمد أمین لەگەڵ نوسیندا عاشقێکی دێرین بوو.. چووە کۆڕی هەوڵدان بۆ چاکسازی زمان‌و گەشەپێکردنی‌و گونجاندنی لەگەڵ سەردەمدا.. ئاڵۆزی‌و سەختی زمانی عەرەبی‌و قەواعیدی (نەحو)و (سەرف) بێزاری کردبوو، بە تایبەتی شێوازی فەسیح و جڵفە، ئەمە هەوڵێکی لیبرالی بە تەوژم‌و بەهێزبوو بۆ ئازادکردنی زمانی عەرەبی لە کۆت‌و بەندی ڕابردوو, وە تازەکردنەوەی لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگاردا, بانگەوازیدەکرد (زمانێکی بێ ئیعراب‌و بێوشەی فشۆڵ‌و قەبە دروستبکەین، وشەی جڵفەیش بەکاربێت چونکە ئەویش عەرەبیە بەڵام بەبێ شێواندنی عەوام‌و نەخوێندەواران، بە نموونە:- بڵێ (لأحب) لەبری (ما احبش)، وە کۆتایی گشت وشەکان (ساکن)بن بێ ئیعراب) (5).

بەکورتی احمد أمین خوازیاری زمانێك بوو کە مامناوەند بێت لە نێوان فەسیح‌و جڵفەدا، لەم پێناوەدا احمد امین فەرهەنگێکی پوخت‌و تەواوی دانا بۆ بەکارهێنانی وشەو ماناکان. (6), احمد أمین لە هەموو نوسینەکانیدا گرنگی ئەدا بە واقعی کۆمەڵایەتی‌و کۆمەڵگا.. مرۆڤ بەرهەمی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی:- (من تەنها ئەنجامی حەتمی گشت ئەو ڕووداوانەم کە بەسەر باوك‌و باپیرانی مندا هاتوون). (7), ئەم بۆچوونەی احمد امین بەروونی لە کتێبە مێژووییەکانیدا وەك (فجر، ضحی، ظهر الاسلام) ڕەنگی داوەتەوە.

(احمد أمین گرنگی داوە بە واقعی چینایەتی‌و تەخشان‌و پەخشان‌و ڕابواردنی دەوڵەمەندان‌و کەساسی‌و مەینەتی هەژاران، بۆیە زۆر بە جیدی‌و چالاکانە سۆراخی دەق‌و دۆکۆمێنتە مێژووییەکانی دەکرد کە باسی گەندەڵی‌و خراپی سەدەکانی ڕابردوویان دەکرد). (8).

پاشان باسی ڕەنگدانەوەی ئەو واقعە چینایەتیە دەکات لەسەر کۆمەڵگاو پەیدابوونی چەندین کاروکرداری بەیەك دژو دیاردەی دزێو، وەك لە کارەکانی (الحشاشین, الاسماعیلیة والعیارین والشطار والفتاك) (9), پاشان بەردەوامدەبێت‌و ئیسپاتی دەکات ئەو دیاردە بەیەك دژو دزێوانە بوونە هۆی پەیدابوون‌و بڵاوبوونەوەی:- جادوگەری‌و جامبازی‌و نوشتەکردن‌و دزی‌و دوعاو نزاکردن لە مەرقەدەکان کە ئەمانە (تاوانی گەمەکردنن بە عەقڵ‌و ژەهراوی کردنیەتی) (10).

بە کورتی أحمد امین خاوەنی هەڵوێستی کۆمەڵایەتییانەو پێشکەوتنخوازانەبوو.. هێرشیدەکردە سەر دەرەبەگ‌و نازناوی فشۆڵ‌و قەبە هەروەها دژی خێر پێکردنی تاك بوو..خوازیاری حەرامکردنی بوو"چونکە

کەشخەکردن و (خۆبەزلزانین)ی لێدەکەوتەوە، هەمیشە دووپاتی دەکردەوە کە هۆی زۆربەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەگەڕێتەوە بۆ (زوڵم وستەمی" ژمارەیەکی کەمی خەڵك لە زۆرترین چینە هەژارەکانی خەڵك وەك جوتیاران و کرێکاران و پیشەوەران) (11)

احمد امین خوازیاری کۆمەڵگایەکی هاوسەنگی یەکسان بوو" کۆمەڵگایەکی بێ جیاوازیی زەقی چینایەتی، کۆمەڵگایەك ئازادانە بیربکاتەوە، دووپاتی دەکردەوە کە هۆی پەیدابوونی (سۆشیالیستی و سۆشیالخوازان:- جیاوازیی گەورەو زەقە لە سامانداو چەوسانەوەی دەوڵەمەندە بۆ هەژاران و سەرمایەدار بۆ کرێکار) (12) کە باسی ئاینی ئیسلامی دەکرد زۆر سوور بوو لەسەر ئەوەی:(لەم ئاینەدا ئاوازی ئەروستەکراتی نیە).(13)

احمد امین بە زیرەکیی خۆی دەیزانی کە گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەکان کاردەکەنە سەر تێگەیشتنی مرۆڤ لە ئاین:-(جاران پشت بە کشتوکاڵ دەبەستراو پاشان گۆڕا بۆ پشتبەستن بە پیشەسازی). (14)، یان دەڵێت:- (لە چەندین ولاّتی رۆژهەلاّتدا، بە هێمنی و وردیی و کەم کەم، پەیوەندییان لەگەڵ ولاّتانی دەرەوەدا بەهێز دەکەن، بەڵام گەلانی موسڵمان لەو جۆرە پەیوەندییە تازانە بێبەشن) هیچ چارەسەرێك بۆ ئەو گۆرانکارییانە (نیە) بێجگە لە (نەرمیی و گۆنجاندن و ئیجتهادی رەهاو موتەڵەق) (15).

نەرمی و ئیجتهاد لە تێگەیشتنی ئیسلام بەپێی گۆڕانی بارودۆخ و دیموکراتی:- (هەموو مرۆڤێك دەبێت ئازادبێت.. هەموو مرۆڤێك دەبێت هەست بە لێپرسراویی و مسئولیەت بکات)، وە دەبێت کۆمەڵگە رێگە خۆشبکات بۆ (ئازادیی و هەل بڕەخسێنێت بۆ خوێندن و تەندروستی و کاریش بۆ هەمووکەس)، وە (مرۆڤ بەهرەو تواناکانی دوور بخاتەوە لە پیشخواردنەوەی (کبت) کۆمەڵایەتی) (16)

(سروشت بەگشتی دیموکراتیەو ئەرستوکراتی نیە، ئەرستوکراتیەت تەنها لە مرۆڤی درۆزندا هەیە) (17)، (میللەت یەکجار بەختیارە ئەگەر چاو لە سروشت بکات لە دیموکراتی و میانە رەویدا - اعتدال) (18)، (ئازادیی لە کاسپیدانابێت دژی مرۆڤی هەژارو لێقەوماو بێت، نابێت دژی ئەو چینە بێت کە رەنج ئەدات بۆ بەرژەوەندی ئەو چینە کە لە نازو نیعمەتدا پاڵیداوەتەوە) (19)، دیارە ئەو جۆرە کارانە دەبنە هۆی پەرەسەندنی رق و قینی کۆمەڵایەتی و هەڵگیرسانی شۆڕش.

احمد امین هێرشدەکاتە سەر شێوەی پڕۆگرامەکانی خوێندنی ئەو سەردەمەو دووپاتی دەکردەوە کە (هیچ گەلێکی عەرەب مافی ئەوەی نیە کەمنداڵەکانی بە (شێوە خوێندنی) سەدەکانی ناوەراست فێریان بکات، مافی ئەوەی نیە کە پرۆگرامی خوێندنی - سەردەمی عەباسی و ئەمەوی - بکات بە نموونەی بەرزو چاوی لێبکرێت). (20)

پاشان ئەو زۆر بە توندی شێوەی خوێندنی کلاسیکی ئەزهەر رەفزدەکات هەروەهایش حوجرەکان:- (ئەزهەر پێویستە نەبێت بە (تەکیە)و قوتابییەکانی کات بەسەربەرن و لەسەر شێوازی سەدەکانی ناوەڕاست بخوێنن) (21).

هەروەها احمد امین داوادەکات کە ئەزهەر ببێتە زانکۆو پرۆگرامی زانستی تازەی تیا بخوێنرێت، خوێندن هەقە بۆ ئافرەت:- (هەتا ئافرەت پێش نەکەوێت... هەتا ئازاد نەبێت.. هەتا نەخوێنێت" بەهیوای تەواو مەبن بۆ پەیدابوونی نەوەیەکی باشی نوێ) (22)، هەرچەند ئافرەت لە پیاو باشتر پابەندە بە دابونەریت" بەڵام (باشتر لە بارودۆخ تێدەگات و نزیکترە لە ئاواتەکان) (23)، احمد امین پشتیوانی سفورو لابردنی عەبا بوو چونکە سفووریی (نیشانەیە بۆ نەمانی جیاوازیی نێوان پیاوو ژن" نەك بۆ دەرخستنی روخسارو رۆیشتن بۆ سینەما).

احمد امین هەرچەند ئازادیخوازبوو، چەندە دۆستایەتی بوو لەگەڵ سیاسییەکاندا" بەڵام بواری بەخۆی نەدا کە کاری سیاسەت بکات.. لە کتێبی (فیض الخاطر)دا ئەڵێت (رێگای زانستم گرت چونکە دڕکی کەمترەو لە

بەندیخانەو ئەشکەنجەو ئیعدامیش دەترسم), لەگەڵ ئەمەیشدا ئەوەی کە بە هەقیدەزانی" لێی بێدەنگ نەبوو، چەندینجار (لەگەڵ گەورەترین‌و بەناوبانگترین عاقڵ‌و بە توانادا تێکدەچوو، ئەمەیش بوو بەهۆی لێسەندنەوەو بێبەشکردنی لە پلەی (استاذیة) لە کۆلێجی ماف) (24).

هەروەها هێرشیدەکردە سەر دەسەڵاتداران – بەڵام بە شێوەیەکی گشتی – ( فەرمانڕەواکانی رۆژهەڵاتی ئیسلامی, خاوەنی شکۆو سامانی بێسنوورن، بەڵام میللەتیان یەکجار هەژارو نەخوێندەوارن، ئەوان دیلی تەنها ئارەزوو شەهوەتی خۆیانن، ئەگەر کەسێك داوای دامەزراندنی پەرلەمان بکات" بە دژایەتی سوڵتان‌و هاندانی بۆ شۆڕش‌و تێکدانی یاسا گوناهباری دەکەن، ئەوان لە ناو خۆشیاندا دوژمنن‌و نەفرەت لە یەکتر دەکەن‌و بەخیانەت‌و تاوان‌و دزیی یەکتر گوناهباردەکەن، بەدزیشەوە دوژمنەکانی یەکتر پەنائەدەن) (25), پاشان هێرش دەکاتە سەر کاربەدەستە ئیسلامەکانی سەدەکانی (رابوردوو: (تەمەنی خەلافەت کورت بوو.. (30) سی ساڵی خایاند.. دوای ئەو پاشاکان هاتن‌و بە توندیی قەپیانکرد بە دەسڵاتدا، دەوڵەتیان لەسەر بناغەی خێڵەکایەتی, نەك لەسەر ئامانجە ئەخلاقییەکان دامەزراند) (26).

احمد امین بیرۆکەی (فەرمانڕەوای ئایینی – حاکم دین) رەفزدەکرد:– (حکومەت میللەت دایئەمەزرێنێت" نەك قەدەر، نەك هێزێکی نادیار لە پشتەوە) (27), (دەسەڵاتیش – هەچ دەسەڵاتێك – پێویستی بە ئۆپۆزیسیۆن‌و – موعارەزەی بەهێز هەیە, بۆ ئەوەی نەهێڵێت زوڵم‌و هەڵە بکات، ئاشکرایە گەورەترین سەرکەوتن کە بەدەسهات" بەهۆی ململانی سیاسی بوو، وە ئەم دەسکەوتانەی لێرسکا:– چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ، ئەرکی حکومەت خزمەتکردنی گشت چینەکانی گەلە بە یەکسانی). (28) سیستمی کۆماریی باشترین سیستمە چونکە (مرۆڤ هەست بە عیزەتی نەفس‌و سەربەرزیدەکات، چونکە شەریعەتی دەسەڵات لە بنەماڵەی مەلیکەوە یان لە هێزێکی غەیبی‌و نادیارەوە نەهاتووە) (29).

پاشان احمد امین پڕبەدەنگ هاواردەکات: (سەرم سوڕماوە، بۆچی سەرکردەی زاڵم سوورە لەسەر زوڵم کەچی زوڵملێکراو داکۆکی لە مافی خۆی ناکات؟) زانست‌و عەقڵ فاکتەری پێشکەوتنن (ئێمە لە هەموو پێشکەوتنێك لە بواری زانست‌و مەعریفەدا" هەست بە نامۆیی‌و ئاڵۆزیی دەکەین کە دووربین لە سۆزو خەیاڵ‌و دوودڵیی)، أحمد أمین خوازیاری چەسپاندنی رۆحی زانستی‌و لۆجیکی زانستی بوو، خوازیاری وەکارخستنی عەقڵ‌و رێزگرتنی بوو:– (بەپێی زانست‌و یاساکانی.. بەپێی سروشت‌و ژینگە رای خەڵك دەگۆڕێن.. نەك بەهۆی خەیاڵی پڕوپووچ‌و دۆگماو شوێنکەوتن، زانست خەڵك والێدەکات باوەڕیان بەمەبێت کە (ئێستا) دروستکراوی خۆیانەو ئەیشتوانن بیگۆڕن) (30).

بەڵام کێشەکە لە پیاوانی ئایندایە کە (نەیانتوانی ئاین‌و ژیانی عەمەلی پێکەوە ببەستن، چونکە هێندە گرنگیان بە دیاردەو روکەشیی ئەدا" هێندە گرنگیان بە گەوهەرو کرۆك نەئەدا، وە ئەوان گرنگترین هۆن بۆ دواکەوتنی موسوڵمانان لە کاروانی شارستانی) (31).

بۆ لێگەیشتنی دین‌و دنیا, تازەکردنەوە زۆر پێویستەو بگرە حەتمیەو دەبێت هەربێت، پێویستە ئاین‌و تازەگەری پێکەوە بگونجێن، موسوڵمانان (تەنها لە سەردەمی پەیامبەرو ماوەیەکی کورتیش پاش ئەو" پابەندبوون بە دەستوری قورئان، ئیدی لە پاش ئەو ماوە کورتە موسوڵمانان لایاندا لە ئاین‌و گەڕانەوە سەردەمی جاهیلی" بەڵام لەبەرگی ئایندا، پاشاکان بوون بە خوداو شەپۆلی گەشەکردن چەقی‌و هەرچی دەگوترا کاوێژو دووبارە کردنەوەی پێشوو بوو لە هەموو بوارێکدا، دوورکەوتنەوە بوو لە هەموو تازەکردنەوەیەکی ژیان، ئیفلیج بوون لە تێگەیشتنی واقع‌و گۆڕینی بە درێژیی سەدەکان، تەنها لە (5) سەدەی یەکەمدا (اجتهاد) کراوەو

هەوڵدراوە کە ئاین قووڵتر شەرح بکرێت بۆ گونجاندنی لەگەڵ رەوتی ژیاندا، دوای ئەو (5) سەدەیە هەمووی (تقلید)و شوێنکەوتن بووە، دیارە شوێنکەوتنیش چەوتیو لادانە لە رێگای ژیانی راستو کۆسپێکی سەختە لە رێگای گەشەکردنو پێشکەوتن),و بگرە موسوڵمانان:- (رابوردوو بە شکۆمەند دەزانن و ئێستا بەپیسو خراپ دەزانن) گۆڕانو گەشەکردن لە هەموو بوارەکاندا چەقیو تەنانەت زمانیش (لە دوای پێشینان نە فەرهەرنگێك دانراو نە پیشەسازیی پێشکەوت) (32) لە راستیدا (لە رابردوو شتێکمان نیە بۆ پاشەرۆژ مەگەر لە بێژنگی بدەینو ئەوەی بۆگەنی کردووە دووری بخەینەوە) بگرە احمد امین دووپاتی دەکاتەوە کە شوێنکەوتنی کوێرانە راست نییە تەنانەت بۆ پەیامبەریش.. (33).

احمد امین هەوڵئەدات لە تیئۆری (داروین) نزیکبێتو پشت بەم ئایەتە دەبەستێت: (فاما الزبد فیذهب جفاء واما ما ینفع الناس فیمکث فی الارض) کەفی دەریاو رووبارەکان دەڕۆنو بێسوودن (ئەوەی بۆ خەڵك سوودی هەیە لە زەویدا ئەمێنێتەوە) (34).

فەیلەسووف (کۆیلەی بەڵگەیەو تەنها بۆ سوڵتانی عەقڵ سەری شۆڕە، کە بەڵگەی تۆکمە سەلماندی ئەو هەڵەیە" راوبۆچوونەکانی خۆی دەگۆڕێت، وە ئەو بەگومانەو دوورە لە راوبۆچوونی ئامادە..) هەندێك لە پیاوانی ئاینیی قسەی فەیلەسووفان بە پڕوپوچو دژی ئاین دەزانن" بەڵام احمد امین دووپاتیدەکاتەوە (من نازانم ئاین دژی چ جۆرە فەلسەفەیەکەو بەخراپی دەزانێت، دڵ بە ئاین گەشەدەکاتو زیندووە" عەقڵیش بە فەلسەفە) (35).

چاکسازییو ریفۆرم بەرای احمد امین" گەشبینیو روانینە بۆ دوا رۆژ نەك (بە گەڕانەوە بۆلای پێشینان (وەك بازرگان کە نابووتو ئیفلاس دەبێت" دەفتەرە کۆنەکانی هەڵئەداتەوە)، سەدەی زێڕینی ئیسلام" سەردەمی پێغەمبەر بوو (سەدەی زێڕین بوو چونکە سەرچاوەی ئاینو پابەندی بوو بە بەرنامەکەی، بەڵام لە رووی زانستەکانو معاریفی ترەوە سەدەی زێڕین نەبووە) (36), چاکسازییو ئیسلاحی ئاینی بەلای احمد امینەوە پشت بە (اجتهاد) دەبەستێت، اجتهادیش بەلای ئەو (دەرگایە کە لە دەرگاکانی رەحمەت، اجتهادیش رەهایەو بەهیچ مەزهەبێك لە مەزهەبەکان سنووردار ناکرێت، لەسەر بناغەی ئازادی بیروباوەڕ چارەسەری کێشەکانی واقعو ژیانی پێدەکرێت، دەبێت ئیجتهاد لە سنووری مەزهەبەکان تێپەڕێتو لەسەر بنەمای (را - رأی) بێت لە هەموو شتێکدا، نابێت دەق (نص) کۆسپ بێت لەبەردەم اجتهادا" تەنانەت ئەگەر پێویست بوو کاربەدەقیش نەکرێتو بە اجتهاد کاربکرێت.

دەبا باسی تەلارو کۆشکی کتێبەکانی احمد امین بکەین وەك (فجر - ضحی - ظهر الاسلام) کە مێژووی کۆمەڵگەی ئیسلامیە، وێنەیەکی راستەقینەیە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی قووڵی کتێبەکانی مێژوو کەلتووری ئیسلامو موسوڵمانان لە سەرەتاوە تا چەند سەدەیەك.

لە بارەی کۆشكو تەلاری کتێبەکانی احمد امینەوە, طه حسین دەڵێت:- [ لەمڕۆ بەدوا ژیانو مێژووی موسوڵمانان وەك جاران ئاڵۆزو شێواو نابێت" مێژوونوسانی ئەدەب ئیتر بە تۆکمەییو کۆنکریتی قسەدەکەن نەك بە گومانو دوودڵیی، ئیتر لەمەودوا دەتوانن لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر بناغەی زانستیو هونەریی بێت، شایەتی ئەدەم کە احمد امین لەم کتێبانەیداو لەهەردوو بواری زانستیو هونەریدا یەکجار سەرکەوتووە، ئەو بۆ یەکەمجار ژیانی عەقڵیی ئیسلامی ئاشکرا کردوو بەجوانتر لە (وشکی زانست)و کەمتر لە جوانیو ناسکی (خودی هونەر) پێشکەشیکرد]. (37)

ئەمە چ شایەتییەکی قەشەنگە, لە لایەن کێ؟! لەلایەن (طه حسین)ەوە. لە پێشەکی کتێبی (ضحی الاسلام)دا احمد امین دەنوسێت:- [ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو بونیادی یاساییو یاسادانانو بگرە بونیادی (فقه -

شەرعیش کە لە سەدەی پەیدابووندا – عصرالتکوین – خولقاون" گشت ئەمانە (بەر)و بەرهەمی:– تێکەڵبوونو کارلێکی (تفاعل) چەندین شارستانیو (حەزارەتی) هەمە جۆرن، لەو تێکەڵبوونەوە چەندین هەڵوێستو فیکر پەیدابوون کە بێگومان ئەنجامی ئەو تێکەڵبوونەن،وە ئەگەر عەرەب یان فارس بە تەنها ژیابان هەرگیز ئەو هەڵوێستو فیکرانە پەیدانەدەبوون, بە کورتی بەرهەمی موتوربە کردنی عەقڵەکان" چەندین بوونەوەری تازەی بەرهەمهێنا، وەك چۆن تەنە (جسم)کان دەخولقێن] (38).

دیارە احمد امین لە بۆشەوە ئەم قسانە ناکات، بەڵکو هەوڵئەدات رامان بکێشێت بۆ بیرۆکەیەکی تەوەریی (محوري) کە چەندین جارو بگرە بەردەوام دووپاتیدەکردەوە:– [زۆر شت کە دەخرێنە پاڵ حوکمی ئیسلامی وەك دابو نەریتو یاساو قەواعدی ئیسلامی – گشت ئەمانە لەو خەڵکانە وەرگیراون کە عەرەب تێکەڵیان بووە" یان ئەوان تێکەڵی عەرەب بوون (کەواتە دەوڵەت, سیستمو یاساکانیو شێوەی دەسەڵاتی, گشت ئەمانە بەرهەمی فێربوونو وەرگرتنن لەو کۆمەڵگەو گەلانەی کە عەرەب فەتحیکردوون، فەرمانڕەوا تازەکان زۆر شتیان لە ئیمبراتۆریەتی فارسیو رۆمانی وەرگرت، ئەمەویەکان هەموو تواناو هێزیان خستەکار بۆ پاراستنی حکومەتی تازە وەك (دەوڵەتێکی عەرەبی)، ئەوان لەم پێناوەدا کاری خراپیان کردو ئیسلامیش رازی نیە لەو کارانەو چەند کارێکە بە نموونە:–

* ئەسفەهانی لە کتێبی (الاغاني)دا باسیدەکات:– پیاوێکی مەوالی (موسوڵمانی نا عەرەب) کچێکی عەرەبی (بنی سلیم)ی هێنا، (محمد بن بشیر الخارجي) چوو بۆ شارو لەلای والی (ابراهیم بن هشام) شکاتیکرد، ئەمیش (ناعەرەبەکەی) بانگکردو ژنەکەی پێتەڵاقداو (200) قامچی لێدا، سەرو برۆو ریشی تاشی.

* کە (حجاج) چووە ناوچەی (واسط/ عێراق) گشت (نبط)ەکانی لێدەرکرد (رەگەزێکی ناعەرەبن)، نامەیشی بۆ لێپرسراوی بەسرە نووسی (حکم بن ایوب):– بە گەیشتنی ئەم نامەیە گشت (نبط)ەکان دەربکە چونکە ئەوان بۆ دینو دونیا فەسادن، لێپرسراوی بەسرەیش بۆ حجاج دەنووسی:– (نبط)یەکانم بێجگە لە قورئان خوێنو شەرعزانەکان ئاوارەکرد، حجاجیش بۆی دەنوسێتەوە:– بە گەیشتنی ئەم نامەیە گشت پزیشکەکانی شار بانگبکەو لەبەردەستیانا درێژببە بۆ ئەوەی دەمارەکانت بپشکنن، ئەگەر دەمارێکی (نبط)یت تیابوو ببڕە ئیتر سڵاو].(39)

احمد امین ئەم رووداوانە بەمجۆرە باسدەکات: [لەو رۆژگارەدا خواستو ئارەزووی سەردەمی جاهیلی باڵادەستبوو نەك خواستی ئیسلام (40)، پاشان عەباسییەکان بەزەبری تیرۆرمی فارسەکان دەسەڵاتی خەلافەتیان گرتە دەستو (مەوالی) (موسوڵمانانی ناعەرەب) کۆشكو سەنتەرە سەرەکییەکانی دەسەڵاتیان پڕکردەوە، دابو نەریتو رۆشنبیریو جەژنی فارسی باڵا دەستبوون، بەنموونە جەژنی نەورۆزی فارسی" وەك جەژنی رەمەزانی لێهات.. تەنانەت شەرابیش (ابو حنیفە) حەڵاڵی کرد (بەبنەچە فارسیە) چونکە فارسەکان ناتوانن وازی لێبهێنن، دەرهێنەری ئەم سیناریۆ بەمجۆرە رێکخراوە:– (خمر) لە رووی زمانەوە بەمانا شەرابی ترێ، بەڵام شەرابی خورماو مێوژ ئەگەر کەمێك بکوڵێنو هێندە بخورێن کە مەستی نەکات حەرام نیە].

* [شەرعزانەکان لەناو خۆیانداو لە راو بۆچووندا ناکۆك بوون، خەڵك تەنانەت لە بەهاو قیمە ئاینیەکانیشدا کەوتنە فێڵو گزیی (خەڵکی مەککەو مەدینە سترانو گۆرانیان لا حەڵاڵ بوو بەڵام مەی حەرام، خەڵکی عێراق مەییان لا حەڵاڵ بوو بەڵام گۆرانی حەرام.. بەمجۆرە شەرعزانەکان ناکۆك بوونو خەڵکیش بۆی رەخسا مەی بخۆنەوەو گوێ بۆ سترانیش بگرن هەتا ئەو کاتەی شەرعزانەکان یەکڕادەبن] (41).

احمد أمين ئەم چیرۆکانە بەبێ مەبەست باسناکات، ئەو چەندین نموونەی شارستانیمان دەخاتە پێشچاو کە چەندین یاساو دابونەریتو قیەمو پۆشاکی تازەن, خەڵکانێکیش واگوماندەبەن کە ئەوشتانە ئیسلامین، بەڵام (بەر)و بەرهەمی تێکەڵبوونو هاوسەرگیریی (عەرەبە موسوڵمانە)کانن لەگەڵ شارستانیەکانی تردا.

* (ابن المقفع)ی فارسی (یاسای بنەڕەتی (القانون الاساسي) بۆ خەلیفە مەنسور پێشنیارکرد کە [گەورەی موسوڵمانان پشت بە بەڵگەو بۆچوونەکان ببەستێتو خۆی چی بەباش دەزانێت هەڵیبژێرێت، پاشان بیکات بە نوسراوێك بۆ گشت هەرێمو ناوچەیەك، وە هەموو قازیەکانیش ناچاربکات کە ئەنجامیبدەن، ئەگەر ڕووداوی تازەیش پەیدا بوون, پێویستە ئیمامەکان بەپێی پێویست کار بە یاساکە بکەن، ئیتر بەمجۆرەبێت هەتا قیامەت] (42).

دیارە خەلیفە (مەنصور) بەم پێشنیارەی (ابن المقفع) قایل بووە(و) هەولیداوە جێبەجێی بکات، (ابن سعد) لە کتێبی (الطبقات)دا دەیگێڕێتەوە:- [خەلیفە مەنسور کە ویستی بچێت بۆ حەج, پێی گوتم:

- بڕیارمانداوە کە کتێبەکانت کۆپی بکرێتو نوسخەیەك بنێرین بۆ هەموو شارە موسوڵمانەکانو فەرمانیان پێبدەم کە کاریان پێبکەنو لێی لانەدەن.

- منیش گوتم ئەی گەورەی موسوڵمانان! کاری وامەکە، چونکە خەڵك چەندین قسەوباسیان پێگەیشتووە" چەندین چیرۆكو بەسەرهاتیان بۆ باسکراوە، هەموویشیان بەو ڕووداوو نەریتو چیرۆکانەوە ڕاهاتوونو تارادەیەکیش باوەڕیان هەیە، وازیان لێبهێنە خەڵکی هەچ وڵاتێك چی هەڵدەبژێرێت بۆ خۆی ئازادن، (مالك بن أنس) دەیگێڕێتەوە کە:- سەردانی هاروون الرشیدم کرد راوێژی پێکردم کە نووسخەیەك لە کتێبی (الموطأ)ی من لە کەعبە هڵبواسرێتو خەڵکیش ناچاربکات کاری پێبکەن، منیش بە خەلیفەم گوت:- شتیوامەکە، ئەسحابەکانی پێغەمبەر لە کێشە فەرعیەکاندا ناکۆك بوونو ئەوانیش بە وڵاتاندا بڵاو بوونەوە (و) هەموویشیان بۆ چوونیان ڕاستە] (43)

بەمجۆرە هەندێك هەوڵئەدا کە بڵێت:- [ئەو دەوڵەتانەی پێشوو سیستمگەلێکی ئیسلامی بوون، بەڵام لە ڕاستیداو لە بنەڕەتدا یان فارسی بوون یان لە شارستانیو ڕۆشنبیری یۆنانی وەرگیرابوون]، احمد أمین دەڵیت:- [زۆرێك لە عەرەبو موسوڵمانانی وەك (اخوان الصفا، فارابی، ابن سینا، ابن الرشدو چەندینی تر بە چاوێك دەڕواننە ڕۆشنبیری یۆنانیو بە چاوێکی تر بۆ پرنسیپەکانی ئیسلام] (44).

احمد أمین بەخەستی لە بیرۆکەی (بە سیاسەتکردنی ئاین – تسیس الدین) ئەدوێت وە بە کارەساتی دەزانێت هەم بۆ سیاسەتو هەم بۆ ئاینیش.. وە لەبارەی ناکۆکی لەسەر (خەلافة)ەوە دەڵێت[ کە هەندێك بە بیانووی ئاینی داواکاری پلەو پایەی بەرزنو (ئەگەر بە عەقڵ بڕوانینە کێشەکە" بۆمان ڕۆشن دەبێت کە ئەو داخوازیانە کێشەی سیاسینو هیچی تر، ئاین نە بەشێوەی گشتیو نە بەتایبەتی کەس ناسەپێنێت.. بێجگە لە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی، کاربەدەستانی میللەت خۆیان یاسا دابنێن] – یاساکان لەلای احمد أمین دانراوی مرۆڤن (وضعي) وەخۆیان ئەو کەسانە هەڵدەبژێرن کە بەرژەوەندییەکان دابیندەکەنو ئەو کەسانە فنیش دەکەن کە باش نین، وە بۆ هەموو سەردەمێك چی باشە ئەوە هەڵدەبژێرن). (45)

[ئەگەر لە نێو کاربەدەستاندا ناکۆکی پەیدابوو لە بارەی:- چی بکەنو کێ هەڵبژێرن" ئەمە ناکۆکی سیاسیە – وەك حیزبە سیاسیەکانی ئێستا –، بەڵام خراپی لەوەدایە کە ئەم کێشە دەخرێتە چوارچێوەیەکی ئاینیو

(بەرەنگێکی تێری ئاینی) رەنگدەکرێت، بەمەیش هەموو حیزبێکی سیاسی دەبێتە کۆمەڵەیەکی ئاینی، لەبری ئەوەی کارنامەی خۆیان بخەنە پێشچاوی خەڵك لە دەستکەوتو هەڵەکانیان" باسی کوفرو ئیمانو بەهەشتو دۆزەخ دەکەن] (46)، وە [جارجاریش هەندێ لەو حیزبانە بە جۆرێك قسەدەکەن وا دەزانیت یەکێکە لە مەزهەبە ئاینیەکانو کێشەکە (عقیدة)یەکی رووتە, بەڵام کە بە وردیش شیدەکەینەوە بێجگە لە کێشەی سیاسی هیچی ترنیە، وە لە هەموو حیزبێکدا چەندین کەسی پسپۆڕو شارەزا هەنو دەزانن" کە خەڵك حەزدەکەن باسی (داکۆکی لە ئاین) بکرێت نەك باسی بەرژەوەندی گشتی، حەزیان لە هەڵکێشانی شمشێرە بەناوی ئاینەوە" حەزیان لە جۆشدانی ئاگری سۆزو عەواتیفی خەڵکە، لەم کاتەدا خەڵکانێك دێنە کێشەکە لە خودا ناترسن، ئەگەریش دەرکەوت کێشەکە پەیوەندی بە ئاینەوە نییە، چەندین (حەدیس)و چیرۆکی ئاینی درۆ هەڵدەبەستن، بەمجۆرە رۆشندەبێت کە هۆکانی ناکۆکی ئاینی, دەگەڕێنەوە بۆ ناکۆکی سیاسی].

چەندە بێژین لەم بوارەدا هێشتا کەمە، گەنجینەی احمد أمین پێویستی بە کەسانێك هەیە بکەونە پەیجۆرو بیدۆزنەوە، احمد أمین کەڵەزانایەکی بیرمەندو ئازادیخوازە – لیبرال – و هێشتا نەدۆزراوەتەوە.

## پەراوێزو سەرچاوەکان

1) عمر الدسوقی – فی الادب الحدیث – ج1 – ص166.
2) احمد أمین – فیض الخاطر – ج 7 – 192
3) احمد أمین – حیاتی – ص199
4) المرجع السابق
5) احمد أمین – فیض الخاطر – ج6 – ص77
6) احمد أمین – قاموس العادات والتقالید والتعابیر المصریة
7) احمد أمین – حیاتی – ص6
8) احمد أمین – ظهر الاسلام – ج1 – ص24
9) المرجع السابق – ص30
10) احمد أمین – فیض الخاطر – ج1 – ص24
11) المرجع السابق – ج2 – ص 33.
12) المرجع السابق – ج9 – ص184
13) المرجع السابق – ج2 – ص230
14) المرجع السابق – ج10 – ص158
15) المرجع السابق – ج3 – ص177
16) المرجع السابق – ج1 – ص83
17) المرجع السابق – ص106
18) المرجع السابق – ص109
19) المرجع السابق – ج2 – ص32
20) المرجع السابق – ج8 – ص 177
21) المرجع السابق – ج9 – ص131
22) المرجع السابق – ج 8 – ص76
23) المرجع السابق – ج1 – ص262
24) المرجع السابق – ج9 – ص197
25) المرجع السابق – ج5 – ص 193 و ج6 – ص26.
26) المرجع السابق – ج7 – ص34
27) المرجع السابق – ج6 – ص29
28) المرجع السابق – ج10 – ص165
29) المرجع السابق – ج9 – ص125
30) المرجع السابق – ج8 – ص146 و ص24
31) احمد أمین – حیاتی – ص114
32) احمد أمین فیض الخاطر – ج3 – ص175

33) المرجع السايق – ج1 – ص204
34) المرجع السابق – ج9 – ص12وص100
35) عمر الامام - احمد أمين والفكر الاصلاحي العربي الحديث – صفاقس – تونس (2001) – ص246.
36) احمد أمين – مبادئى الفلسفة – ص .132
37) احمد أمين – فيض الخاطر – ج8 – ص215
38) احمد أمين – ضحى الاسلام – القاهرة – طبعة مكتبة الاسرة – (2001) ص.18
39) المرجع السابق – ص.35
40) المرجع السابق – ص.41
41) المرجع السابق – ص45
42) المرجع السابق – ص145
43) المرجع السابق – ص227
44) المرجع السابق – ص229
45) المرجع السابق – ص296
46) المرجع السابق – ص4
47) المرجع السابق – ص5

# أمين الخولي

زۆرجار ليبراليه مێزەربەسەرو بێمێزەرەكان كه باسی تازەكردنەوەی (فیكریئاینی) دەكەن" تووشی چەندین هێرشی سەختو دڕندانه ئەبن، لەناكاو بۆمان ڕووندەبێت كه (شێخ أمین الخولي) زۆرو بەدرێژییش باسی تازەكردنەوەی خودی ئاین دەكات.

شێخ امین الخولی نوسینی كەمه، بەڵام كتێبێكی گچكەی زۆر بەسودی هەیه، وەك ناونیشانی كتێبەكه دەڵێت" فیكری تازەگەریی دەخاته پێشچاو به ناوی (المجددون فی الاسلام)، لەو كتێبەدا باسی بیرو بۆچوونەكانی خویدەكات له بارەی تازەكردنەوەی ئاین، ئەمەیش لەگەشتێكدا لەگەڵ نوسینو بیری چەندین كەسانی (تازەخوازی) ئیسلامی.

(شێخ عبدالصبور)ی نوسەری پێشەكی كتێبەكەی شێخ أمین دەڵێت:- (شێخی بەڕێزمان مامۆستا (امین الخولی) پێمان دەڵێتو دووپاتی دەكاتەوە:- لەم سەردەمەدا واجبێكی ئاینیه كه هەڵوێسته تازەگەرییەكان بخەینه پێشچاوی خەڵك، ئەو هەڵوێستانه لەلایەن زانایانی ئیسلامو هەندێك له كاربەدەستانەوه پێی هەڵساون، ئەمەیش بەنیازی گونجاندن لەگەڵ گۆڕانكارییەكانی ڕۆژگارو شوێنەكانی).

امین خولی دەڵێت:- [هۆشیارانه دەڵێم:- تازەكردنەوەو گەشەكردن حەتمیەو یاسای ژیانو زیندەوەرانه، هەروەها پێویستەو حەتمیه كه (لقەكانی - فروع) ئاین خۆی بگونجێنێت لەگەڵ گۆرانكارییەكانی ڕۆژگارو شوێندا، چونكه سەرەتای (تشریع)و یاسادانان له دورگەی عەرەبداو له مەكەو مەدینەوە دەستیپێكرد، بەڵام ئێستا هەڵگرانی ئیسلام له هەموو شوێنێكی جیهاندا دەژینو بارودۆخی هەموویشیان له یەكتر جیاوازن] (١)

كتێبەكەی (امین خولی) لەبنەڕەتدا شەرحو لێكدانەوەی (2) كتێبی كۆنن:- (التنبئة بمن یبعثه الله علی رأس كل مائة سنة) دانەری (جلال الدین السیوطی) ١١٩ك -)یه، وه (بغیة المقتدین ومحنة المجددین علی تحفة المهتدین) دانەری (المراغي الجرجاوي)یه، ئەم كتێبه شەرحو لێكدانەوەیەكی درێژو قووڵه، زۆربەی بیرو بۆچوونەكانی شێخ امین لەو كتێبەدا باسكراون، شێخ امین رای وایه كه ئەم دوو كتێبه یەكتر تەواو دەكەنو ئەمیش هەردوكیان به بیرو بۆچوونەكانی خۆی تەواو دەكات، شێخ امین لەم دوو ڕوانگەوە وێنەیەكی گەشمان پێئەدا له بارەی بیری تازەگەری ئاینی.

شێخ امین له پێشەكیدا دەڵێت:- (جلال الدین سیوطي) ماوەیەك ڕاماوە كه چۆن شەرحو ڕاڤەی (بیری تازەگەری)و پێویستیو بگرە (حەتمیەتی)یشی بكات، بەڵام له ئەنجامدا پشتی بەم بیرۆكه بەست (ان الله یبعث علی رأس كل مائة سنة مجددا یجدد الدین- خودا لەسەری هەموو سەدساڵێكدا یەكێك دەنێرێت بۆ تازەكردنەوەی ئاین)

سیوطي زۆر به درێژیی ئەو بیرۆكه به شێوەی پەخشان شەرحدەكاتو پاشان به شێوەی هەڵبەست بەم ناوە: (تحفة المهتدین فی بیان اسماء المجددین)، شێخ امین له پێشەكی كتێبەكەیدا دەڵێت:- (سیوتی لەسەرەتاكانی سەدەی (10)ی كۆچیدا مردووە، پێش مردنی خۆی ناوی ئەو كەسانەی باسكردووه كه ئاینیان تازەكردۆتەوه هەتا سەردەمی خۆی، بەڵام بیرۆكەی (تازەكردنەوەی ئاین وه ناردنی (تازەگەرێك - مجدد) لەسەری هەموو (100) ساڵێكدا هەر بووە (و) دەماودەم باسكراوە، لەسەدەی (14)ەی كۆچیدا, یەكێك هاتو به شیعر كتێبەكەی سیوتی تەواوكردو ناوی تازەگەرەكانی) دوای سیوتی باسكرد.

شێخ ئەمین مەبەستی ڕاستەقینەی خۆی له كتێبەكەی ناشارێتەوە.. له ڕۆژگارێكدا قسەدەكات كه هەندێك ڕەفزی تازەكردنەوەی ئاین دەكەنو (نوێخوازان) به دەرچوون له (دەق - نص)و بگرە به كافریش گوناهبار دەكرێن، شێخ ئەمین وەك هەموو خاوەن مێزەرەكان" پەنا دەباتەوە بۆ كانیو سەرچاوەكانی ئیسلام بۆ ئەوەی

بیانکات به سەنگەرێك:- [كە پێشینان لە سەدەی سێی كۆچیدا باسی تازەگەرییان كردبێت - وەك لە پێشەوە باسكرا - ئیدی كەس بۆی نیە رەخنەبگرێت, ئیتر خەڵك بۆی نیە بیرۆكەی تازەگەریی بە شتێكی تازە داهاتووی نۆبەرە تێبگەن، دیارە بە (تێگەیشتنی چەوت) لە تازەگەریی, خەڵكانێك دەبنە قوربانیو مافی خەڵك پێشێلدەكرێت، بۆچی كە هەوڵبدرێت بۆ تازەگەریو پێشخستنی ژیانی كۆمەڵایەتی بەرەو ئاسۆی گەشتر - كاتو توانایەكی زۆر لە شەڕە جنێوو درۆو دەلەسەدا بە خەسار بدەین؟] پاشان دەڵێت:- [كە پێشینان فیكرەی تازەگەرییان دامەزراندو (ناوە)كانیشیان باسكرد ئیتر هەقی خۆمانە ئەو فیكرە هەتا ئەوپەڕی توانا تەواوی بكەین، بەوردی تەماشای ژیانی ئەوكەسانە بكەین كە لەسەری (سەدە)كاندا ئاینیان تازەكردۆتەوە، تەماشای فەرمانڕەواكانو بیرمەندەكانی (مفكرین) ئەو كاتانە بكەین" بەمجۆرە بە تیشكو رووناكی رابردوو" رێگای پاشەرۆژ گەشترو بەرەو گەشەكردن هەنگاوبنێن]. (2).

شێخ ئەمین كە باسی ژمارەیەك لە تازەگەران (مجددین) دەكات بەوكارەی خۆی دەڵێت (ژیاننامەیەكی تازەگەرانە) واتە سۆراخو بەدواداچوونێكی كارەكانی لە بواری تازەگەریدا:- [گرنگیدان بە لێكۆڵینەوە لە هەڵوێستو بیرو بۆچوونیان" بە تێگەیشتنیان كە ئیسلامو چۆنیەتی تەفسیرو لێكدانەوەیان، ئەمەش بەنیازی راستكردنەوەی تێگەیشتنی ئێمە لە ئاین، بەمجۆرە دەتوانین بەرەو گەشەكردن هەنگاوبنێین]، پاشان بەداخو كەسەرەوە دەڵێت [وا گوماندەبەم كە ئاستی كردارو بیركردنەوەی تازەگەران نەچۆتە ئاستی ژیانی ئەمڕۆ بگرە بۆ ئەنجامدانی جەسارەتمان نیە، چونكە كۆنەخوازو شوێنكەوتوان (المقلدون) لە كردارو تێگەیشتندا وشكن، وە بەتەمو بگرە تاریكیشیان راستیو حەقیقەتیان ون كردووە، بەرادەیەك نازانرێتو ئەگەر لەمڕۆدا زانایەكیش تێبگات" قسەكانی نامۆو لێڵن] (3).

شێخ ئەمین باسو لێكدانەوەی ئەم دوو كتێبەی كردو بە (بەلەم)ێك بۆ بەرەنگاریكردنی شەپۆلی كۆنەپەرستیو دواكەوتنو دۆگمای عەقڵ، وە بۆ لێكدانەوەی بیرو ئامانجەكانی خۆی [مەبەست لەم كتێبە پشتگیریی بیری تازەگەرییو لێگەیشتنە، هەستكردن بە ژیان پێویستی بە تازەگەرییو گەشەكردن هەیە, ئەمەیش بە نیازی لێگەیشتن لە ئیسلام بە شێوەیەكی گەشو زیندوو.. ژیانیش مافی خۆیەتی كە باش بیپارێزینو لێیتێبگەین، وە رزگاریبكەین لە شەڕە جنێوو قسەو قسەڵۆك كە لەمەوپێش ئاماژەم بۆكرد، بۆ گەیشتن بەو ئاواتانەو نەهێشتنی ناكۆكی" دەبێت ئەوانەی كە نەزانو بێئاگان بێدەنگبن، ئەوەیش لە یادی نەماوەو توانای لێگەیشتنی هەیە، وەبیری بهێنرێتەوە.. ئیتر نابێت ئەو دوو گروپە شەڕەقسە بكەنو خۆیان ماندووبكەن, چونكە ئەو كارە درێوانە دەبنە كۆسپ لە رێگەی پێشكەوتندا] (4).

بابچینەوە بۆ لای كتێبەكەی شێخ ئەمین.. لە دێڕی یەكەمەوە باسی پێویستی (تازەكردنەوە) دەكات، چونكە موسوڵمانان هەموو سەد ساڵێك پێویستیان بە كەسێك هەیە ئاینەكەیان بەپێی بارودۆخی ژیانو پێداویستیەكانیو شتەتازەكانی بۆیان نوێ بكاتەوە.. لە سەدەی سێیەمی كۆچییەوە نوێكردنەوە ئەركێكی پیرۆزو پێویستە، وە تازەگەرەكان (مجددون) زۆر بەڕێزەوە باسكراونو بگرە خراونەتە ریزو پایەی (پێغەمبەریی - نبوة).

ئەم پلەو نیشانەیە لە زاری كەڵە زانایانەوە باسكراوە وەك دەڵێن:- ئەگەر لەپاش پێغەمبەر (د.خ) پێغەمبەرێكی تر ببایە" (غەزالی) دەبوو، چونكە هەندێك لە كتێبەكانی موعجیزەنو لە ئاستێكی باڵادان، كەڵە زاناكانو (سیوتی) لە كۆتایی كتێبی (التنبئة)دا ئەڵێت:- لەم گەلەداو لە هەموو سەد ساڵێكدا زاناو داناكان دەمرن، خودا چەندین پێغەمبەرو دانا دەنێرێت، خەڵك دەگێڕنەوە بۆلای خودا، ئەو تازەگەرانە جارێك,

به (وەك پێغەمبەری سەردەم)و جارێك بە (پێغەمبەر) وەسفیان دەکەن‌و ئەرکەکانیان یەکجار بەرزن‌و چاکسازی گشتین).

ئا لێرەدا رۆشن‌و ئیسپات دەبێت کە:- مادام هەموو سەد ساڵێك تازەگەرێك پەیدا دەبێت" کەواتە نوێکردنەوە واجبەو هەوەسکاریی نیە، بەڵام مەرج نیە یەك تازەگەربێت‌و دەکرێت لە سەردەمێکدا یان لەیەك سەدەدا چەندین تازەگەر بێنە کۆڕی کارکردن، ئەمەیش بەپێی گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکان.. [بەم روانگەو ئاراستە عەمەلیە" دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تازەگەریی, ژیان لە نالەباری‌و لادان دەپارێزێت‌و بانگەوازی هەقە، کۆمەڵگا لە تێشکان‌و تەشەنەی گەندەڵی دەپارێزێت، دیارە تازەگەریی لە سەرەتای هەموو سەدەیەکدا کارێکی شۆڕشگێڕانەیە.. لە کاتێکدا کە دڵەکان رەق‌و بێرەحم دەبن]. (5)

پاشان شێخ ئەمین دەڵێت:- [تازەگەریی بزوتنەوەیەکی بەردەوامە.. زۆرجار لەناو سەدەیەکدا (نەك سەری سەدە) کەسانێك هەڵدەکەون کارامەترو باشترن لەو کەسانە لەسەر سەدەکاندا هەڵدەکەون، تەنها مەبەست لەسەدە ئەمەیە کە:- تازەگەریی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نەگۆڕەو بەردەوام لە هەڵچوونەو بەدرێژیی رۆژگار دووبارە دەبێتەوە.. بە تایبەتی لە کاتێکدا ژیان پێویستی بە راستکردنەوە هەیەو لە ئامانج‌و ئاواتەکان لایداوە] (6)

بەڵام شێخ ئەمین وریاماندەکاتەوە کە تازەگەریی زانستی‌و راست‌و پێویست هەیەو تازەگەریی ساختەو درۆیش هەیە، تازەگەریی وەك هەموو جەنگێك کەسانێك بۆ بیرۆکەیەك" یان مەزهەبێك بەکاریدەهێنن ئەمەیش تازەگەریی نیە..

شێخ ئەمین بزوتنەوەی (القاديانية) لە هیند ئەکات بە نموونە کە بۆ چەندین وڵاتیش پەلی کوتا (وەك) میسر، رابەری ئەم بزوتنەوەیە (میرزا غولام احمد)ە کە سەرۆکی (قادیان)ە، لە میسر نامیلکەیەکی میرزا بە ناوی (الاستفتاء – راپرسی) بڵاو کرایەوە، ئەم نامیلکە بەشێکە لە کتێبی (حقيقة الوحي).. لەسەر بەرگی ئەم کتێبە نازناوی (المسيح الموعود والمهدي المسعود)ی لە خۆی ناوە. (7).

میرزا غولام لە کتێبەکەیدا دەڵێت: (خودا لەسەری سەد ساڵەدا منی ناردووە بۆ تازەکردنەوەی ئاین‌و روخساری میللەت گەشکەمەوە.. بۆ پەیرەوکردنی فەرمانەکانی پێغەمبەر, بۆ چاکسازی‌و نەهێشتنی گەندەڵیی... بۆ چالاککردنی شتە پووکاوو لاوازەکان. من ئەو مەسیح‌و (مهدي)یەم کە خودا بەڵێنی پێداون‌و سروشی بۆ ناردوون.. من خودا" وەك پێغەمبەرە بەرێزەکان قسەی لەگەڵ کردووم). (8)

بەمجۆرە شێخ ئەمین لە تازەگەریی راست‌و ساختە هۆشیارمان دەکاتەوە, بگرە شێخ ئەمین- (قادیانی) – بە دروستکراوی بەریتانیا گوناهباردەکات، بەریتانیای داگیرکەری هیند بۆ پەرتکردنی بیری موسوڵمانانی ئەوێ دایتاشی بوو، جێگەی سەرسوڕمانە کە خودی میرزا خۆی بەمە ئیعترافدەکات, چونکە بەریتانیا باوکی بۆ ئازادکردووە (و) گەڕاوەتەوە بۆ (میرنشینی قادیان), ئەمەیش نیعمەتێکی یەزدانیەو (خودای گەورە لە باسی عیساو دایکیدا دەڵێت:- خۆی‌و دایکیمان خستە بەهەشت‌و ئاسودەمانکردن، منیش خودا (عیسا ئاسا) دەسەڵاتی بەریتانی وا لێکرد کە شوێنێکی باش‌و ئاسودەم بۆ دابینبکات). (9)

شێخ ئەمین لە پاش ورياکردنەوە" بێزاریی دەرئەبڕێت:- (ئێمە زۆر لەسەر ئەم (تازەگەر)و بەرنامەکەی ناڕۆین.. باخۆی‌و بەرنامەکەی‌و هەوادارانی برۆن بۆلای بەریتانیاو بەشی هیندی ئیسلام‌و هێندی بتپەرست‌و گشت وڵاتانی تر.. خودا ئازادیان بکات) (10).

جەنگی شێخ ئەمین لە پێناوی تازەگەریی" کۆنەو بەردەوامیش تازە دەبێتەوە، وتارێکی لە گۆڤاری (الرسالة)دا لەژێر ناوی (التجديد في الدين – تازەگەریی لە ئایندا)(11), بڵاوکردەوە، لەو گوتارەدا

دووپاتیدەکاتەوە:- (بۆ ئەوەی ئیسلام لە هەموو سەردەمێك و لە هەموو شوێنێکدا زیندوو و کارابێت، پێویستمان بە تازەکردنەوەی ئاینە).

شێخ ئەمین لە کتێبەکەیدا چەندین جارو لە چەندین شوێندا ترسناکترین پەرەگراف دووپاتدەکاتەوە کە (تەنانەت شتەکانی پەیوەند بە بناغەی بڕواو بە بناغەی حوکمە عەمەلییەکان، دەبێت ئەوانیش دوورنەبن لە گەشەکردن (تطور).

تازەگەریی کارێکی بەردەوامە.. تازەگەر لەگەڵ هەمووشتێکی تازەدا پێویستە ئەویش بەردەوام بێت، باشترین نمونەیش (ئیمامی شافعی)یە، ئەو کەهاتە میسر بوو بە خاوەنی (2) مەزهەب، مەزهەبێکی لە بەغداو مەزهەبێکی تازەی لە میسر، هۆی ئەمەیش بەرای شێخ ئەمین دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی ژینگەو گۆڕانکاریی مادیو کۆمەڵایەتیو ئابووری..

(ساناو ساکاریی لە باوەڕدا -عقیدة- ڕێگەنادات بە ناکۆکی (کەم تا زۆر) لەگەڵ نهێنیەکانی گەردووندا، ساکاریی لە باوەڕدا (بە) باسی غەیبو شتە خەیاڵیەکان قورسو ئاڵۆزدەبێت)، (ئیسلام هیچ کۆسپێکی نیە لەبەردەم مرۆڤدا بۆ لێکۆڵینەوە لەگەردوونو سروشتو بەکارهێنانی بۆ خزمەتی خۆی (وەك لە قورئاندا هەیە) ، کۆسپەکانی بەردەم مرۆڤ تەنها پاشماوەی چەند باوەڕو بۆچوونی خەڵکانێکە کە لەسەردەمو رۆژگاری خۆیاندا هێندەیان زانیوە.. ئاستی رۆشنبیریان هێندە بووە، دیارە ئەو بۆچوونو ئاستی رۆشنبیریانە لەگەڵ عەقڵیەتو گەشەکردنی ئەم سەردەمەدا ناگونجێن، بگرە نەك عەقڵیەتی ئەم سەردەمە، لەگەڵ عەقڵیەتی تازەگەریی لە سبەینێی نزیكو دووریشدا ناگونجێن). (12)

(ئیسلام بۆ تێگەیشتن لە گەردوونو ئەسڵی ئادەمیزاد، دەرگای گۆڕانو تازەگەرییو ئیجتهادی لە سەرپشتە، چونکە قورئان کە سەرچاوەی بەرنامەیە، تێنەگلاوەو تووش نەبووە (توریط) بە باسی چۆنێتی پەیدابوونی ژیان لەسەر زەویو دەرکەوتنی ئادەمیزاد) پاشان پێویستە (ئەو دەقە کەمانە کە کورتو ئاڵۆزو رۆشن نین، وەك خۆیان بمێننەوە، بەبێ ئەوەی بە قووڵییو بەربلاویو کەمتازۆر شەرحو راڤەبکرێن، لە دوارۆژدا زانست خۆی لە رەوتی گەشەکردنیدا" مانای ئەو دەقە کورتانە باسدەکات.. ئیسلام ئاسوودەیەو خۆی دوور دەگرێت لەو تێوەگلانەو بۆ زانستی بەجێدێڵێت چی دەکاتو چۆن فریومانئەدات، ئیسلام ئاشکرایدەکات کە هەموو دەسکەوتو بەرهەمەکانی زانستی پێقبووڵە) بەمجۆرە (ئیسلام خۆی رزگار دەکات لەو کۆڵەگرانەو چەندینی هاوشێوەی لە:- چیرۆکی یەکلایەنە، یان شەرحکردنو لێکدانەوەی چەندین دەقی قورئان بە ساویلکانەی پێکەنیناوی) (13)

پاشان شێخ ئەمین (بە) بەڵگەی خودی قورئان دەیسەلمێنێت کە تازەگەریی پێویستەو مرۆڤ خۆی لێی بەرپرسیارە:-

- (ان الله لا يغير ما بقوم حتى يغيروا ما بأنفسهم) - 11/الرعد).
- خودا لە هیچ گەلێك ناگۆڕێ، تا ئەوان لە دڵیان نەگۆڕن.
- (وما يريد الله ليجعل عليكم من حرج) - 6/المائدة)
- خودا نایەوێت بتانخاتە تەنگانەوە.
- شێخ ئەمین پشت بە بیرۆکەیەکی بنەڕەتی شەرع دەبەستێت کە دەڵێت (الضرورات تبيح المحظورات) شتە ناچارییەکان شتە مەمنووعەکان حەڵاڵدەکەن) ئەمەیش مەبدەئێکە قورئان بڕیاریلێداوە:- (فمن

اضطر غير باغ ولا عاد فلا أثم عليه). (173/ البقرة). بەڵام هەر كەسێ لەكاتی ناچاریو بەبێ ئارەزوو, هەر بەشی تێربوون بخوات هیچ گوناهێكی ناگات.

- (وقد فصل لكم ما حرم عليكم إلا ما اضطررتم إليه) آية (119/ الأنعام):- خودا هەموو شتە حەرامەكانی بۆ باسكردوون, بێجگە لەو شتانەی كە ناچارین). پاشان شێخ ئەمین بۆ (بەشێكی - فصل) كتێبەكەی ئەم ناونیشانەی داناوە: (التطور في العقائد - گەشەكردن لە باوەڕەكاندا)، خۆیشی دەزانێت كە زۆر كەس لەبەردەم (گەشەكردنی عەقائد)ا، هەڵوێستەدەكەنو دەڵێت:-

(بێگومانم خەڵكانێك بەم ناونیشانە مۆنو گرژ دەبن، وا دەزانن باوەڕ هێندە نەگۆڕو پتەوە" دەگاتە سنووری چەقینو (جمود)، وە گۆڕینو بیرلێكردنەوەی بۆ نییە)،

ئەمەیش بەرای شێخ امین راست نیە.. [لەمەوپێش لە باوەڕ بە زاتی خودا ناكۆكی بووە لەگەڵ ئەوەی لە قورئاندا هەیە، هەروەها لە سیفەتەكانی یەزداندا كە كامیان نەگۆڕەو سابیتەو كامیان دەگۆڕێت؟) پاشان دەڵێت (تطور لە عەقائدا دەشێتو مومكنەو بگرە ئەمڕۆ واجیبە، چونكە ژیان وا دەخوازێت" چونكە بۆ ئاینداریی (تدین)و پاراستنی" تازەگەریی پێویستە لە ئایندا، بۆ ئەوەی بسەلمێت كە ئاین دەكرێتو دەشێت بمێنێتەوە، وە ئەتوانێت لەگەڵ رەوتی ژیاندا بەشێوەیەك خۆی بگونجێنێت كە ئیمانو عەقڵ پێكەوەدۆستبن نەك ئیمان لە عەقڵ بسڵەمێتەوە، وە ئاین ببێتە دەستوری ژیانو واقعی جێگیر].

شێخ ئەمین (لەسەر هەقە) كە دەبێنێت نەوەی نوێ پێویستی بەوە هەیە كە (عەقیدەو باوەڕ بگونجێتو كۆكبێت لەگەڵ پێویستیە دەروونیەكانو كەشوهەوای زانستیو هەڵوێستیان.. ئێستا رۆژگارێكە مووشەك دەگاتە هەموو شوێنێك، ژیان لە هەسارەكانی تردا كە چەند دوورن" ئەدۆزنەوە، ئیتر هیچ پێویستنیە دڵپاكانەو ساویلكانە باسی (غەیبیات) بكەین كە ئاین بە روونیو بەدرێژیی ئەمری پێنەكردوون). (14)

شێخ بەداخو كەسەرەوە دەپرسێت [هەموومان ئەمڕۆ بە ئاسانی (وێنە) دەبینین كە دەبزوێتو قسەدەكات.. فێرماندەكات.. شتمان بۆ ئیسپاتدەكات وە ئایا رەوای عەقڵە بە نەوەی نوێ بێژین وێنە گرتن حەرامە.. وە سەخترین عەزاب لە رۆژی قیامەتدا بۆ وێنەگرانە؟ لە كاتێكدا تۆیشو ئەوانیش پێویستیان بە وێنەگرتنە لە گشت بوارە هونەرییو پیشاندانو روونكردنەوەی ئاینیو باوەڕدا] (15).

هێدی هێدی شێخ ئەمین بۆ باسێكی گرنگترو مەترسیتر كێشماندەكات بە ناونیشانی (تطور العبادات - گەشەكردنی ئەركە ئاینیەكان)، ئەو بە درێژیی باسی پێویستی گۆڕاندەكات لە عیبادات: (هۆكانی جووڵەو گواستنەوەئێستا گۆڕاون، دەكرێت ئێستا باسی نوێژبكرێت لەسەر پشتی وڵاخو بەلەم.. یان زەكات كە لە قورئاندا رێژەكەی دیارینەكراوە، ئایا دەكرێت بچینەوە بۆ سیستەمی هۆقەو باتمانو مەن.. یان مەسەلەی بازرگانیو قەرزەكان؟ گشت ئەمانە گۆڕاون، یان حەج، ئەو وڵاتەی كە حەجی تیادەكرێت ئەویش گۆرانكاری بەسەردا هاتووە.. یان چی بكرێت لەو هەموو گۆشتی قوربانیو روبارە خوێنە.. یان چۆن هەڵەو پێشێلكارییەكان لە (احرام)و شتەكانی تردا چارەسەربكەین؟) (16)

شێخ ئەمین الخولی شەرحەكەی یان پێشەكیەكەی - چی پێدەڵێی بیڵێ - لە (67) لاپەڕەی قەوارە گەورەدا بەم نوسینە كۆتایی پێدەهێنێت:- [ئێمە بە دڵنیایی دەگەینە ئەم ئەنجامە كە تازەگەریی لە ئایندا، تطورو گەشەكردنە، گەشەكردنی ئاینیش- بەراستی كۆتایی تازەگەرییە، مەبەستی ئێمەیش لەو شتانەی كە باسمانكردن تەنها ئەمەیە كە ببنە پێشەنگی ئیمانداریی، وە پێشەكیەك بن بۆ باسكردنو لێدوانی روون لە تازەكردنەوەی ئاین) (17) ئێمەیش لێرەدا دەوەستین, ئەمەیش بەشێكی كەم بوو لە دەقەكانی ئەو دووكتێبە].

## پەراوێزو سەرچاوەکان


1) امين الخولى – المجددون في الاسلام – مكتبة الاسرة – القاهرة – (2001) – مقدمة الشيخ عبدالصبور مرزوق نئب رئيس المجلس الاعلى للشؤون الاسلامية بمصر.
2) المرجع السابق – مقدمة اشيخ امين الخولى.
3) المرجع السابق ص 12
4) المرجع السابق ص 13
5) المرجع السابق ص20
6) المرجع السابق ص 25
7) الميرزا غلام احمد – الاستفتاء – ثاكستان (1378هـ) طبع تحت اشراف وكالة التبشير للتحريك الجديد – الفلاف.
8) المرجع السابق – ص11
9) المرجع السابق ص46
10) امين الحولي – المرجع السابق – ص32.
11) الرسالة – مقالة امين الخولى – التجديد في الدين – شباط/ 1933.
12) امين الخولى – المجددون فى الاسلام - المرجع السابق ص 38
13) المرجع السابق ص 45
14) المرجع السابق ص 58
15) المرجع السابق ص58
16) المرجع السابق ص 59
17) المرجع السابق ص63
18) المرجع السابق ص67.

## چەند خاڵێکی گرنگ

**ن / د. رفعت سعید**

1) هەرگیز نامەوێت خوێنەرانی ئازیز وا تێبگەن کە گشت نوسین‌و هەڵوێستەکانی ئەم کەڵە زاناو رۆشنبیرانەم لەم کتێبەدا باسکردووە، ئەم کتێبە تەنها مشتێکە لە خەرمانێك، ئەم ئیمامانە لە ململان‌و جەنگی لیبرالی (لە بواری فیکری ئاینیدا) خەباتیانکردوە، زۆرجاریش لە فیکری ئاینەوە" یان بە پشتگیری فیکری ئاینی تێکۆشاون، ئەوان ئاسەوارو کەلتوورێکی یەکجار دەوڵەمەندو بەرێژەنیان جێهێشتووە" کە زۆر سەختە لە هەمووی یان لە زۆربەی تێبگەین‌و بگرە ئاماژەیش بۆ هەمووی بکەین.

من کە لەبارەی ئەم (مێژەرە لیبرالی)یانەوە دەنووسم" مەبەستم بەشداریکردنە لەو جەنگەی کە هەتا ئێستایش بەردەوامە، لەو جەنگەدا کۆلکە موسوڵمانە بیرتاریکەکان ناچاریان کردووین کە راوبۆچوونی (میزەر بەسەرەکان) بکەین بە بەڵگە، دیارەو سەلماوە کە ئەو مێزەرانە قووڵترین شارەزان لە کاروباری ئایندا.

2) بابەتەکانی ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا لە بارەی جەنگ‌و ململانی لیبرالی‌و ئازادیخوازیی بووە، لەوە دەترسم کە خوێنەری ئازیز وا تێبگات کە ئەم بیرمەندانە تەنها ئەو شتانەیان باسکردووە کە من ئاماژەم پێداون‌و ئیتر باسی شتی تریان نەکردووە, بەڵام ئەوان لە چەندین بوارو کێشەی تردا چەندین نوسینی بەپێزو هەڵوێستی بوێریان بووە بەدەر لە بابەتی ئەم کتێبە، بگرە هەندێکیان کە سۆراخی نوسینەکانیان دەکەین وا دەزانین کە ژیانیان بۆ ئەم جەنگ‌و ململانە تەرخانکردووە.

3) من لەم کتێبەدا تەنها باسی چەند (مێزەر)ێکم کردووە کە میسرین (یان خزمەتی میسریان کردووە) وەك (کواکبی)و.. بەڵام دڵنیام جەنگی رۆشنگەریی‌و تازەگەرییی لە وڵاتە عەرەبی‌و ئیسلامییەکانی تریشدا بووە، بەڵام لە سەرەتاوە لە میسرەوە گەرم بووە. منیش لە کتێبی یەکەمدا کە باسی تەوژمی لیبرالیم کردووە" چەندین لاپەڕەم بۆ تەوژمەکانی (تیارات) وەك (مارکسیەکان – ئیخوان المسلمین – ناسرییەکان‌و – تجمع) تەرخانکردووە، بەڵام هەموو ئەمانە لە بارەی میسرەوە بوون، ئێمە هەر هێندە تواناما ن هەیەو هێندەیش دەزانین‌و سنووری ئاوات‌و خۆزگەمان لە میسردایە.

4) مێزەر بەسەرەکان تەنها ئەمانەنین کە لەم کتێبەدا باسمانکردن – وەك گوتم – من خۆم زۆر ماندوو نەکردووە، بێگومانم زۆر بووە" زۆریشیان نووسیوەو کاری زۆریشیان کردووە، بەڵام تیشك نەخراوەتە سەریان‌و مێژوویش بێدەنگانە لوولیداون‌و بگرە زوڵمی لێکردوون.. بە نموونە:– لە کاتێکدا سەرقاڵی نوسین بووم" هەندێك نووسینی لیبرالیانەی (شێخ طنطاوی جوهری)م دەسکەوت کە گوزارشت لە شارەزایی‌و زانیارییەکی یەکجار بەرز دەکەن، بەڵام کەوتمە پشکنین بە دووی نوسینی تریداو سەرکەوتوو نەبووم، هەروەها چەندین ئەستێرەی دی هەن لە ئاسمانی (فەتوا)و (فیقە)ی رۆشندا، بەڵام پێویستە ئەوبەرهەمانە کەسانێکی پسپۆڕو شارەزا لە شەرعدا بیانپشکنن‌و تاوتوویان بکەن، ئەو بەرهەمانە زۆر نزیکن لە رۆشنگەریی‌و دەچنە رێزی (فیقە) نەك لیبرالیەت، وەك نووسینەکان‌و فەتواکانی شێخە گەورەکانی (ابو زهرە، شلتوت ، مخلوف‌و..) کەواتە ئێمە لە نێو چەندین زانای شارەزادا" باسی چەند کەسێکمان کردووە نەك هەمووی.

5) ئێمە بەڵێنماندا کە لە بارەی تەوژمی لیبرالی بەگشتی بنوسین، بەڵام ئەم کتێبەمان تایبەت بوو بە (مێزەرەکان) بە تەنها، ئێمە ئەو بەڵێنە قەرزەو دەبێت تەواوی بکەین‌و لە بارەی رۆشنبیرە لیبرالیەکان‌و حیزبی (وفد) وەك ناوەڕۆکێکی لیبرالی.. ئەوە قەرزەو لەسەر شانمان ئەگەر تەمەن بەو ئەرکە رابگات.

**سەرچاوەکان**

**کتێبە عەرەبیەکان:-**


1. ابوبكر الطرطوش – سراج الملوك
2. ابوحامد الغزالی – إلجام العوام عن عام الكلام
3. ابوحامد الغزالی – رسالة ايها الولد
4. ابوالحسن الماوردی – الاحكام السلطانية.
5. احمد امين – فيض الخاطر
6. احمد امين – قاموس العادات والتقاليد والتعابير المصرية.
7. احمد امين – ضحى الاسلام
8. احمد امين – ظهر الاسلام
9. احمد امين حياتی
10. احمد بدوي – رفاعة رافع الطهطاوی
11. د. احمد عزت عبدالكريم تاريخ التعليم فی مصر.
12. احمد عرابی – كشف الستار عن الاسرار
13. احمد شوقی – الشوقيات.
14. البرت حورانی – الفكر العربی في عصر النهضة.
15. امين الخولی – المجددون في الاسلام.
16. البقلاني – التمهيد.
17. جرجی زيدان – تأريخ أداب الغة العربية.
18. جلال الدين السيوطي – حسن المحاضرة.
19. جمال الدين الافغانی – الاعمال الكاملة – تحقيق د. محمد عمارة.
20. جمال الدين الافغانی – الرد علی الدهريين.
21. جمال الدين الافغانی – خاطرات جمال الدين الافغانی الحسينی.
22. جمال الدين الشيال – التأريخ والمؤرخون فی القرن التاسع عشر.
23. حافظ ابراهيم – (ديوان).
24. د. حسن فوزی – رفاعة الطهطاوی.
25. خالد زياده – ظهور المثقف العربي.
26. د. رضوان السيد – الاسلام المعاصر.
27. رفاعة الطهطاوی – تخليص الابريز فی تلخيص باريز
28. رفاعة الطهطاوی – مناهج الالباب المصرية في مناهج – الأداب العصرية.
29. رفاعة الطهطاوی – المرشد الامين للبنات والبنين
30. رفاعة الطهطاوی انوار توفيق الجليل فی اخبار مصر وتوفيق بنی اسماعيل.
31. د. رفعت السعيد – تأريخ الفكر الاشتراكي فی مصر.
32. د. رفعت السعيد – الاساس الاجتماعی للثورة العرابية
33. د. رفعت السعيد – تأريخ الحركة الشيوعية المصرية (خمسة مجلدات).
34. د. رفعت السعيد – الارهاب اسلام أم تأسلم.

35. د. رفعت السعيد - التنويز عبر ثقب ابرة.
36. د. رفعت السعيد – التيارات السياسية فى مصر.
37. سعيد الافغانى – نابغة الشرق – جمال الدين الافغانى.
38. سليم خليل نقاش – مصر للمصريين (ستة أجزاء).
39. السيد يوسف – رائد الاجتهاد والتجديد فى العصر – الحديث الامام محمد عبده.
40. صالح بك مجدى – حلية الزمن بمناقب خادم الوطن رفاعة بك رافع
41. د. عاطف العراقي – العقل والتنوير فى الفكر العربي الحديث.
42. عباس العقاد – محمد عبده.
43. عبدالرحمن الرافعى – جمال الدين الافغانى – باعث النهضة.
44. عبدالرحمن الكواكبى – (الرحالة ك) – طبائع الاستبداد فى مصارع الاستعباد.
45. عبدالرحمن الكواكبى – أم القرى.
46. عبدالرحمن الكواكبى – الاعمال الكاملة – تحقيق د. محمد عمارة.
47. د. عبدالعزيز الرفاعى – فجر الحياة النيابية فى مصر.
48. عبدالعزيز فهمى باشا – حياتى.
49. عبدالقادر المغربي – جمال الدين الافغانى.
50. د. على باشامبارك – الخطط الجديدة لمصر - القاهرة ومدنها وبلادها القديمة والشهيرة.
51. على عبدالرازق – الاسلام واصول الحكم.
52. عزيز ميرهم – الديمقراطية.
54. عمر الامام – احمد أمين والفكر الاصلاحى العربي الحديث.
55. عمر الدسوقي – فى الادب الحديث.
56. د. غالى شكرى – النهضة والسقوط في الفكر العربي الحديث.
57. فهمى جدعان – اسس التقدم عند مفكرى الاسلام.
58. القاضى عبدالجبار – المغنى.
59. محمد رجب البيومي – الازهر بين السياسة وحرية الفكر.
60. محمد رشيد رضا – تأريخ الاستاذ الامام.
61. محمد طاهر عاشور – نقد علمى لكتاب – الاسلام واصول الحكم.
62. محمد صبيح – موقف حاسمة فى تأريخ القومية العربية.
63. محمده عبده – الاعمال الكاملة – تحقيق د. محمد عمارة.
64. محمد عبده – الاسلام دين العلم والدين.
65. د. محمد فؤاد شكرى – بناء دولة محمد على
66. د. محمد كامل ضاهر – الصراع بين التيارين الديني والعلماني.
67. محمد محمد حسين – الاتجاهات الوطنية فى الادب المعاصر.
68. محمود عزمى – خبايا سياسية
69. الميرزا غلام احمد – الاستفتاء.
70. نصوص مختارة من الامام محمد عبده.
71. د. هاشم شرابي – المثقفون العرب والغرب.

**معاجم ووثائق**

1. المعجم الفلسفي – د. مراد وهبه.
2. المعجم الفلسفي – المختصر – موسكو
3. الموسوعة الاشتراكية – دار الهلال
4. رسالة الخديوي توفيق الى جناب الباب العالي ردا على فرمان توليته.

**(المجلات)**

1. الاهرام – 1876 و 1924.
2. الثقافة – 1965
3. الرسالة – 1933
4. الطليعة – 1965
5. السياسة – 1925 - 1926
6. المقتطف – 1925 – 1926
7. المؤتمر – 1343 هـ
8. المنار – 1342 هـ
9. مجلة مجمع اللغة العربية 1962
10. الهلال – 1925 – 1928
11. تحولات – 1991

**چەند سەرچاوەیەك بە زمانە بیانیەكان**

1. Crome (Lord) Modern Egypt.
2. Gabriel Baer – A History of Landownership in modern Egypt.
3. H.A.R. Gibb – wither islam.
4. Louis Gardat – Les Hommes de L 'islam.
5. Valentine chiral (sir). The Egyptian problem.
6. Wilfrid Blunt – Secret History of the English occupation of Egypt.